# ڕێبازی کۆمەڵە لە تۆی بەڵگەکانیدا



ئەیوب ئەیوبزادە

**گۆڤاری پێشڕەو لە ژێر هوردەبینیی لێکۆڵینەوەدا**

لەم ڕۆژانەی دواییدا پێشڕەو، ئۆرگانی سازمانی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران، پێی نایە دەرچوونی 200 مین ژمارەی خۆیەوە. بە لەبەرچاوگرتنی ئەوە کە لە ژیانی سیاسی و ڕێکخراوەیی کۆمەڵەدا ئەم بڵاوکراوەیە ڕۆڵێکی گرینگی گێڕاوە، ڕەنگە ئەمە هەلێکی لەباربێ بۆ هەڵسەنگاندنێکی بابەتیانەی ئەم گۆڤارە لە ماوەی ئەو200 ژمارەیەدا. بەم بۆنەیەوە لەم وتارەدا هەوڵ دەدەم بەگوێرەی پێویست تیشك بخەمە سەر وێستگە گرینگەکانی دیرۆکی ئەم بڵاوکراوەیە لە قۆناخە جۆراوجۆرەکانی ژیانیدا و هەروەها هێنانەگۆڕی پێداچوونەوەیەکی ڕەخنەگرانە بە ڕەوت و تێکۆشانی پێشڕەو لە ماوەی تەمەنی تائێستایدا.

دەم و کاتی دەسپێکی کاری پێشڕەو

هەروەك لەمەوبەر ئاماژەی پێکرا، پێشڕەو دەورێکی گرینگی لە مێژوو و سیمای سیاسی/ فیکریی کۆمەڵەدا گێڕاوە. بە جۆرێك کە ڕەنگە بتوانین بڵێین بۆ ناسینی کۆمەڵە و بۆ تێگەیشتن لە بنچینە فیکرییەکانی ئەم ڕێکخراوە، گۆڤاری پێشڕەو باشترین سەرچاوە بێ. گرینگیی ئەم ڕۆڵەش تا ڕادەیەکی زۆر دەگەڕێتەوە بۆ دەم و کاتی دەسپێکی کاری پێشڕەو. یەکەم ژمارەی پێشڕەو لە پووشپەڕیساڵی 1365ی هەتاوی گەیشتە دەستی خوێنەران. لە سەرەتادا پێشڕەو پتر بڵاوکراوەیەکی فیکری و تیۆریك بوو تا گۆڤارێکی سیاسی/ تەبلیغی. ئەم تایبەتمەندییە پێنج ژمارە و چەند پاشکۆی لەخۆگرت. بەڵام کاتێ حیزبی کومونیستی ئێران لە ئاکامی ڕێککەوتنی کۆمەڵە و "سەهەند"دا پێکهێنرا، پێشڕەویش بوو بە ئۆرگانی ناوەندیی سازمانی کوردستانی حیزبی کومونیستی ئێران(کۆمەڵە). ئەرکی سەرەکیی پێشڕەو لەم پێنج ژمارەیەدا بریتی بوو لەوەی کە بابەتەکانی بۆ تاوتوێکردنی هەرچی زیاتری هێڵە گشتییەکانی بڕیارنامەکانی کۆنگرەی دووەمی کۆمەڵە تەرخان بکا.

ئەم تەوەرانەش بە شێوەیەکی گشتی بریتی بوون لە: "خەبات بۆ پێکهێنانی حیزبی کۆمۆنیست "؛ "پێداچوونەوە بە خەت و ڕێبازی پۆپۆلیستیی کۆمەڵە"؛ گرینگیدان بە نەخش و دەورەی گەڵاڵەکردنی بەرنامە بۆ پێکهێنانی حیزبی کۆمۆنیست " و " هەڵوێستگرتن لەسەر شۆڕشی کوردستان" و گەلێك بابەتی گرینگی تر کە هەر کام بە نۆرەی خۆیان لەسەر دانی پێناسەیەکی ڕوونی فیکری و سیاسی بۆ کۆمەڵە دەوریان گێڕا.[1] بەکورتی دەتوانین بڵێین پێشڕەو لەو قۆناغەدا بوو بە هەڵگری ئەو ڕێبازەی کە کۆمەڵە لە جەریانی کۆنگرەی دووهەمیدا لەسەری ساخ بووەوە.

تا ئەو جێگایەی لێرەدا بۆ باس لەسەر ناوەڕۆکی بڕیارنامەکانی کونگرەی دووهەمی کۆمەڵە لەسەر مەسەلەی کوردستان دەگەڕێتەوە، پێویستە بڵێین کاکڵ و نێوەڕۆکی ئەم کۆنگرەیە هەڵگری گەلێك بڕیار و ئاماژەی ڕاست ئاژۆیانە بوو. بۆ وێنە لە بڕیارنامەکەدا حاشا لە بوونی ستەمی نەتەوایەتی لە کوردستان کرابوو و بزووتنەوەی کوردستان بە درێژەی ڕاپەڕینی ڕێبەندانی 1375(1979) لەقەڵەم درابوو. ڕاستە کۆمەڵە دواتر هێندەی نەخایاند لەژێر زەختی ڕاستییە حاشاهەڵنەگرەکانی کوردستان و لە ترسی تەریك کەوتنەوە لە کۆمەڵی کوردەواریی، بۆ ڕاستکردنەوەی ڕێبازی ڕاست ئاژۆیانەی کۆنگرەی دووهەمی کەوتەخۆ، بەڵام لەگەڵ ئەوەش بیرۆکەی لادەرانەی ئەم کۆنگرەیە لەنێو کۆمەڵەدا بە شێوەیەك لە شێوەکان درێژەی بە ژیانی خۆی دا و هەر ئەوە دواتر بوو بە پاڵپشتێکی گەورە بۆ خۆ سەپاندنی ئاسانی ڕوانگەی شۆڤێنیستیی مەنسووری حیکمەت کە لە قالبی کۆمۆنیزمی کرێکاریدا بوو بە ڕێبازێکی تاقانە لەنێو کۆمەڵەدا.

بەهەرحاڵ سەرەڕای نەزەر لەوەی کە لە چ ڕوانگەیەکەوە دەچینە پێ و شوێنی نرخاندنی بڕیارنامەکانی کۆنگرەی دووهەمی کۆمەڵە، ڕاستییەك هەیە دەبێ باسی لێوە بکرێ. ئەویش ئەوەیە کە کۆنگرەی دووهەم کۆتایی بە سەردەمی بنبەستیی شوناسی فیکری و سیاسی و قەیرانی پێناسە لە ژیانی تا ئەو کاتەی کۆمەڵە داهێنا و لەسەر زۆر مەسەلەی هەڵپەسێردراوی گرینگ، کۆمەڵەی ساخ کردەوە. بەڵام بۆ گەیاندن و دەربڕینی ئەم شوناسە نوێیە، ئۆرگان و بڵاوکراوەیەك پێویست بوو کە باس لە شوناسی فیکری و سیاسیی کۆمەڵە بکا. لە وەها کەشوهەوایەکدا پێویستیی لەدایکبوونی پێشڕەو خۆی دەسەپێنێ و هەر بۆیە زۆربەی تەوەر و بابەتەکانیشی لە بازنەی ڕەهەندەکانی کۆنگرەی دووهەمدا دەخولێتەوە.

### پێشڕەو لە گەمەی سەهەنددا

ئەوەی لە خانەقای شێخی زەمبیل (واتە شوێنی پێکهێنانی کۆنگرەی دووهەمی کۆمەڵە) بە ناوی "مارکسیزمی شۆڕشگێڕ" چاوی بە دونیای ڕوون پشکوت، لە مێشکەپەی ئالانی سەردەشت لە چاوتروکانێکدا نێوکی بڕا. بڕیارنامەکانی کۆنگرەی دووهەمی کۆمەڵە و بڵاوکراوەی پێشڕەو لە ماوەیەکی کورتدا توانیان ڕیزەکانی کۆمەڵە بۆ توانەوە لە خەت و ڕێبازی تاقمی چەند کەسیی سەهەند خۆشە بکەن. ڕوانگەکانی سەهەند کە پێشڕەو ببووە زمانی حاڵی، بەخێرایی توانی ببێتە تاقە ئالتێرناتیڤی ناو کۆمەڵە بۆ دەربازبوون لە ویستگەی بێ شوناسی و بۆ لەئامێزگرتنی پێناسەیەکی دیاریکراوی فیکری و سیاسی. کەچی لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا قۆرتێکی تریش پێویست بوو، بۆ ئەوەی لە باری ڕێکخراوەییشەوە هەردوو لایان خۆیان لە قەوارەیەکی هاوبەشدا بدۆزنەوە.

پێشڕەوی ژمارە پێنج هەولێدا لە ئاخرین دەرگای ئەم باسە بدا. بۆ پێوانی ئەم قۆناغە پێشڕەوی ژمارە پێنج لەژێر سەردێڕی "جێگای کۆمەڵە لە حیزبی کۆمۆنیست"دا فۆرموولێکی نامۆ بە قەوارەی حیزبێکی کۆمۆنیستی، کە قەوارەکەی پشت ئەستوور بە ئەسڵی سانترالیزمی دیمۆکراتیی لێنینیە، دێنێتە گۆڕێ. بە گوێرەی ئەو فۆرموولە کۆمەڵە لە قەوارەی حیزبی کۆمۆنیستدا خاوەنی ئەو مافانەی

خوارەوە بوو: "کۆمەڵە وەك لقی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیست خاوەنی کونگرە و کۆمیتەی ناوەندیی تایبەت بە خۆی دەبێ و سیاسەتەکانیشی لەسەر مەسەلەی کوردستان هەر لەوێدا دیاری دەکا. هێزی پێشمەرگەی هەیە، ئەو ڕێبەرایەتی دەکا و ئەگەر وتووێژێکی سەبارەت بە چارەنووسی گەلی کورد لەگەڵ دەوڵەتی مەرکەزی لە گۆڕێدا بێ، کۆمەڵە دەتوانێ بە ناوی خۆی و بە ئیختیاراتی خۆیەوە لەو وتووێژەدا بەشداری بکا و هەڵوێستی خۆی بگرێ."[2] ئەوە کە ئەم بیرۆکەیە چۆن هات و لەپێشدا لای کام لا (واتە سەهەند یاخود کۆمەڵە)گەڵاڵە کرا، لە نووسەری ئەم دێڕانە ڕوون نییە، بەڵام ئەوەی ڕوونە ئەوەیە کە ئەو ڕێککەوتنە بەتەواوی نامۆ و ناقۆڵا بوو بۆ بەری حیزبێکی لێنینی. لە حیزبێکی لێنینیدا کە بناغەکەی لەسەر سانترالیزمی دیموکراتیك دامەزراوە، هەموو دەسەڵاتی حیزب بەکردەوە دەکەوێتە پاوانی چەند کەسێکەوە کە بە ناوی کۆمیتەی ناوەندی و دەفتەری سیاسی و ئۆرگانەکانی خوارەوە بەپێی پرێنسیپەکانی ئەم قەوارە دەبێ ملکەچی بڕیاری ناوەند بن. بۆیە ئەم مافانە پینەیەکی ناقۆلا و بەتەواوی ناکۆك لەتەك ئەسڵی سانترالیزمی دیموکراتی بوو کە حیزبی کۆمۆنیستیش بەردی بناغەی ڕێکخراوەکەی لەسەر دامەزراندبوو. لەو ڕووەوە لە پێوەندی لەگەڵ ئەم مافانەدا ناتوانین جگە لە سات و سەودایەکی پشتی پەردە و پشتگوێخستنی بنەماکانی قەوارەی حیزبێکی لێنینی ناوێکی تری لەسەر دابنێین. بەڵام سەهەندییەکان زۆر زیرەکانە لەڕێگای دانی ئەو مافانەوە بە کۆمەڵە، ویستیان متمانەی ڕێبەرانی کۆمەڵە بۆلای خۆیان ڕابکێشن و لە ئاکامی سازانێکی ئەوتۆدا بۆ پێکهێنانی حیزبی کۆمۆنیست، کۆمەڵە لەگەڵ خۆیان ڕاپێچەك بدەن.

سەهەندییەکان هەر لە سەرەتاوە بە باشی کزی و لاوازیی فیکریی ڕێبەرانی کۆمەڵەیان هەست پێکردبوو. ئەوان دەیانزانی کە لە ماوەیەکی کورتدا ئۆتۆریتەی فیکری و سیاسییان لە حیزبی کۆمۆنیستدا دەبێتە بەدیلێکی تاقانە و ئەگەر ئەورۆ ئەو ئیمتیازاتەش بە کۆمەڵە ڕەوا ببینن، لە کردەودا کەڵکێکی نابێ و لە دەرفەتێکی لەباردا لەژێر ناوی "کۆتاییهێنان بە فیدرالیزم لە حیزبی کۆمۆنیستدا" دەتوانن کۆتایی بە تەمەنی ئەو مافە تایبەتییانەی کۆمەڵە بێنن.[3]

لێرەوە قۆناخ و سەردەمێکی تر لە ژیان و چارەنووسی کۆمەڵە و پێشڕەودا دەستیپێکرد. ئیتر بە پێکهێنانی حیزبی کۆمۆنیست، لە کردەوەدا کۆمەڵە و پێشڕەو سەربەخۆیی سیاسی و فیکری و تەشکیلاتیی خۆیان لەکیسدا و پێشڕەو بوو بە ئۆرگانی کوردستانی ڕێکخراوێکی بەناو سەرانسەری کە هەموو دۆزی کوردی لە دەلاقەی هەڵسوکەوتەکانی بزووتنەوەی سەرانسەریی و کرێکارانی ناوەندەوە سەیردەکرد.

## لە کۆمەڵەوە بۆسازمانی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران و مانیفێستەکەی

سازمانی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران، کە بەگوێرەی پێناسەکەی بریتی بوو لە حەشیمەتێکی دەمارگرژ، لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان سەریهەڵدا؛ بە ئاڵوگۆڕی ڕادیکال، بێ بەرنامە و بە کەڵکوەرگرتن لە زۆر و هێزی گەلی پرۆلیتاریای کوردستان بۆ لەناوبردنی بۆرژوایی خۆماڵی و خۆ لە کورسیی دەسەڵات توندکردن، باوەڕمەند بوو. قەوارە و فەلسەفەی ئەو هێزە لە گوندی مێشکەپەی کوردستان نێوکی بڕا و بۆ پڕوپاگەندە دەگوترا لەلایەن ئەرتەشی گۆیا "پێشڕەوی هەژارانەوە" دامەزراوە. سێ کوچکەی فەلسەفەی ئابووری و نیزامە کۆمەڵایەتییەکەی لەسەر سوسیالیزمی ئوولترا مۆدێرنی بێژۆیی ئالان، ئابووریی ئێسترەکانی بەهمەنی قوبادی کە ئەو فیلمسازە زۆرزانە بە زمانێکی تێکنیکی کردبوونیە ئەسپی مەستبوو بە ویسکیی قاچاخ، هەروەها لەسەر بنەمای فەلسەفەی حەمەتاڵی بانە دامەزرابوو کە بە تفەنگە بڕنۆکەی سولەیمان بەگ کونە ڕێویی پڕ دەکرد لە گوڵی مێلاقەی وا کە لە گشت جیهاندا وێنەی نەبێ! هەڵبەت ئەگەر لەو بەینەدا بەشێکی زۆر لە ڕێبەرانی کۆمەڵە لە ڕیزی

هەرە دەستڕۆیشتووەکانیشدا بایەن، زۆر گرینگ نەبوو. لەو دونیا دەستکرد و بچووك و داخراوەدا وەڕێخستنی شەڕ و ململانێی دەسکرد و دروستکردنی خودی و ناخودی بە ئەرکێکی گرینگ دەژمێردرا.

ئەدەبیاتی سیاسیی پێشڕەو، بەرهەم و هەڵێنجاوی ئەم بیرە بوو ئیغراق و تێگرتن، بە ئەنقەست نەیار داتاشین، نوقم بوون لە دنیای خەیاڵ و ئووتۆپیادا و خۆ بە کەم زانین لە حاست ڕووناکبیرانی نەتەوەی باندەست کە ئەوسا بە هاوچینەکانیان ناوزەدیان دەکردن، ئەدەبیاتی سیاسیی کۆمەڵەی پێ نەخشێنرابوو. بە درێژایی هەموو ئەو ساڵانە هەوڵدان بۆ لەبەریەکترازاندنی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد بە ئەرکێکی لەبیرنەکراو سەیر دەکرا. کۆمەڵە لەگەڵ ئەوەی هێز و توانای مادی و مەعنەویی خۆی لە بزووتنەوەی کورد وەردەگرت، کەچی لە ئاستی تیۆری و نەزەریدا هەتا بڵێی هەڵگری سیاسەتێکی چەواشەکارانە بوو. بیری نەتەوەیی کورد و بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردی وەك کۆسپی سەر ڕێگای خەباتی پرۆلتاریا لەقەڵەم دەدا.

پێشڕەو و مەسەلەی بزووتنەوەی کرێکاریی لە کوردستان

یەکێك لەو مەسەلانەی بە بەردەوامی زۆرترین لاپەڕەکانی پێشڕەوی بۆ تەرخان دەکرا، مەسەلەی ڕێبەریی کرێکارانی کوردستان بوو. واتە لاکردنەوە لە خەباتی چینایەتی یەکێك لە گرینگترین تەوەرەکانی پێشڕەو بوو. کاتێ لە ئارشیڤی پێشڕەو لە هەموو ئەو ساڵانەدا دەڕوانی، بابەت و هەواڵی خەباتی چینایەتیی کرێکاران بەشی هەرە زۆری لاپەڕەکانی پێشرەوی داگرتووە. پێشڕەو خۆی بە ئۆرگانی لقی ناوچەیی حیزبێکی سەرانسەریی کۆمۆنیستی دەزانی و لەپێناو لەناو بردنی نیزامی سەرمایەداری و دامەزراندنی حکومەتێکی کۆمۆنیستیدا تێدەکۆشا. بۆ گەیشتن بەو ئامانجەش پێشڕەو ئامرازێك بوو. بەلای "پێشڕەو"ەوە، خەباتی چینایەتی، گرفتی سەرەکیی کۆمەڵی کوردەواری بوو. لەو نێوەدا وریاکردنەوەی کرێکاران و زەحمەتکێشانی کوردستان و بانگهێشتنیان بۆ هاتنە ناو ریزەکانی حیزبی کۆمۆنیست، بەجێگەیاندنی ئەرکێکی سەرەکی بوو. پێشڕەو لە هەوڵی ئەوەدا بوو کرێکاری کورد لە "خورافەی ناسیونالیستی" ڕزگاربکا و خوی بە بەشێك لە هاوچینەکانی دیکەی لە ئێران بزانێ و چارەنووسی خۆی بەوانەوە گرێبدا.

بەڵام هۆکارگەلێکی جۆراجۆر بوون بەهۆی ئەوەی پێشڕەو نەتوانێ بە درێژایی ئەو ساڵانە لەم بوارەدا سەرکەوتوو بێ. گرینگترین کۆسپی سەر ڕێگای تەشەنەکردنی بیری پێشڕەو کێشەی نەتەوایەتی بوو. ڕوانگە و بیری ئابووریخوازانەی پێشڕەو، دەرەتانی ئەوەی لە پێشڕەو بڕیبوو هەست بەو ڕاستییە بکا کە ئەوەندەی بۆ ژیانی مرۆڤ ماڵ و نان و کار پێویستن، ئەوەندەش بایەخە ڕۆحی و کولتورییەکان گرینگییان هەیە. هەڵەی گەورەی پێشڕەو لەوەدا بوو دەیویست بە شێوەیەکی ئیرادەگەرایانە و دەستکرد و بە زاڵکردنی لایەنی یەکەم، مەسەلەی دووهەم لەبیر بباتەوە و بەسەریدا باز بدا. واتە لە خوێندنەوەی پێشڕەودا تێهەڵکێشێك لەنێوان ئەم دووانەدا بەدی نەدەکرا و پێی وا بوو دەبێ یەکیان جێگا بەویتریان چۆڵ بکا. گرفتی سەرەکیی پێشڕەو لەوەدا بوو هەرچی لە دەقەکانی هزر و بیری بیرمەندانی قوتابخانەی سوسیالیزمدا هاتووە بەبێ لەبەرچاوگرتنی کەشوهەوای ڕاستەقینەی کۆمەڵی کوردەواری دەتوانێ ئیرادەگەرایانە بیسەپێنێ.

بەڵام تاقیکردنەوە دەریخست هەر وڵات و کۆمەڵگەیەك هەڵگری تایبەتمەندیی خۆیەتی و وێنە هەڵگرتنەوە و ئۆلگوو سازکردن لە کولتوری وڵاتانی تر بە مەبەستی داسەپاندن لە کۆماڵگایەکی تردا ناتوانێ ئاکامێکی سەرکەوتووانەی لێ بکەوێتەوە. ئەگەر تیۆرییەك ناموٚ بە تایبەتمەندییەکانی وڵاتێك بێ و نەتوانی وڵامێکی خەستوخۆڵ بە گیروگرفتەکانی ئەو نیشتمانە بداتەوە، دەبێ چاوی پێدا بخشێنرێتەوە و سەرلەنوێ نۆژەن بکرێتەوە. کەچی بۆ پێشڕەو مەسەلەکە بە تەواوی بە پێچەوانەوە بوو. بۆ پێشڕەو تیۆری بریتی بوو لە دۆگمایەکی چەقبەستووی لەگۆڕاننەهاتوو کە دەبێ کۆمەڵگە

ملکەچی بێ. ئەم خوێندنەوەیە لە زۆریەك لە بوارەکانی کاری پێشڕەودا بە زەقی بەرچاودەکەون. هەربۆیە پێشڕەو نامۆ بە ئاست و چۆنیەتیی گەشەکردنی ژیانی ئابووری و کۆمەڵایەتی و کولتوریی کۆمەڵی کوردەواریش بوو. لە وڵاتێکی کە بە دەیان ساڵە ڕووبەڕووی داگیرکراوی و دابەشکراوی بۆتەوە و شەڕ و قەڵاچۆ ژیانی ڕۆحی و مادیی ئەو گەلەی تێکداوە و ئابووریی پیشەسازیی لە پلەی هەرە نزمی خۆیدا ماوەتەوە، پێشڕەو عزمی جەزم کرد بوو بۆ ئەوەی دەسبەجێ سۆسیالیزم لە کوردستان پیادە بکات! بۆ ئەو سۆسیالیزمەش ئامادەکردنی پێشمەرجەکانی نە پێویست بوو. هەر بەو پێیەش چۆنیەتی و ئاستی ئامراز و کەرەسەی هێزی بەرهەمهێنانیش شیاوی سەرنج و ئاوڕلێدانەوە نەبوون. ئەوەش گرینگ نەبوو ئاگایی چینایەتیی ئەو چینەی کە دەبوو هێزی بزوێنەری ئەو سۆسالیزمە بێ لە چ پلەیەکدایە. بوونی ئەزموون و کولتورێکی دیموکراتییش لە کۆمەڵگەدا زۆر گرینگ نەبوو. ئەوەی گرینگ بوو سەپاندنی ئارمانخوازی بەبێ لەبەرچاوگرتنی هەلومەرج و کەندوکۆسپەکانی ڕێگای گەیشتن بەو مەبەستە و بازدان بەسەر وێسگە مێژووییەکاندا بوو.

بەڵام ئەزموون و تاقیکردنەوەی ژیانی ڕاستەقینەی کۆمەڵی کوردەواری دەریانخست، گرفت و کێشەکانی نێو کۆمەڵگە هەمیشە تەنیا بەپێی دیدی چینی کرێکار ناتوانن وەڵامی شیاوی خۆیان وەربگرنەوە. کاتێك لە وڵاتێکدا کێشەی نەتەوایەتی لە ئارادایە پێویستە لە گۆشەنیگای نەتەوە و گرووپە ئێتنیکیەکانەوە بایەخ و سەنگ و قورسایی بۆ چارەسەری ئەم مەسەلەیەش دابندرێ و هەوڵ نەدرێ لەژێر ناوی گرینگیدان بە مەسەلەی ئابووری بازی بەسەردا بدرێ.

پێشڕەو دەیویست کوردستان بکاتە کووبای کەڵە کاسترۆ و هێرش بکاتە سەر چینی بۆرژوایی خۆماڵی و پشتیوانە دەرەکییەکانی. هومانیسم واتە مرۆڤدۆستی لە کولتور و بیر و ئەدەبیاتی سیاسی پێشڕەودا بەدەگمەن بیری لێ دەکرایەوە فەلسەفەی ژین لەو دەزگایەدا جەبر واتە شێر لە لێرەوار، کوشتن بۆ مانەوە و دەستبەسەرداگرتنی بێ زەحمەت بوو. بە وتەیەکی تر فەلسەفەکە لەسەر بنەمای مشەخۆری بوو. بە گەز و ڕبەی وان و بەپێی تیۆرییەکەی وان، هەرکەس چووە نێو ئەو ڕیزەوە بۆی هەبوو بێ سڵکردن نازناوی پڕولیتری پێ خەڵات بکرێ. هەرچەند کارخانەدار، ساماندار، دەرەبەگ و سەرمایەداری زگتێریش بایە. ورکەڵە بورژوا، میرزا قەرەیەخە و بەتایبەتی کرێکاری کوورەخانە بۆ پڕۆلیتێری سەرتۆپی هەمووان بوو. چونکە بەگوێرەی ڕوانینی بەرێوەبەرانی کۆمەڵە هەموو یان زۆربە، یان لانیکەم بەشێکیان بە دووربین لە کاری کرێکاری پیشەیی کورەخانەی ترۆپکی بۆرژوایی داچۆراودا بەرەو کۆمەڵگەی سۆسیالیستی ڕوانیویانە.

لە جیهانی ئەم بیرەدا، هاوکاری و ژیانی هێمنانەی هاوبەش مانای نەبوو. کۆمەڵگەی کوردەواری کرابووە دوو بەش کە بەشێك هاوسوود و هاوبەرژەوەند بوو کە بۆ داسەپاندنی خۆی بەسەر ئەوی دیکەدا بێ نیوەبڕ لە حاڵی شەڕ و پێکدادادا بوو و ڕێبەرانی کۆمەڵە وەك جەمسەرێکی ئەو شەڕە خەریکی بە ئەنجامگەیاندنی ڕەساڵەتی پێ ئەسپێردراوی مێژوویی خۆیان بوون!

پێشڕەو هەوڵێکی زۆری دا بۆ ئەوەی مەسەلەی کرێکاری لە گۆڕەپانی سیاسیی کوردستاندا باڵ بەسەر هەموو کێشەکانی تردا بکێشێ و لە پانتایی کوردستاندا کێشەی کار و سەرمایە بکەونە ململانێی چینایەتییەوە. بەڵام ئامرازی پێشڕەو بۆ گەیشتن بەم مەبەستە تەنیا تەبلیغات و دروشمدانی ڕووت و بێناوەرۆکی ڕادیۆیی بوو. لە ئەدەبیاتی پێشڕەودا جاری وا بوو ئیغراق و تێگرتن بەو پەڕی سنووری خۆی دەگەیشت. بۆ وێنە کاتێك هەواڵێکی لەسەر گرانیی کەلوپەلەکان ژیان پێدەگەیشت، بە دانستە دنیایەکی هێندە تاریك و تنووکی دەنەخشاند کە مرۆڤ پێی وابوو تا چەند دەمێکی تر ساڵی گرانییەکە کە ئینسان ئینسانی خواردبوو دەگەڕێتەوە و ئەم نۆرمەش لە نووسین و لە تەبلیغات و لە قامووسی پێشڕەودا ناوی نرابوو "تەبلیغاتی هەدەفمەند". تەبلیغاتی هەدەفمەندیش بەو واتایە بوو کە

لەلایەك جەهەندەمی نیزامی سەرمایەداری نیشان بدرێ و لەلایەکی دیکەشەوە ئاسۆی شۆڕشێکی دەسبەجێی سۆسیالیستی بۆ خەڵك بکرێتە بەدیل. جا بۆ گەیشتن بەو مەبەستە پێشڕەو لای وابوو هەر ئەندازە بە نووکی پێنووس گرفتەکە چەند قات نیشان بدا، زوورتر کرێکارانی لە مەینەتی نیزامی سەرمایەداری ڕزگار کردووە!

کاتێك چاو بە ئارشیڤی ژمارەکانی پێشڕەودا دەخشێنین نموونەکانی تەبلیغاتی هەدەفمەندی لەم چەشنە لە ئەژمار نایە. چەند ساڵی ویست بۆ ئەوەی پێشڕەو هەست بەو ڕاستییە بکا کە تەنیا بەهۆی تەبلیغات و دروشمدانەوە، شەڕی چینایەتی چینەکان نابێتە کێشەی سەرەکی لە وڵاتێکدا. مێژووی سەرهەڵدان و گەشەکردنی خەباتی چینایەتی لە هەر وڵاتێك تایبەمەندیی خۆی هەیە. کەچی پێشڕەو بە پێچەوانەی ئەو ڕاستییانە دەجووڵایەوە؛ بچووکترین هەواڵی فڵانە کوورەخانەی کوردستانی لە ڕادەبەدەر گەورە دەکردەوە و هەوڵیدەدا زیاتر لەوەی کە هەیە نیشانی بدا. ئەم تێگرتن و زیادەڕۆییانە لە کورتخایەندا دەیانتوانی ببنە پێخۆری وتارێکی پێشڕەو، بەڵام لە ئاکامدا دەبوونە هۆی ناهۆمێدی و دڵساردیی لایەنگرانی خۆیشی. هەر بۆیە لەخۆڕا نەبوو بە درێژایی هەموو ئەو ساڵانە و بەپێچەوانەی ئەدەبیاتی خۆهەڵکێشانەی لەمەڕ ڕێبەریی کرێکارانی کوردستان، پێشڕەو قەت نەیتوانی بزووتنەوەیەکی گشتگیری چینایەتی لە کوردستان وەرڕێبخا و بە کردەوە ڕکێفی ئەو بزووتنەوەیە بە دەستەوە بگرێ. چونکە کاتێ شۆڕشێکی چینایەتی گشتگیر لە ئارادا نەبێ، ئیتر پێویستیی لەدایکبوونی ڕێبەرەکەشی ناتوانێ لەگۆڕێ بێ.

پێشرەو دەیویست مرۆڤێکی نوێی کورد دروست بکا کە چیتر خۆی بە ناسنامەی ئێتنیکی و نەتەوەییەوە پێناسە نەکا و بەدرێژایی چەندین ساڵ بۆ هێنانەدیی ئەو خەونە دەیڕاواند. کەچی تا ئێستاشی لەگەڵدا بێ هەر بۆی نەهاتە دی. واتە بەو ئالیاژ و عەیارە نەیتوانی مرۆڤێکی نوێی کورد واتە "خلق کارگر" دروست بکا و مافی دەسەڵاتدارێتی و سەروەری نەتەوەیی لەبیر نەتەوەی کورد بباتەوە.

تیگەیشتنی پێشڕەو لەهەمبەر گرێدراویی چینی کرێکار بە نەتەوە و ناسنامەی نەتەوەییش هێندێك جێگای قسە و باس دەهێڵێتەوە؛ بە جۆرێك کە ئەو تێگەیشتنە تا ڕادەیەکی زۆر لە تێڕوانینێکی سادە و ساکارانە نەدەترازا. پێشڕەو لای وابوو لە ئاکامی گەشەکردنی نیزامی سەرمایەداری و پەرەگرتنی سەنعەتی مودێرندا هاوچەشنی و وەکیەك بوونێك لەنێوان چینی کرێکاری نەتەوە جۆراوجۆرەکاندا دادەمەزرێ و مەسەلەی ناسنامەی ئێتنیکی و نەتەوەیی بۆ هەمیشە لەنێو کرێکاراندا بنەبڕ دەبێ و لە ئاکامدا تەنیا هۆویەتی چینایەتی دەتوانێ سەروەری پەیدابکا. بەڵام ڕووداوەکانی ئاخر و ئۆخری سەدەی ڕابردوو و سەرەتای ئەم سەدەیە نیشانیاندا کە نەتەوەخوازی زۆر لەوە گیان سەختتر بوو کە مارکسیستەکان چاوەڕوانی نەمانیان دەکرد. نەتەوە و نەتەوەخوازی تەنیا بە جیهانی سیاسەتەوە پێوەندیی نییە. بایەخی کولتوری و سایکۆلۆژیی نەتەوە و نەتەوەخوازی بەشێك لە خوزگە و ئارەزووکانی مرۆڤ دادەڕێژێ و هەر ئەمەش توانا وروژێینەرەکەی لە کۆتاییەکانی سەدەی ڕابردوو و لە سەردەمی ئێستاماندا بۆ ڕوون دەکاتەوە.

### دۆزی کورد لە گەمەی شەڕی چینەکانی پێشڕەودا

لەو ساڵانەی کە پێشڕەو پینە و پەڕۆی تیۆریکی بۆ شەڕی کوردکوژی دەهۆنییەوە، بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە جەنگەی شەڕێکی خوێناوی لە تەك دەوڵەتی داگیرکەری ئێراندا بوو. کورد و دۆزە ڕەواکەی لەو ساتەوەختەدا لە هەموو کاتێ زیاتر پێویستی بە یەکگرتوویی و یەکێتیی بەکردەوەی ڕیزەکانی هەبوو. کەچی ڕاست لەو کاتە ئاستەم و چارەنووسسازەدا لە جێگای ئەوەی پێشڕەو بۆ تەبایی و یەکگرتوویی چین و توێژە دیموکراتیکەکانی کۆمەڵی کوردەواری بۆ

بەرەنگاربوونەوە لەدژی هیزی داگیرکەر تێبکۆشێ، لەژێر ناوی ململانێ و خەباتی چینایەتی، بۆ لەگرێژەنەبردنی ڕیزەکانی بزووتنەوەی رزگاریخوازیی کورد، هەوڵیدەدا.

خوێندنەوەی سەقەت و تاوانبارانەی پێشڕەو لە شەڕی دوو هێزی سیاسیی چەکدار، ببووە هۆی ئەوە کە بچووکترین مەسەلە بە ناوی شەڕی چینەکانەوە بۆ نێڵدانی سۆبەی شەڕی براکوژی بەکار ببا. کەچی سەیر ئەوە بوو لەو شەڕەدا نە چینی بۆرژوای کورد بۆ پشتیوانی لە حیزبی بۆرژوای کورد دەبینرا و نە چینی پڕۆلیتاریای "ئاگای" کوردستانیش بۆ بەچۆکداهێنانی نەیاری چینایەتیی خۆی بە هانای حیزبی چینایەتیی خۆیەوە دەهات. شەڕی حیزبەکان بەبێ ئاگاداری و بەبێ بەشداریی هێزی چینەکان دەستیپێکرد و بەبێ دەخاڵەتی ئەوانیش ڕاوەستا و کۆتایی هات. لە تەواوی ماوەی ئەو شەڕە خوێناوییەدا و بە پێچەوانەی پڕوپاگەندەی خەڵکهەڵخەتێنی پێشڕەو، "چینەکان" خوازیاری کۆتاییهێنانی دەسبەجێ بە شەڕەکە بوون و پێکەوە ژیانی بە ئاشتیی نێوان هێزە سیاسییەکانیان بەلاوە گرینگترین مەبەست بوو. بەڵام پێشڕەو بە مەبەستی ئەوەی توانیبێتی هەرچی زیاتر مەشرووعییەت و ڕەوایەتی بە شەڕی براکوژی بدا، گشت پەیڤ و وشە و خیتابی سیاسی خۆی بۆ ئەوە تەرخان کردبوو کە ئەو شەڕە وەك شەڕێکی چینایەتی بداتە قەڵەم تا لەو ڕێگایەوە هێز و توانایەکی پتر بۆ سەرکەوتنی سیاسەتی شەڕخوازانەی بەدەستبێنێ.

بەکورتی، لەو قۆناغەدا "چین" و "خەباتی چینایەتی" ئامرازێك بوون بۆ هەڵگیرساندنی شەڕی کوردکوژی و تێکدانی ڕیزەکانی نێو بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان. لەڕاستیدا شەڕ و ململانێی چینایەتی لۆژیك و تایبەتمەندیی خۆی هەیە و تەنیا بە چەند دروشمی بریقەدار و هەوایی و بە شێوەیەکی دەستکرد ململانێ و تێوەگلانی چینەکان بەدژی یەکتر چێ نابێ. لەم بوارەدا خوێندنەوەی پێشڕەو حوکمی سەقەت و ناتەواوی پێوە دیار بوو.

### دۆزی کورد لە گەمەی شەڕی چینەکانی پێشڕەودا

لەو سالانەی کە پێشڕەو پینە و پەڕۆی تیۆریکی بۆ شەڕی کوردکوژی دەهۆنییەوە، بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە جەنگەی شەڕێکی خوێناوی لە تەك دەوڵەتی داگیرکەری ئێراندا بوو. کورد و دۆزە ڕەواکەی لەو ساتەوەختەدا لە هەموو کاتێ زیاتر پێویستی بە یەکگرتوویی و یەکێتیی بەکردەوەی ڕیزەکانی هەبوو. کەچی ڕاست لەو کاتە ئاستەم و چارەنووسسازەدا لە جێگای ئەوەی پێشڕەو بۆ تەبایی و یەکگرتوویی چین و توێژە دیموکراتیکەکانی کۆمەڵی کوردەواری بۆ بەرەنگاربوونەوە لەدژی هیزی داگیرکەر تێبکۆشێ، لەژێر ناوی ململانێ و خەباتی چینایەتی، بۆ لەگرێژەنەبردنی ڕیزەکانی بزووتنەوەی رزگاریخوازیی کورد، هەوڵیدەدا.

خوێندنەوەی سەقەت و تاوانبارانەی پێشڕەو لە شەڕی دوو هێزی سیاسیی چەکدار، ببووە هۆی ئەوە کە بچووکترین مەسەلە بە ناوی شەڕی چینەکانەوە بۆ نێڵدانی سۆبەی شەڕی براکوژی بەکار ببا. کەچی سەیر ئەوە بوو لەو شەڕەدا نە چینی بۆرژوای کورد بۆ پشتیوانی لە حیزبی بۆرژوای کورد دەبینرا و نە چینی پڕۆلیتاریای "ئاگای" کوردستانیش بۆ بەچۆکداهێنانی نەیاری چینایەتیی خۆی بە هانای حیزبی چینایەتیی خۆیەوە دەهات. شەڕی حیزبەکان بەبێ ئاگاداری و بەبێ بەشداریی هێزی چینەکان دەستیپێکرد و بەبێ دەخاڵەتی ئەوانیش ڕاوەستا و کۆتایی هات. لە تەواوی ماوەی ئەو شەڕە خوێناوییەدا و بە پێچەوانەی پڕوپاگەندەی خەڵکهەڵخەتێنی پێشڕەو، "چینەکان" خوازیاری کۆتاییهێنانی دەسبەجێ بە شەڕەکە بوون و پێکەوە ژیانی بە ئاشتیی نێوان هێزە سیاسییەکانیان بەلاوە گرینگترین مەبەست بوو. بەڵام پێشڕەو بە مەبەستی ئەوەی توانیبێتی هەرچی زیاتر مەشرووعییەت و ڕەوایەتی بە شەڕی براکوژی بدا، گشت پەیڤ و وشە و خیتابی سیاسی خۆی بۆ ئەوە

تەرخان کردبوو کە ئەو شەڕە وەك شەڕێکی چینایەتی بداتە قەڵەم تا لەو ڕێگایەوە هێز و توانایەکی پتر بۆ سەرکەوتنی سیاسەتی شەڕخوازانەی بەدەستبێنێ.

بەکورتی، لەو قۆناغەدا "چین" و "خەباتی چینایەتی" ئامرازێك بوون بۆ هەڵگیرساندنی شەڕی کوردکوژی و تێکدانی ڕیزەکانی نێو بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان. لەڕاستیدا شەڕ و ململانێی چینایەتی لۆژیك و تایبەتمەندیی خۆی هەیە و تەنیا بە چەند دروشمی بریقەدار و هەوایی و بە شێوەیەکی دەستکرد ململانێ و تێوەگلانی چینەکان بەدژی یەکتر چێ نابێ. لەم بوارەدا خوێندنەوەی پێشڕەو حوکمی سەقەت و ناتەواوی پێوە دیار بوو.

ئەم ڕاستییە دەکرێ لە چەند خاڵدا ئاماژەی پێبکرێ. یەکەم مەسەلە ئەوەیە کە پێشڕەو تا ئێستاشی لەگەڵدا بێ نەیتوانیوە لێکۆڵینەوەیەکی زانستی و شیکردنەوەیەکی بابەتیانەی مێژوویی لە پێوەندی لەگەڵ ئاست و شێوەی بەرهەمهێنان و دەسپێکی ڕەوتی گەشەی چینەکانی کۆمەڵی کوردەواری بێنێتە بەرهەم. پێشڕەو بە چاولێکەری لە ئەدەبیاتی هێزی چەپی سەرانسەریی هاتبووە پێ و شوێنی چۆنیەتیی ئاستی گەشەکردنی چینە کۆمەڵایەتییەکانی کوردستان. لەو چاولێکەرییەشدا دیاردەگەلێکی گرینگی وەك مێژووی گەشەکردنی کۆمەڵی کوردەواریی و خاسیەتی تایبەتی چینەکان لەقەڵەم کەوتبوون. ئەوە ڕاستە کە لەدوای ڕیفۆرمی کشت و کاڵ ساڵەکانی 1341و 1342 ی هەتاوی لە ئێران شێوەی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری جێگای بە سیستەمی فیۆداڵی لێژکرد و گەشەی شارنشینی پتر پەرەی ئەستاندو ئەم دیاردەیە کوردستانیشی لێ بێبەری نەبوو؛ بەڵام خوێندنەوەی پێشڕەو لەسەر مێژووی گەشەکردنی کومەڵی کوردەواری و چۆنیەتیی ئاستی گەشەکردنی چینەکان، زیادەڕەویی گەورەی پێوە دیاربوو و نەیتوانیبوو بچێتە نێو کون و کەلەبەرەکانی ژیانی واقیعیی کۆمەڵی کوردەواری تا وێنەیەکی ڕاستەقینەی لێ پێشکەش بکا.

لەسەر ئەم بابەتە، واتە ڕەوتی گەشە و پەیدابوونی چینەکانی نێو کۆمەڵی کوردەواری و ئاستەنگەکانی سەر ڕێگای گەشەکردنی ئەم چینانە، ئاسانترین کاری بە بنەمای خۆی گرتبوو. پێشڕەو ئەوەی لەلایەن ڕێکخراوە سەرانسەرییەکانەوە سەبارەت بە چینە کۆمەڵایەتییەکان لە ئێران بەبێ جیاوازیی ئێتنیکی و نەتەوەیی هاتبووە بەرهەم، بە بێ تەتەڵەکردن و بژارکردنی پێویست بەسەر کۆمەڵی کوردەواریدا دەسەپاند و بە چاولێکەریی لەوان بڕیاری لەسەر ئاستی گەشەکردنی چینەکان لە کۆمەڵی کوردەواری دەدا.

ئەوەی لەم بوارەدا وەك میراتێکی فیکری و لێکۆڵینەوەیی لە پێشڕەو بەجێ ماوە، کۆمەڵێك ڕستە و دروشمی بریقەدارە کە مرۆڤ دەتوانێ بۆ گشت وڵات و نیشتمانێك کەڵکی لێ وەربگرێ و بێ سڵکردن، لە ئەدەبیاتی سیاسیی خۆیدا بەکاری بێنێ. وتەگەلێکی وەك چەوسانەوە، کرێکار، زەحمەتکێش، بۆرژوا لە جێگای هەڵسەنگاندنێکی بابەتیانە و شیکردنەوەیەکی ورد دانرابوون. ئەگەریش لەلایەن کەسانێك لەو بارەوە ڕەخنەی لێ گیرابا، دەسبەجێ مۆرکی دژ بە چینی کرێکاری کوردستانی بە نێوچاوانەوە دەنرا کە "نکۆڵی لە بوونی چینەکان لە کوردستان" دەکا و دەیانگوت: "حزب دمکرات با طرح چنین اراجیفی دست آخر اعلام میکند: هنوز وقت مبارزه طبقاتی نرسیده است. و اکنون مبارزه اصلی مبارزەی ملی است! معنای گفتەهای حزب دمکرات چیست؟ حزب دمکرات می‌خواهد تا بە بهانەی اولویت مبارزه ملی و خودمختاری، از پیشرفت و دامنە گرفتن مبارزه طبقاتی جلوگیری کند. در کردستان این نظریه هواداران خود را دارد. کسانی کە می‌خواهند جنبش کردستان را وسیلەای برای امتیاز گرفتن از حکومت مرکزی قرار دهند. سرمایەدارانی کە حاکمیت محلی در کردستان را برای راه اندازی سرمایەهاشان و استثمار طبقـەی کارگر کردستان می‌خواهند، اینها می‌خواهند کارگران کرد را قانع کنند کە تا گرفتن خودموختاری هیچ یك از مطالبات حیاتی و اساسی خود را طرح نکنند...(حیزبی دیمۆکرات بە هێنانە

ئارای شەتەحاتی ئەوتۆ، سەرەنجام رادەگەیەنێ کە: هێشتا کاتی خەباتی چینایەتی نەگەیشتووە و ئێستا خەباتی سەرەکی، خەباتی نەتەوایەتییە! مانای وتەکانی حیزبی دیمۆکرات چییە؟ حیزبی دیمۆکرات دەیهەوێ بە بیانووی سەرەکی بوونی خەباتی نەتەوایەتی و خودموختاری، لە گەشە و پەرەسەندنی خەباتی چینایەتی پێشگیریی بکا. لە کوردستان ئەم بۆچوونە لایەنگری خۆی هەیە: ئەو کەسانەی کە دەیانهەوێ جووڵانەوەی کوردستان بکەنە ئامرازێک بۆ ئیمتیاز وەرگرتن لە حکومەتی ناوەندیی، سەرمایەدارانێ کە کە دەسەڵاتداریی خۆماڵی کوردستانیان بۆ رێکخستنی سەرمایەکانیان و چەوساندنەوەی چینی کرێکاری کوردستان گەرەکە، ئەوانە دەیانەوێ کرێکارانی کورد قانع بکەن کە تا وەرگرتنی خودموختاریی هیچ کام لە داخوازە حەیاتی و بنەڕەتیەکانی خۆیان نەهێننە گۆڕێ".[4]
بارودۆخی ژێردەستەیی کورد و دابەشکردنی کوردستان و بێبەشبوونی کورد لە سەروەریی نەتەوەیی و هەوڵدانی داگیرکەرانی کوردستان بۆ هێشتنەوەی بەجێمان لە کاروانی پێشکەوتن و شارستانییەت، فاکتۆرگەلێك نەبوون بتوانن سەرنجی لاسارانە و ئیرادەگەرایانەی پێشڕەو بۆلای خۆیان ڕابکێشن. ڕوانگەی تەنگەبەری پێشڕەو ئیزنی ئەوەی پێ نەدەدا هەست بەوە بکا کە داگیرکراوی و دابەشکراویی کوردستان کاریگەریی گرینگ لەسەر پلەی گەشە و بەرەوپێشچوونی چینە کۆمەڵایەتییەکان و لەبارچوونی باری ئابووریی دادەنێ و خاسیەتی تایبەتییەو کۆمەڵگایە دەبەخشێ. لێرەدا مەبەستم ئەوە نییە کە بۆ باشتر ناسین و بردنەپێشی کۆمەڵگەی کوردەواری لە ئامراز و چەمك و مێتۆدە ستروکتوورییەکانی کۆمەڵگەکانی تر کەڵك وەرنەگیردرێ، بەڵکو کێشە لەسەر کۆپیکردن و وێنەلێگرتنەوەی کاڵ و کرچ و هەوڵدان بۆ سەپاندنی مۆدێلی کۆمەڵگەیەکی ترە کە هەڵگری کەشوهەوای تایبەت بە خۆیەتی. ئەمەش لە پێشڕەودا زۆر زەقبوو.
هەروەك ئاماژەی پێکرا، لەدوای ڕیفۆرمی کشت و کاڵی ساڵەکانی1341 و 1342 ی هەتاوی، پێوەندییەکانی کۆمەڵایەتی لە ئێران تووشی گۆڕانگاریی بنەڕەتی هات و شێوەی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری جێگای بە نیزامی دەرەبەگایەتی لێژکرد و ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش وەك بەشێکی لکێنراو بە ئێرانەوە نەیدەتوانی لە وەرچەرخانەدا بە دەست لێنەدراوی بمێنێتەوە. بەڵام هەڵەی گەورەی پێشڕەو لەوێڕا دەستیپێکرد کە پێی وابوو ئاستی گەشەکردنی چینەکانیش لە کوردستان دەقاودەق وێنەیەکی وەك ناوەند پێشان دەدا. بەڵام ئایا لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش ئاستی گەشە و پەرەئەستاندنی چینەکان و کێشەی چینەکان هەر ئەو هەڵکەوتەیان هەبوو و هەیە؟ ڕەنگە لە ناوەند بە ئاسانی ئاستی گەشە و ململانێی نێوان چینەکان پۆلین بکرێن و لێك جیابکرێنەوە و هەر لەو کاتەشدا ڕوخسارە کولتوری و سیاسییەکانیشیان بە سانایی دەسنیشان بکرێن، وەك بورژوا و پرۆلیتێر، بەڵام داخوا ئەم دیمەنە لە وڵاتەکەی ئێمەش کوردستان، دەقاودەق بە هەمان شێوە بوو؟
مەبەست لێرەدا نکوڵیکردن لە بوونی چین و توێژە کۆمەڵایەتییەکان لە کۆمەڵی کوردەواریدا نییە. بەڵێ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش کرێکار و زەحمەتکێش و هەژار و چەوساوە هەیە و ئەوانە شتێك نین بۆ یەکەم جار لە مێژووی مرۆڤایەتیدا پێشڕەو دایهێنابن. دانیشتوانی کوردستانیش وەك هی هەموو وڵاتێك بریتین لە چین و توێژی جۆراوجۆر. بەڵام کێشەی سەرەکی ئەو کاتە دەستی پێکرد کە لە نیشاندانی چۆنیەتی و ئاستی گەشەکردنی چیینەکان و ناکۆکیی نێوانیاندا لە کوردستان، پێشڕەو تووشی تێگرتن و زیادەڕەوی هات. چونکە کێشەی سەرەکی لە کوردستان کێشەی نێوان کار و سەرمایە نەبوو. ئێستاشی لەگەڵدا بێ ئاستی گەشەکردنی چینە کۆمەڵایەتییەکانی کوردستان و ناکۆکیی نێوانیان لەو ڕادەیەدا نییە کە دوو حیزبی سیاسیی کورد ناچار بکا بۆ ماوەی چەندین ساڵ لە دژی یەکتر بکەونە شەڕی چەکدارانەوە!

ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئێستاش لە ریزی یەکێك لە دواکەوتووترین بەشەکانی لکێنراو بە ئێرانەوەیە. سیاسەتی دەوڵەتەکانی ئێران لەسەر بنەمای هێشتنەوەی دواکەوتوویی کوردستان (لە هەموو بارێکەوە) دامەزراوە. ئەو سیاسەتە بۆتە هۆی ئەوە کە سەنعەت و پیشەسازیی گەورە لە کوردستان پێک نەیەت. هەر بەو پێیەش ئاستی گەشەی کرێکاری سەنعەتیش بەمانا ڕاستەقینەکەی لە پلەی هەرە نزمی خۆیدایە. لە ماوەی چارەکە سەدەی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیشدا، حکومەتی ناوەندی نە تەنیا لە بیری بووژاندنەوەی ژێرخانی ئابووری و گەشەپێدانی سەنعەت (پیشەسازی) لە کوردستاندا نەبووە، بەڵکو بە هەموو شێوەیەک کۆسپ و تەگەرەی لەسەر ڕێگای وەگەڕخستنی پڕۆژە و خەونەکانی سەرمایەی خۆماڵی لە کوردستان ناوەتەوە. ئەم بارودۆخە بۆتە هۆی ئەوە کە سەرمایە وەك پێوەندییەکی کۆمەڵایەتی پتر بەهۆی بوارەکانی مامەڵە و بازرگانییەوە بکەوێتە گەڕ و قازانج و سوودی خۆی لە ڕێگای بازاڕەوە بەدەستبێنێ.

نکۆڵی لەوە ناکرێ کە دیاردەی شارنشینی کە خۆی لەزیادبوونی ڕادەی حەشیمەتی شارەکان و بوونی دامودەزگای جۆراوجۆری خزمەتگوزاریدا دەردەخا گەشەی کردووە، بەڵام گرینگی شارەکانی کوردستان ئێستاش پتر لە نەخشی "بازاڕ" بە مانای شوێنێك بۆ کڕین و فرۆشدا قەتیس ماوە و لەگەڵ ئابووریی بەرهەمهێنانی زەوەند تەواو نامۆیە. ئەمڕۆ ڕادەیەک لە پێشکەوتن و خوێندەواری و پەرەگرتنی شارنشینی لە کوردستانی ئێستادا بێشك بەرچاوترە، بەڵام بیری کۆن و پاشماوی پێوەندییەکانی ڕابردوو ئێستاش قورسایی و کاریگەریی خۆیان لەدەست نەداوە. بۆیە ڕەنگە گەلێك زەحمەت بێ ئابووریی کوردستان و ئاستی گەشەی چینەکان لە چەمکەکانی بۆرژوای و پرۆلیتاریادا پێناسە بکرێن و هەروا سووك و سادەش حیزبە سیاسییەکان مۆرکی یەکێك لەم چەمکانەیان لێبدرێ.

پرۆسەی داگیرکردن و بێبەشبوونی کورد لە دەسەڵاتی سیاسی دەورێکی گرینگی هەبووە لە شێوازی سروشتی گەشەکردنی پێوەندییەکانی بەرهەمهێنان لە کوردستاندا. داگیرکراوی و دابەشکراوی کوردستان کاریگەری گەورەی لەسەر چۆنیەتیی ناکۆکی و ململانێیەکانی نێوخۆی کۆمەڵگەی کوردەواری داناوە و خەسڵەتی تایبەتیی خۆی پێبەخشیوە. ئەگەر لە کۆمەڵگەیەکی ئاساییدا ناکۆکییە نێوخۆییەکانی چینە دژبەر دەبێتە بزوێنەری مێژوو، لە کۆمەڵگەیەکی داگیرکراودا ململانێ نێوخۆیی یەکان تا ڕادەیەکی زۆر دەچنە حاڵەتێکی دیفاعی و پەڕاوێزەوە. لە بەرانبەردا کۆمەڵ بە هەموو چین و توێژە دیموکراتیەکانییەوە خۆی لە قۆناغی ڕزگاریی نیشتمانی و بەدەسهێنانی سەربەخۆییدا دەبینێتەوە. هەر لەو سۆنگەیەوە دەتوانین بڵێین خەباتی چینایەتی لە کوردستان وەك پێویست پێنەگەیشتووە و ناکۆکییە نێوخۆییەکانی کە بە شێوەیەکی سروشتی خۆی لە گەشەی چینە کۆمەڵایەتییەکاندا دەبینێتەوە نەگەیشتۆتە ئەو قۆناغەی کە چینێکی کۆمەڵایەتی بەدژی چینێکی تر شۆڕشی کۆمەڵایەتی وەرێبخا.

بەڵام مەبەستی پێشڕەو لە هەموو ئەو زیادەڕەوییانە ئەوە بوو کە نێوەڕۆك و خەسڵەتێکی چینایەتی تۆخ و سەرەکی بە بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بلکێنێ و بە وێنەی بزووتنەوەیەکی چینایەتی بکەوێتە هەڵسەنگاندن و نرخاندنی. پێشڕەو وای دەنواند وەڵامی گشت پرسیارەکانی خەڵکی لەلایە و تەواوترین فۆرمۆڵ و ڕوونکردنەوە بۆ هەموو شتێك و بۆ هەموو کەس دەربارەی دنیا و مێژوو و ژیان دەخاتە بەردەست و کلیلی هەموو بوارێکی لێکۆڵینەوەی لە کەشکەڵانی ئاسمانەوە بۆ بەدیاری هاتووەتە خوارەوە.

لە خوێندنەوەی پێشڕەودا ڕەوایەتی دەقە تیۆرییەکان، بەستراو بە کات و سەردەم و مێژوویەکی دیاریکراوی کۆمەڵگەکان نەبوون. هەر بۆیە کاتێك تیۆرییەکانی لەگەڵ بنبەست و شکست ڕووبەڕوو دەبوون، بیری بەلای ناتەواوی و قەیرانی دەقەکانیدا نەدەچوو، بەڵکو بەپێچەوانەوە ئەمەی

دەگەڕاندەوە سەر تێنەگەیشتوویی خەڵك لە دەقە ئەسڵییەكان و واقیع دەكرایە هۆكارێكی ناكۆك بۆ جێنەگرتنی دەقەكان. پێشڕەو لای وابوو كۆمەڵگە كەرەسەیەكی خاوە بۆ كارپێكردن و لەقاڵبدان كە وەك هەویر هەر فۆرمێكی بیویستبا، پێی دەبەخشرا. لێرەدا ڕووكاری مێتافیزیكییانە بەسەر ڕووكاری ئەقڵانی و دیالەكتیتییدا سەروەر و باڵادەست دەبوو. ئەو ڕووكارە مێتافیزیكییەش بریتی بوو لە باوەڕ بە جەبرییەت و حەتمییەتی گواستنەوەی میكانیكی و یەك بە دوای یەكی شێوازەكانی بەرهەمهێنان و دڵنیایی لەوەی كە ئەم ڕەوتە پرۆسەی مێژوویەكە كە بەدایم لە بەرەوپێشچوون و سەركەوتندایە.
لەڕاستیدا دەتوانین بڵێین ئەو ماركسیزمەی پێشڕەو كاری بۆ دەكرد پتر بانگەواز و مزگێنی و دروشمی بریقەدار و كۆمەڵێك چەمكی گشتی و "تەجریدی"ی بەتاڵ و دانەڕێژراو و بیرلێنەكراوە بوو بۆ تێگەیشتن لە واقعێكی دیاریكراو. بەڵام لەبەر ئەوەی لاپەڕەكانی پێشڕەو نامۆ بە كاری پشوودرێژ و زانستی بوون، لە هەمبەر پرس و تایبەتمەندییەكانی كۆمەڵگەی كوردەواریدا نەیدەتوانی وڵامی پڕبەپێست و واقعبینانە بێنێتە ئاراوە. پێشڕەو چ ئەوسا و چ ئێستا خۆی لە قەرەی ئەو پرسیارە گرینگە نەدا كە: داخوا دەكرێ سۆسیالیزم لەسەر بناغەی پاشكەوتوویی وڵاتێك دابمەزرێ؟ بە وتەیەكی دیكە ئایا سەرخانێكی پێشكەوتوو دەتوانێ ژێرخانێكی پاشكەوتوو بەدوای خۆیدا ڕابكێشێ؟ بە لەبەرچاوگرتنی سەرجەم ئەو ڕاستییانە ڕەنگە ئێستا كاتی ئەوە هاتبێ بڵێین ئەو كۆمۆنیزمەی پێشڕەو لە كوردستان لە هەوڵی سەپاندنیدا بوو، لە چەشنی كۆمۆنیزمێكی ڕەق و سەرەتاییدا دەبوو و هەنگاوەكانیشی لە "دابەشكردنی هەژاری" لە وڵاتێكی داگیركراو و نیشتمانێكی دابەشكراو و دواكەوتوودا نەیدەتوانی چیتر واوە بچێ.

## ڕوانگەی پێشڕەو لە ئاوێنەی ئاماردا

لەدرێژەی ئەم باسەدا سەرنجێك لە ئاماری كۆماری ئیسلامی لەسەر وەزعی ئابووریی كوردستان لە دوو پارێزگای بە ڕواڵەت پێشكەوتووی كرماشان و سنە دەتوانێ تا ڕادەیەكی زۆر لەو پێوەندییەدا یارمەتیدەرمان بێ. بەگوێرەی ئەو ئامارە ڕەسمییە كە لە ساڵی 1375ی هەتاویدا بڵاوكراوەتەوە سەرجەم دانیشتوانی هەر دوو پارێزگای سنە و كرماشان 3/124979 كەسە. لەو ژمارەیەش 2/301000 كەس بە حەشیمەتی ئەكتیڤی كار دادەنرێن. لەو نفووسەش لە هەر دوو پارێزگادا 82،77% كار دەكەن و 17،23% بێكارن. لە سەرجەمی مزەگران و مووچەخۆرانی كورد لەو ناوچاونە 106/133 كەس لە سنە (كە لە ئاماری ڕەسمیدا بە كوردستان ناودەبرێ) و 84/111 كەس لە كرماشان لە كەرتی تایبەتدا كار دەكەن. ژمارەی 202،447 نەفەر لە هەر دوو پارێزگادا بە كاركردن لە كەرتی گشتی دەوڵەتیدا سەرقاڵن. بەڵام لە هەر دوو پارێزگادا 1838 نەفەر لە بەشی هەرەوەزەیدان و 21607 نەفەر نەیانگوتوە بۆ دابینكردنی ژیانی خۆیان لە كام بەشدا كاردەكەن. سەرجەم و تێكڕای مزەگران و مووچەخۆرانی كوردی دانیشتووی ئەم دوو پارێزگایە خۆی لە ژمارەیەكی وەك 416/136 كەس نزیك دەكاتەوە كە لەو ژمارەیە 113/424 نەفەر لە بەشی كشتوكاڵ و ڕاو و لێرەوار، 149 كەس لە بەشی ماسیگرتن، لە بەشی هەرەوەزیدا لە سنە 932 كەس و لە كرماشان 1521 كەس سەرقاڵی كاركردنن. لە بەشی پیشەسازی لە پارێزگای سنە ئامارێك نییە. بەڵام لە كرماشان 26638 كەس لەو بەشەدا خەریكی كارن. 5226 كەس لە بەشی ئاو و كارەبا و گاز، 109/047 لە بەشی بیناسازیدا، 81/847 لە بەشی عومدەفرۆشی و وردەفرۆشی، 52143 كەس لە هوتێل و بەشی هاتووچۆ و ئەنبار و دەڵاڵیدا خەریكی كارن. لە سەرجەم كرێكارانی كورد 132/971 كەس كرێكاری ئاسایی سادەن. سەرجەمی ئەو كارگە پیشەییانەی زیاتر لە 100 كرێكار كاریان تێدا دەكا لە پارێزگای سنە 5 واحیدە. لە كرماشانیش 17 واحیدە. لە حاڵێكدا لە ناوچەیەكی وەک خوراسان 30 ناوەندی كاری فەننی هەیە.[5]

بە سەرنجدان بەو ئامارە بۆمان دەردەکەوێ کە تیۆرییەکانی پێشڕەو و کۆمەڵە، ئەو تشتە گشتییانە نەبوون کە بنەمایەکی زانستییان هەبێ. هەروەها بە وردبوونەوە لەو ڕاستییانە کە لەو ئامارەدا نیشان دەدرێ، دەتوانین بێژین نووسەرانی پێشڕەو سەرەتاییترین زانیارییان لەسەر زێدەبایی، مزە، مووچە، کەرەسەی بەرهەمهێنان، پێوەندیی کۆمەڵایەتی و بنەماکانی سۆسیالیزمێك کە پێشەوایانی ئەو تیۆرییە دایانهێنابوو نییە. پێشڕەو بۆ سەلماندنی هەڵوێستی سیاسیی خۆی لە کوردستان تەنانەت بنەماکانی بناغەدارێژەرانی سۆسیالیزمی وەبەرچاونەدەگرت. مارکس لەم بارەوە دەنووسێ: "لە بناخەوە پرۆسەی گەشەکردنی پرۆلتاریاری سەنعەتی بە گەشەکردنی بۆرژوایی سەنعەتییەوە گرێدراوە. هەر بەم پێیە پرۆلتاریای سەنعەتی بە شێوەیەکی سەراسەری پەرەدەستێنێ. بوونی ئەو پرۆلتاریایە دەگاتە ئاستێك کە شۆڕشێك وەڕێدەخا و ئامرازەکانی بەرهەمهێنانی نوێ سازدەکا. هەر ئەو ئامرازانەن کە زۆر لە ئامرازە شۆڕشگێڕییەکانیش پێکدێنن. دەسەڵاتی بۆرژوایی سەنعەتی لە پێشدا ڕیشەکانی کۆمەڵگەی فیۆداڵی دەردەکێشێ و ئینجا دەورانێك دێنێتە ئاراوە کە لەودا سەردەم سەردەمی شۆڕشی پرۆلتاریایە و بەس."[6]

کۆمەڵە لەحاند ئەو ڕاستییانە و بۆ ئەوەی توانیبێتی نێواخنێك بۆ کەلێن و بۆشاییەکانی تیۆرییەکانی هێنابێتەوە، پەنادەباتە بەر دوو چەواشەگەری: یەکەم ئەوە بوو کاتێك دەبینێ لە کوردستان ئەو پرۆلتاریا سەنعەتییە هێشتا پرۆسەی پێگەیشتنی خۆی نەپێواوە، دێنێ دەست بۆ جوانکارییەکی بێوێنە ڕادەکێشێ و "خۆی" واتە مەوجوودییەتە ڕێکخراوەییەکەی بە پرۆلتاریا دەشوبهێنێ و دەنووسێ: "هاتنەمەیدانی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران، وەك دیارگەی وشیار و ڕێکخراوی پرۆلتاریای ساوای کوردستان نیشاندەری ئەوەیە کە خەباتی کرێکاران و زەحمەتکێشانی کوردستان دژ بە ستەمی نەتەوایەتی و چینایەتی پێی ناوەتە قۆناغێکی تازەوە. وجوودی کۆمەڵە ئەوە دەردەخا کە پرۆلتاریای کوردستان بۆ بەدەستەوەگرتنی ڕابەریی خەباتی میللی/ دێموکراتیکی گەلی کورد هەوڵدەدا و ئەوە نیشاندەدا کە کرێکاران و زەحمەتکێشانی دەستەنگی کوردستان دەیانەوێ خەباتی خۆیان سەربەخۆ لە بۆرژوای کورد و دژ بە ناپەیگیرییەکان و خەیانەتەکانی ئەو هەتا هەڵگیرانی ستەمی نەتەوایەتی و هاوڕێیی لەگەڵ چینی کرێکاری ئێران هەتا سەرکەوتنی یەکجاری بەسەر بۆرژوای و بەرپاکردنی سۆسیالیزم پەیگیرانە درێژە پێبدەن. کۆمەڵە کە تاقە پارێزەری پەیگیر و ڕاستەقینەی بەرژەوەندی کرێکاران و زەحمەتکێشانی کوردستانە بۆ ڕابەریی لێبڕاوانەی بزوتنەوەی شۆڕشگێڕانەی گەلی کورد هەوڵدەدا و لەپێناو پێوەندیی عەمەلیی ئەو بزوتنەوەیە لەگەڵ خەباتی کرێکاران و زەحمەتکێشانی ئێراندا پەیگیرانە تێدەکۆشێ... ئێستا بە هاتنی چینی کرێکار بۆ مەیدانی خەباتی چینایەتی، دەوری مێژوویی ڕابەریی چینە چەوسێنەرەکان لە بزوتنەوەی میللی کوردستاندا جێگای خۆی داوە بە دەورەیەك کە لەودا بزوتنەوەی میللی دیموکراتیکی کوردستان دەتوانێ و دەبێ بە ڕابەریی چینی کرێکار بە ئاکام بگا."[7]

دووهەم؛ پێشڕەو پێی وا بوو هەموو مزەگرێك پرۆلیتاریایە، بێ ئەوەی بزانن پرۆلتاریایەکی کە مارکس باسی کردوە، لە پێوەندی لەگەڵ ئامرازی بەرهەمهێنان و بوونی چینی سەرمایەدار و زێدەبایی و چەوسانەوەی کرێکاردا دێتە ئاراوە. هەروەك گوترا، من نامانهەوێ بڵێم لە کوردستان کرێکار و مزەگر نییە. بەڵام ئەو کرێکارەی کۆمەڵە باسی دەکا؛ ئەو کرێکارە نییە کە مارکسیزم باسی دەکا. بۆیە ڕەنگە جارێکی تریش پێویست بێ ئەو پرسیارە ڕووبەڕووی ڕێبەرانی کۆمەڵە بکرێتەوە کە داخوا بڵێی فۆرماسیۆنی ئابووریی وڵاتێکی داگیرکراوی وەك کوردستان لە جیهانی واقیعدا گەیشتبووە ئەو پلەیەی کە مارکس خوازیاری تێکشکاندنی سیستەمی حکومەتەکەی بوو؟ کەرەسەی بەرهەمهێنان و ئەرتەش و پادگان و دەزگا حکومەتییەکەی و پێوەندیی سەرمایەداری ئامانجی تیۆرییەکەی مارکسە. پرسیار

ئەوەیە لە کوردستانێکدا کە نە خاوەنی دەوڵەت، پارلمان، هێزی سەرکوتگەری نیزامی، ئابووریی چڕوپڕی سەرمایەداری، کارگە و کارخانە، کرێکاری پیشەیی و هەموو ئەو تایبەتمەندیانەیە کە نیزامێکی سەرمایەداری پێکدێنن و پێویستە بە وتەی مارکس لەنێو بچێ، ئاخۆ حیزبی دێموکرات ئەو سیستەمەی دامەزراندبوو کە پێویست بێ لەلایەن هێزی پرۆلیتاریای کۆمەڵەوە تێکبشکێندرێ؟

## پێشڕەو و دۆزی نەتەوەیی کورد

ئەگەر ناسیونالیزم لە کورتترین مانای خۆیدا بریتی بێ لە دوکترین و گوتار و بنەمایەك کە خوازیاری پێکەوەنانی ماڵێك بۆ نەتەوە بەهۆی دەوڵەتێکی نەتەوەییەوە بێ، ئەوا دەتوانین بڵێین هەر لە دەم و کاتی دەسپێکی کاری پێشڕەو هەتا ڕۆژگاری ئێستا پێشڕەو لە ململانێیەکی ناڕەوای بێ نێوبڕدا بووە بە دژی پێکەوەنانی کیانێکی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

پێشڕەو لای وابوو: "لاچوونی ستەمی میللی بە مانای باشتربوونی هەلومەرجی ژیانی جەماوەرێکی بەرینی خەڵکی کوردستان نیە... لاچوونی ستەمی میللی نە مانای کۆتایی پێهاتن و لەنێوچوونی چەوسانەوەیە و نە مانای دابینکردنی بیمەی بێکارییە، نە مانای کەمبوونەوەی سەعاتکارە و نە مانای لاچوونی ستەمە لەسەر ژنان، نە مانای ئازادیی دەربڕینی بیروباوەڕ و نە مانای ئازادیی پێکهێنانی ڕێکخراو و مانگرتنە. ئەگەر لە دەورەکانی ڕابردوودا ناسیۆنالیزم مەسەلەن مانای ئەوە بوو باج و بەرتیلی حکومەتی مەرکەزی و فیۆدالیزم نەمێنێ و لەم بارەیەوە بە ژیانی جەماوەرێکی بەرینەوە گرێدرابوو و قودرەتێکی بەرینی بۆ هەڵخڕاندنی خەڵك هەبوو، ئەمڕۆ ناسیۆنالیزم لە کوردستان هیچ کام لەو خاسییەتانەی نییە و هیچ لایەنێکی پێشکەوتنخوازیی کۆمەڵایەتیی تێدا نییە."[8]

وەك دەبینین، پێشڕەو هەموو دۆزی کوردی تەنیا لە ڕوانگەیەکی ئابووریخوازانەوە هەڵسەنگاندوە و لای وایە مافەکانی کورد تەنیا تا ئەو ڕادەیە شیاوی لەسەرکردنەوەن کە لە خزمەت قازانج و بەرژەوەندیی چینی کرێکاردا بێ. بە واتایەکی تر، مەسەلەی کورد بۆ پێشڕەو لە باشترین حاڵەتی خۆیدا پاشکۆیەك بووە بۆ سەرخستنی خەباتی چینی کرێکار. دۆزی کورد بەدرێژایی هەموو ئەو ساڵانە لە دەزگا و سیستەمی فیکریی پێشڕەودا قەت وەك دیاردەیەکی "قایم بە زات" و "سەربەخۆ" گرینگیی پێنەدرا. بۆ بەدەوڵەتبوونی کورد نە تەنیا پلانێکی دانەڕشت، بەڵکو بە هەموو شێوەیەك هەوڵیدا مەسەلەی نەتەوەیی و سەروەری نەتەوەیی بخرێتە پەراوێزەوە. لە نەگبەتی کورد ئەوانەی وا پێخۆری فیکریی پێشڕەویان بەرهەم دێنا، تەنیا لەگەڵ یەك تەفسیر و تەنیا لەتەك یەك چەشن لە مارکسیزم شارەزاییان هەبوو. ئەو تەفسیرەش لەمێژ ساڵ بوو بەهۆی حیزبی توودەی ئێرانەوە بۆ بنەماڵەی چەپی ئێران بە میرات بەجێ مابوو. ئەو میراتەش بەتوندی و بە تۆخی ئاوێتەی توخمی ڕەگەزپەرستی و باندەستیی نەتەوەی فەرمانڕەوا کرابوو. بە جۆرێك کە نەتەوە ژێردەستەکان بەگوێرەی ئەو میراتە بۆ هەمیشە و بۆ هەتاهەتایە مەحکوم بە مانەوە لەو جوغرافیایەدا بوون کە بە ئێران ناسراوە. لە خوێندنەوەی بنەماڵەی چەپی ئێران بەگشتی و پێشڕەو بەتایبەتیدا، تێکدانی ڕیزی سەربەخۆی چینی کرێکاری ئێران و بەرژەوەندییەکانی ئەو چینە کرابووە بیانوویەك بۆ دژایەتیکردن لەگەڵ مافخوازیی نەتەوەکان. بەگوێرەی دیتنی پێشڕەویش کورد بۆی نەبوو کێشەکەی وەک مەسەلەی نەتەوەیەکی دابەشکراو و نیشتمانێکی داگیرکراو بێنیتە گۆڕێ و خوازیاری کۆتاییهێنان بە داگیرکراوی وڵاتەکەی بێ.

هەر لەم بواردەدا یەکێکی دیکە لەو گاڵتەجاڕیانەی پێشڕەو گرتبوویە پێش مەسەلەی هەڵگرتنی دروشمی مافی دیاریکردنی چارەنووس بوو. پێشڕەو داوای لە کورد دەگرت بۆ ئەستاندنی مافی زەوتکراوی ڕوو لە شۆڕش و بەرەنگاربوونەوە بکا و لەو نێوەدا گەیشتن بە مافی دیاریکردنی چارەنووسی بە سارێژکەرەوەی ژان و ئازارەکانی خەڵکی کوردستان نێو دەبرد، کەچی بەگوێرەی چۆنیەتی تەفسیری

ئەو دروشمە لەلایەن پێشڕەوەوە کورد دەبوایە دوای هەزاران قوربانی دیسانیش مەحکوم بە مانەوە لەنێو ئەو سنوورە جوغرافیاییەدا بێ.لە سە مافی دیاریکردنی چارەنووس بەم چەشنە لە پێشرەودا دەخوێنینەوە:

"ما اساسا طرفدار اتحاد ملتها در یك چهارچوب شورایی و انقلابی در کل ایران هستیم و چنین اتحادی را مستمرآ تبلیغ می‌کنیم و فکر می‌کنیم که دامنه حقوق و آزادیهای انسانی برای مردم کردستان در یك چنین نظامی و در وحدت و یگانگی با کارگران و زحمتکشان ایران بمراتب بیش از آن چیزی خواهد بود که بۆرژوای کرد تحت هر عنوانی مطرح می‌کند و حرکت کارگری در یك محیط دمکراتیك خواهد توانست مقبولیت اجتماعی و سیاسی راەحلهای خود را به تائید اکثریت قاطع مردم کردستان برساند. (ئێمە لە بناخەڕا لاگیری یەکێتی نەتەوەکان لە چوارچێوەی شۆرایی و شۆڕشگێڕیی لە تەواوی ئێراندایین و بەردەوام بانگەشە بۆ یەکێتییەکی وا دەکەین و پێمانوایە کە ئاستی ماف و ئازادییە ئینسانییەکان بۆ خەڵکی کوردستان لە سیستەمێکی ئەوتۆدا و لە یەکێتی و یەکبوون لەگەڵ کرێکاران و زەحمەتکێشانی ئێران، زۆر زیاتر لەوە دەبێ کە بۆرژوای کورد لە ژێر هەر ناوێکدا دەیهێنێتە ئاراوە و بزاوتی کرێکاریی لە بەستێنتکی دیمۆکراتیدا دەتوانێ ڕێگاچارە پەسندکراوە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی خۆی بکاتە جێی پشتیوانی زۆربەی خەڵکی کوردستان)[9]

بۆ پێشڕەو ئەو وڵاتە داگیرکراوە تاقیگە بوو. تاقیگەی تاقیکردنەوەی کۆمەڵێك فۆرمۆلی وشك و برینگ و نامۆ بە کەشوهەوای کۆمەڵی کوردەواری. بیرمەندان و تیۆریسییەنەکانی ئەو فۆرمۆڵانەش بریتی بوون لە شۆڤێنیستترین کەسانی وەك "ئیرەج ئازەرین" و "مەنسوری حیکمەت" و "حەمید تەقوایی". واتە کەسانێك کە بە ڕێبوارییش بەو وڵاتەدا تێنەپەڕیبوون، نە لە مێژووی خەڵکی ئەو وڵاتەیان دەزانی و نە حەزیشیان دەکرد لێی بزانن. کەچی لە نەگبەتیی کورد بڕیاری چارەنووسسازی شەڕ و ئاشتییان پێسپێردرابوو.

سەدان ساڵ داگیرکراوی و ژێردەستەیی کۆمەڵی کوردەواری هۆکارێک بوو بۆ ئەوەی هەستی خۆبەکەمزانین دزە بکاتە نێو توێژێك لە ڕووناکبیر و خوێندەواری ئەم وڵاتە و توانەوە لەنێو گروپێکی شۆڤێنیست مەسلەکدا. دیارە لە هەڵبژاردنی ئەم چارەنووسەدا پێشڕەو خۆی سووچبار بوو. ئەو هاتبوو هەموو شتێکی خەڵکی وڵاتەکەی خۆی ڕەتکردبووەوە. بەلای ئەوەوە چ بەهایەکی کولتوری و سیاسی و مێژوویی ئەم کوردستانە شیاوی ئەوە نەبوو بە بنەمای وەربگرێ؛ خەتێکی ڕەشی بەسەر مێژوو، کولتور و زمان و تەنانەت گشت ڕاپەڕینەکانی کورددا کێشابوو. هەموو شتێکی ئەم کوردستانە یا کۆنەپەرستانە بوو یاخود بۆرژوایی. ئەو خۆداتەکاندنە نەیدەتوانی کەلێن و بۆشاییەکی گەورەی ڕۆحی و فیکری چێ نەکا. هەر بۆیە پێشڕەو بە چاویلکەی چەپێکی نەتەوەی باڵادەستەوە لە دۆزی نەتەوەی کوردی دەڕوانی. بۆ دەرکەوتنی ئەو ڕاستییانە با پێکەوە سەرنجێك لەم چەند فاکتە بدەین.

لەم فاکتەی خوارەوەدا بۆمان دەردەکەوێ کە لەبەر ڕەوابوونی کێشەی کورد نییە کە کۆمەڵەی پاش هاتنی سەهەندیەکان، بەشداری لە بزوتنەوەی کورددا دەکا، بەڵکو لەبەر ئەوەیە نەهێڵێ بۆرژوایی کورد مێشکی کرێکاران بە بیری ناسیۆنالیستی دەرمانداو بکا. "کومەلە در مبارزە برای تحقق مطالبات ملی خلق کرد شرکت می‌کند و برای پیشبرد و بە پیروزی رساندن آن برنامە می‌ریزد. دفاع از این مطالبات حق طلبانە بوی امکان میدهد کە بە سراغ تضادها و کشمکش های طبقاتی برود و نگذارد بۆرژوای کردستان افکار و مبارزات طبقە کارگر را بە سموم ناسیونالیستی وعقب ماندە آلودە سازد. (کۆمەڵە لە تێکۆشان بۆ وەدیهێنانی خواستە میلییەکانی گەلی کورددا بەشداریی دەکا و بۆ بردنە پێش و سەرخستنی، بەرنامە دادەڕێژێ. پشتگیریی لەم داخوازە ڕەوایانەیە دەرفەت بە کۆمەڵە دەدا کە

بچێتە سەر ناكۆكی و ململانێ چینایەتییەكان و نەهێڵێ بۆرژوای كوردستان بیر و ڕا و خەباتی چینی كرێكار بە ژەهری ناسیۆنالیستی و دواكەوتووانە پیس بكا"[10]
لە فاكتی دووهەمیشدا، ناسیونالیزم دەبێتە هۆیەك بۆ لێدان و سەركوتكردن و لەقاودانی سیاسی و دەگوترێ: "در تمام مدتی كه ما حزب دمكرات را بە خاطر دفاع از مالكیت و مناسبات سرمایەداری، دفاع از حفظ طبقات و نابرابریهای طبقاتی موجود، بە خاطر ضد كمونیسم، بە خاطر انكار طبقە كارگر و مخالفت با مطالبات و سازماندهی مستقل آن، بخاطر ناسیونالیسم و تلاش برای فریفتن و بە كجراە بردن كارگران، بخاطر ضد دمكراتیسم، زور گویی و پایمال كردن حقوق مردم زحمتكش، بخاطر سازشكاری و معاملە گری با جمهوری اسلامی و سیاست خیانت كارانە نسبت بە جنبش كردستان، بە خاطر تلاش در كسب مقبولیت در نزد امپریالیستها و بۆرژوای ایران و تلاش برای شركت در ائتلافهای بۆرژوای علیە انقلاب ایران و مصالح زحمتكشان، بخاطر نقض موازین دمكراتیك در مناسبات احزاب و سازمانهای سیاسی در كردستان، و بالاخرە بخاطر تعرضات فزایندە و خونین علیە كومەلە و سرانجام جنگ تمام عیار علیە آن مورد افشاگریهای سیاسی قرار میدادیم و ذهن طبقە كارگر و مردم زحمتكش را با ماهیت واقعی این حزب و سیاستها و عملكردهای آن روشن میساختیم...( لە تەواوی ئەو ماوەیەدا كە ئێمە حیزبی دیمۆكراتمان لەبەر داكۆكیكردنی لە خاوەندارێتی و پێوەندییەكانی سەرمایەداری، داكۆكیكردنی لە پاراستنی چینەكان و ئەو نابەرابەرییە چینایەتییانەی كە هەن، لە بەر دژایەتیكردنی لەگەڵ كۆمۆنیزم، لە بەر حاشاكردن لە چینی كرێكار و دكایەتیكردنی لەگەڵ داخوازەكان و رێكخستنی سەربەخۆی چینی كرێكار، بە هۆی ناسیۆنالیزم و هەوڵدانی بۆ فریودان و بە لاڕێدا بردنی كرێكاران، بە هۆی دژایەتیكردنلەگەڵ دیمۆكراتیسم، خۆسەپێنی و پێشێلكردنی مافەكانی خەڵكی زەحمەتكێش، لە بەر سازشكاری و ئەون و بەست لەگەڵ كۆماری ئیسلامی و سیاسەتی خائینانەی بە جۆڵانەوەی كوردستان، بە هۆی هەوڵدانی بۆ قبوڵكرانی لای ئیمپریالیستەكان و بۆرژوای ئێران و تێكۆشانی بۆ بەشدارییی لە ئیئتلاگەگەلی بۆرژوای دژی شۆرشی ئێران و بهرژەوەندیی زەحمەتكێشان، لە بەر پێشێلكردنی رێوشوێنە دیمۆكراتییەكان لە پێوەندییەكانی نێوان حیزب و رێكخراوە سیاسییەكان لە كوردستان و سەرەنجام بە هۆی دەسدرێژی روو لە زیاد و خوێناوی دژ بە كۆمەڵە و دواتر شەڕی هەمەلایەنە لەگەڵ كۆمەڵە، دەخەینە بەر لە قاودانی سیاسی و مێسكی چینی كرێكار و خەڵكی زەحمەتكێش، لە نێوەرۆكی راستەقینەی ئەم حیزبە و سیاسەتەكان و كردەوەكای رۆشن دەكردەوە...)[11]
"ناسیونالیسم كرد هست، بە كلەاش بزنید. پدر سوختە است و تا ابد باید زد تو سرش. هر ناسونالیستی را باید زد. موضع همەی كمونیستها در دنیا این است..."[12] هشدار در مقابل ناسیونالیسم بجاست. من هم در مبارزە با ناسیونالیسم مبارزە كردەام مخالف ناسیونالیسم با همەی وجودهم هستم."[13] "ما بودیم و كردیم، علیرغم همە محدودیتهایمان حزب بزرگی چون دمكرات را زدیم داغانش كردیم."[14](ناسیونالیزمی كورد هەیە، لە تەوقی سەری بدەن، سەگبابە و تاهەیە و دەبێ لە تەوقی سەری بدەی. هەر ناسیۆنالیستێک دەبێ لێی بدرێ. هەڵوێستی هەموو كۆمۆنیستەكان لە جیهاندا هەر ئەوەیە...[12] وریایی دان لە سەر ناسیۆنالیزم بەجێیە. منیس دژی ناسیۆنالیزم تێكۆشاوم و بە هەموو تواناوە دژی ناسیۆنالیزمم.[13]. ئیمەبووین سەرەڕای هەموو كەم و كووڕییەكانمان حیزبیكی گەورەی وەک دیمۆكراتمان تێک شكاند[14].
زۆرمان نەگوتوە گەر بڵێین ڕێبەرانی كۆمەڵە لە سازمانەكەیاندا هەموو كاتێ سانچۆ پانزای دۆن كیشۆت حیكمەت بوون. كورد وتەنی وەكو ئەسپی زینكراو بوون. بۆ خۆشكردنی زەمینەی شەڕی نێوخۆیی و كوشتنی هاووڵاتیی سەر بە "حیزبی بۆرژوای" لە قزڵباشی بێبەزەیی سەفەویی، بێبەزەییتر بوون. ئەدەبیاتەكەی پێشڕەو بە ستایلی كتێبی دۆن كیشۆت نووسراوە. دەشێ بۆ چوونە قووڵایی ئەم

تراژیدیایه، له چ مێتۆد و کەرەسەیەکی تر جگە لە کولتوری لەخۆنامۆبوون و ژێردەستەیی کەڵك وەربگرین؟ تراژیدیای ئەم ڕەوتە تەنیا لەوەدا نییە کە ناسیۆنالیزمی قەبووڵ نییە، بەڵکو پێش هەر شتێ لەوەدایە کە بەبێ ئەوەی بزانێ، بۆتە ئامرازی گوتاری ناسیۆنالیزمی نەتەوەی باندەست و تێیدا تواوەتەوە. گرفتەکە هەر ئەوە نییە نازانێ کێیە و چی دەوێ و چۆن باسی خەون و ئاواتەکانی خەڵکی وڵاتەکەی خۆی دەکا، بەڵکو ئەو لە پێش هەموو شتێکدا لە ئارگومێنتێك دەگەڕێ کە ئەو بە پلەی هاوشێوەیەتی بگەیەنێ، واتە پێی نەڵێن کورد و پێی نەڵێن ناسیۆنالیست.
ئەوەی لە یەکەم ڕوانینی ئەو فاکتانەدا سەرنج ڕادەکێشێ، سایکۆلۆژیی تێکڕووخاوی نوخبەی وڵاتێکی داگیرکراوە کە شانداچەقاو، لاهەڵدڕاو و گووپ قرینجاو، بێ پێڵاو، تەنیا خەمی ئەوەیەتی بە جۆرێك خۆی بنوێنێ کە ڕووناکبیری نەتەوەی باڵادەست لە ڕیزی خۆیدا وەریبگرێ. چ ڕووداوێك دەتوانێ لەوە تراژیکتر بێ کاتێ نوخبەی خەڵکی وڵاتێکی داگیرکراو بۆخۆی ببێتە ئامرازێك بۆ تێکدانی ناوماڵی شێواو و لێکترازاوی خۆی؟
هەولدان بۆ خۆ هاوشێوەکردن لەتەک نوخبەی نەتەوەیبباڵادەستیش ڕووبەر و پانتاییەکی بەرفراوانی هەیە. دەتوانێ هەر جارەی بە شێوەیەك لە شێوەکان وێنەیەك لە خۆیمان پێشان بدا. جاری وایە خۆی بە لاساییکردنەوە و خۆهەڵدان بۆ دیتنەوەی خۆی لە ئەوی تردا، جارێك بە دەستبردن بۆ چەك و کوشتنی برا و خوشکی خۆی و جارێکی تریش بە هەڵسەنگاندنی چەواشەگەرانەی ڕووداوەکان و ساویلکەیی و دەمارگرژیی، خۆی نیشان دەدا. هەرکام لەو سیفەت و تایبەتمەندییانە بەگوێرەی کات و سەردەم خۆی لە بەیانێکی سیاسیی تایبەتدا دەبینێتەوە. لە لاساییکردنەوەدا دەچێتە قاڵبی تووتییەوە: چی پێ بڵێی، چاك و خراپ، جوان و ناحەز، بەبێ بیرکردنەوە دووپاتی دەکاتەوە. بەدرێژایی مێژوو لە کۆمەڵگە و لەنێو بنەماڵەدا، لە شوێنی کار و لە قوتابخانە، بەهۆی مێدیا و ڕۆژنامە، هێندە لەسەری دراوە و نکۆڵی لە شوناسی نەتەوەیی کراوە، هیچ متمانەیەکی بە خۆی نەماوە و نازانێ کە ئەویش گەر بیەوێ دەتوانێ بە مێشکی خۆی بیر بکاتەوە و شتەکان بخاتە بەر گومان و لێکدانەوە. عادەتی بە تەمبەڵی و تەوەزەلی فیکری گرتووە. پێی وایە هەر دەبێ خەڵکی تر بیری بۆ بکاتەوە و لە وانەوە شت فێر بێ. دەتوانێ بە درێژایی چەندین ساڵ گوند بە گوندی کوردستان بۆ لەداو خستنی نەیاری بەزۆر داتاشراوی خۆی کەمیندانێتەوە، شەڕ بکا، بکوژێ و بکوژرێ. بەڵام زۆر زوو ڕەزاگران دەبێ بەوەی کە پێی بڵێی لەدوای چەند سەرچاوەی زانستی بگەڕێ بۆ ئەوەی بزانێ ناسیۆنالیزم چییە و ئەو کوردە بە کرێکار و جوتیاریەوە، بە بازاڕی و ڕووناکبیرییەوە، بە ژن و بە پیرییەوە، بۆچی حازرە سەر و ماڵی لە پێناودا دابنێ و حیکمەت لەو فیداکارییە دەبێ چی بێ؟ لە وڵامدا دەڵێ: "هاوڕێیان دەزانن!" پێی خۆشە شەو و ڕۆژ بیرەتێنن، دارایی و سەرچاوەی ماڵیی پێ کۆ بکەنەوە، بەڵام پێی نەڵێی ڕۆژێ دانیشە سەعاتێك بیر بکەوە بۆ ئەوەی بزانی ئەو وانەیەی هاوڕێیان فێریان کردووی چەندە بە قازانجی دۆزی خەڵکی وڵاتەکەی خۆتە. جگە لە هەموو ئەوانە خۆشباوەڕ و ساویلکەشە. بە پیاڵەیەک ئاو دەکەوێتە مەلە. ڕۆژێك دەتوانی پێی بڵێی لە کوردستانەوە دەبینە پێکهێنەری ئەنترناسیۆنالی کۆمۆنیستی بۆ ڕێبەرایەتیکردنی کرێکارانی جیهان. ڕۆژێکیتر واتە لەدوای قەبووڵکرانی بڕیارنامەی 598ی ئەنجوومەنی ئاسایش و کۆتایی هاتنی شەڕی نێوان ئێران و عێراق کە ئاسۆی بزوتنەوەی کوردستانیشی تا ڕادەیەك لێڵکردبوو، دەتوانی پێی بڵێی: شۆڕشی سۆسیالیستی دەبێ لە ئەوروپاوە دەستپێبکا، ئێوەش دەبێ یارمەتیی هاوچینەکانتان بدەن بۆ ئەو شۆڕشە، بچنە ناویان، ڕوونیان بکەنەوە، چەنای چەند ساڵە ڕێڤیزیۆنیستەکان مێشك و بیریان خەواندوون، پێویستیان بە وشیارکردنەوەیە...! ئیتر ناپرسێ منی هەژاری کورد بە چ زمانێك ئەو کارە بکەم. چ ناسیاوییەکم لەسەر گرفتەکانی ئەوروپایی هەیە. خۆ بۆخۆی لە هەموو شتێکدا کەم بێنێ لە بیر و فەلسەفە و ڕووناکبیریدا کەم ناهێنێ! بەکورتی،

لاپەڕەی مێشك و زەینی سپیە. دەتوانی بە کەیفی خۆت شتی تێدا تۆمارکەی و بە نیگاری دڵخوازت بینەخشێنی. دەشکرێ خوشك و برای خۆی پێ بکوژی. بە شێوەیەکی خورافی خۆی بە بەشێك لە چینی کرێکاری جیهانی دەزانێ، بەبێ ئەوەی ئەو چینە ئەو و خەباتەکەی ئەو بە هی خۆی بزانێ.
مانگ و ساڵ و تەنانەت ڕۆژی کۆبوونەوەکانی حیزبی سۆسیال دیموکراتی ڕووسیەیان پێ لەبەرکردوە، بەڵام پێی ناخۆشە پێی بڵێی برۆ چەند پەرتووکی مێژووی خەڵکی وڵاتەکەی خۆشت وەك شەرەفنامە بخوێنەوە. هێندێك بە توحفەی موزەفەریە ڕۆح و ڕەوانی خۆت تیفتیفە بدە. سەرێکیش لە مەم و زینەکەی خانی بدە. لەم گەشتەدا دیوانی حاجی قادر و پیرەمێرد و... تاد لەبیر مەکە. ئەگەریش ئەو بەرهەمانە بە کۆن و بەسەرچوو دەزانی، بێشکچی بکە بە مانیفێستی خۆت. ئەو پێت دەڵێ کورد بوون یانی چی، ناسنامەی نەتەوە چ بایەخێکی هەیە، کوردستان کوێیە، بۆ دابەشکراوە، داگیرکردنی چ کاریگەرییەکی لەسەر بیر و هزری من و تۆ داناوە. لە هەموو ئەوانەش گرینگتر بێشکچی فێرمان دەکا چۆن وەك کورد بیر بکەینەوە، چۆن دەتوانین لەژێر کاریگەریی وتاری ڕووناکبیرانی نەتەوەی باندەست قوتارمان بێ. کەچی ئەووا لە "ئەنترناسیۆنالیزم" حاڵیکراوە کە کورد نابێ باسی دەوڵەتی نەتەوەیی خۆی بکا، ناسیۆنالیزم دزێوە، بۆرژواییە، ژاری خاپاندنی چینی کرێکارە، شەڕهەڵایسێنە و... تاد. بەڵام ناسیۆنالیزم چەمکێکی گشتییە و هەڵگریشێوازی فرەچەشن و فرەجۆرە.ناسیۆنالیزمی نەتەوەی ژێردەست و ناسیۆنالیزمی نەتەوەی باندەست دوو لە جۆرەکانین. یەکیان دەتوانێ لە بزاڤێکی عەقڵانییەوە بەرەو ناسیۆنالیزمێکی پەلاماردەر و مەزنخواز بخزێ، وەك ناسیۆنالیزمی فارس و عەرەب و تورك. ئەو جۆرە ناسیۆنالیزمە هەڵگری هیچ جۆرە سروشتێکی دیموکراتیانە نییە. هەر بۆیە ڕەواشە لەقاو بدرێ. جۆرەکەی تری ناسیۆنالیزم، نەتەوەی ژێردەستە وەك ناسیۆنالیزمی کورد، کە نە چاوی بڕیوەتە نیشتمان و بەر و بۆی نەتەوەیەکی تر و نە بوونی خۆی لە نەبوونی نەتەوەیەکی تردا بەدی دەکا. لە باشترین حاڵەتیشدا ترۆپکی خەو و حەزی ئەو ناسیۆنالیزمە ئەوەیە دەوڵەتی نەتەوەیی خۆی هەبێ.
کەچی ئەو لە ڕەفیق ئازەرینی سەرزارەکی بیستوە "ناسیونالیسم پدر سوختە است" و دەبێ لە سەری بدرێ. بەڵام نازانێ بۆ دەبێ لە سەری بدرێ. لەڕاستیدا ئەو دوژمنی شتێکە کە نایناسێ. نازانێ ناسیۆنالیزم چییە و بەری چ دارێکە. حازرە عومرێك بە گوێبیستی فێری شت بێ، بەڵام لە خۆی ڕانابینێ سۆمای چاوەکانی خۆی بەکاربێنێ بزانێ بۆ هەر ناسیۆنالیزمی کورد دزێوە و دەبێ لێی بدرێ. ئەگەر کورد گوتی دەمەوێ لە وڵات و نیشتمانی خۆم منیش کیانێکم هەبێ بەبێ ئەوەی هەڕەشە لە کەس بکەم و پەلامار بۆ کەسی تر بەرم، بۆ ئەمە ناڕەوایە.
لێرەوە دەمەوێ بڵێم ناکرێ بە تەنیایی شانەی هەموو ئەو گرفتانە لە سەری مارکسیزمدا بشکێنین. بزاڤی ڕۆشنبیریی کورد و سایکۆلۆژیی ئینسانی کوردیش ئەو زەمینە بەهێزەی تێدایە ببێتە چەکی دەستی ئایدۆلۆژی و کەڵکی ئامرازیی لێ وەرگیرێ. لە جێگای ئەوەی ئایدۆلۆژی بکاتە ئامرازێك بۆ بەختیارکردنی کۆمەڵگەکەی، خەڵکی وڵاتەکەی دەکاتە قوربانی بێ ئەوەی بۆخۆی بزانێ.

### پێشڕەو و چەمکی دەسەڵات

بە شێوەیەکی گشتی دەتوانین بێژین گەیشتن بە دەسەڵات مەبەستی گشت حیزب و ڕێکخراوەیەکی سیاسییە کە لە گۆڕەپانی کۆمەڵدا تێدەکۆشن. بۆ پێشڕەویش وەك ئۆرگانی ڕێکخراوێکی سیاسی، مافی سروشتی خۆی بوو خەو بە دەسەڵاتەوە ببینێ. بەڵام گرفتی پێشڕەو ئەوە بوو تا سەر ئێسقان پشت ئەستوور بە خوێندنەوەیەکی غەیرە دیموکراتی بۆ گەیشتن بە دەسەڵات بوو. لە تێگەیشتنی پێشڕەو بۆ

چەمکی دەسەڵات، ڕێزگرتن لە ئیرادە و دەنگی زۆرینە بە ناوی دیموکراسی بۆرژوایی قەڵب و هەڵخەڵێتێنەر ناوزەد کراوە و لە تێگەیشتنی سەقەت و ڕواڵەتیی پێشڕەودا هەست بەوە نەدەکرا ئەوە کە لە وڵاتێکدا دەرەتان بۆ کۆمەڵانی خەڵك دەڕەخسێ کە لە ڕێگای دەنگدانەوە نوێنەرەکانیان دەسنیشان بکەن، نە دەسکەوتێکی بچووك و نە بەرهەمی لوتف و بەرەکەتی چینێکی تایبەتییە، بەڵکو بەرهەمی خەباتی دوورودرێژی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتییە.
بەلای پێشڕەووەوە، ئەوەی دەتوانێ هەقانییەت بە چەمکی دەسەڵات ببەخشێ، ئەو ئایدۆلۆژیەیە کە ئەو هێزە پێی پشت ئەستوورە. لەو نێوەشدا دیاریکردنی هەقانییەت و ڕێبەرایەتیی ئەو ئایدۆلۆژییەش بە کۆمەڵێك ئێلیت و هەڵبژاردە ئەسپێردراوە کە ناوی ڕێبەرانی کۆمۆنیستیان لەسەر خۆیان داناوە. ئەم ئێلیتە لە ڕەساڵەتێکی مێژوویی دەدوێ کە لەلایەن چینی کرێکارەوە پێی ئەسپێردراوە. هەر لەو سۆنگەیەوە بووە پێشڕەو نەیتوانیوە بڕوای بە دەسەڵاتێکی ئیئتلافی لەگەڵ چەند هێزی سیاسیی دیکەی جیا لە خۆی هەبێ. بەگوێرەی بنەما فیکرییەکانی پێشڕەو، ئەمە بە سازانی چینایەتی و تێکدانی سەربەخۆیی چینی کرێکار دەژمێردرێ. بەکورتی بڵێین، ئەو دەسەڵاتەی پێشڕەو لە کوردستان تامەزرۆی هاتنەدی بووە، بوونی بە نەبوونی بەرانبەرەکەیەوە گرێدراوە. لەڕاستیدا دەسەڵاتێکی یەكحیزبی و یەکدەنگی کە لەگەڵ دەنگ و ڕەنگیتر ناحەوێتەوە و هەڵناکا.
پێشڕەو بەدرێژایی چەند ساڵ ڕۆژهەڵاتی کوردستانی کردوە گۆڕەپانی ڕقەبەرایەتیی شەڕی ئایدۆلۆژییەکان. لەو نێوەدا تا ئەو جێگایەی بۆ ڕۆڵ و نەخشی خۆی و ڕێکخراوەکەی دەگەڕایەوە، دەوری بیری مارکسیزم- لێنینیزم و نوێنەریی چینی کرێکاری دەگرتە ئەستۆ. لە بەرامبەردا، بەرانبەرەکانی بە حیزبی بۆرژوا و نوێنگەی کۆنەپەرستی و دژ بە شۆڕش لەقەڵەم داوە. پێشڕەو لای وابووە ئەم دوو ئایدۆلۆژییە دژبەرە، کێشە و ململانێی لە ئاشتی نەهاتووی دوو چینی کۆمەڵایەتین لە کوردستان و درەنگ یا زوو لەسەر مەسەلەی دەسەڵات دەکەونە شەڕی دەستەویەخەوە. پێشڕەو و خاوەنەکەی بنەما و نۆرمە دیموکراتییەکانی دنیای مۆدێرنی لە پێوەندی لەگەڵ چەمکی دەسەڵاتدا بە ناوی بیری قەڵبی بۆرژوای لەقەڵەم داوە. بۆ پێشڕەو دیموکراسی پلانێکی داڕێژراو نەبوو بۆ ژیان و شێوازێك بۆ تێڕوانینێکی هەمەلایەنە سەبارەت بە پەیوەندییەکانی نێو کۆمەڵگە و دیاریکردنی ئەرك و مافەکان، بەڵکو دەروازە و ئامرازێك بوو بۆ قۆرخکردن و مۆنۆپۆلکردنی دەسەڵاتی تاکە حیزبی لە کوردستان.
پێشڕەو پشت ئەستوور بە تەفسیرێکی چینایەتی بوو لە چەمکی دیموکراسی. هەر لەبەر ئەوە ئەگەر پرێنسیپی ڕێزگرتنی ئەوی دی وگواستنەوە و دەستاودەستکردنی دەسەڵات لە حیزبێکەوە بۆ لایەنێکی تر بە شێوەیەکی ئاشتیخوازانە هۆکارێکی گرینگی سەقامگیری و پاراستنی دیموکراسی بێ، بەگوێرەی ئەو هزرەی پێشڕەوی لێکەوتووتەوە ئەم دەسکەوتە وەك بیرێکی قەڵب کە سازانی چینایەتی بانگەشە دەکا، دەدرایە بەر هێرش و لۆمە و لە قاودان.

## پێشڕەو و مەسەلەی داهێنانی فیکری

پێشڕەو لە باری فیکرییەوە بڵاوکراوەیەکی داهێنەر نەبوو؛ بەدرێژایی تەمەنی نەیتوانی خوێندنەوەیەکی تیۆریکی ئەوتۆ بێنێتە بەرهەم کە دۆزی کورد هەنگاوێك بەرەوپێش بەرێ. ئەو لە قۆناغێکدا نازناوی "جونبشی مەقاومەت"ی بەسەر بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورددا سەپاندبوو، لە قۆناغێکی تریشدا بەپێی بڕیارنامەکانی کۆنگرەی دووەمی کۆمەڵە بۆ ماوەیەك سیاسەتی حاشاکردن لە

دۆزی نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان گرتبووە بەر و بزووتنەوەی کوردی بەدرێژەی ڕاپەڕینی ڕێبەندانی 57 لەقەڵەم دەدا.
پێشڕەو لە هەموو ماوەی ژیانیدا نامۆ بە داهێنانی فیکری بوو. لە گۆڤاری "کۆمۆنیست"دا چی لەلایەن ڕەفیق حیکمەت و ڕەفیق ئازەرینەوە نووسرابا دەسبەجێ دەبووە پێخۆری پێشڕەو. لەڕاستیدا پێشڕەو "کۆپییەک" بوو لە گۆڤاری کۆمۆنیست و ئامراز و کەرەسەیەك بوو کە چۆنیان ویستبا وایان دەخەملاند و لە قالبیان دەدا. پێشڕەو کێڵگە بوو، چۆنیان ویستبا دەیانکێڵا و چۆنیان پێخۆش با بەروبوویان لە کەو دەدا. هەڵبەت بەپێی کات و سەردەم بۆ ئەم کەرەسەیە میکانیزمی جوراوجۆر دادەنرا. جارێك دەیانکردە مەکۆیەك بۆ نێڵدانی شەڕی کوردکوژی و جارێکی تر نوشتەی ئاشبەتاڵیان بۆ دەنووسی.
پێشڕەو بە درێژایی ئەو ساڵانە چاولەدەست بوو. چاولەدەستی چەند کەسێکی فەرچکگرتوو بە بیری شۆڤێنی نەتەوەی فەرمانڕەوا کە لە قەوارەی مارکسیزم- لێنینیزمدا دیفاعیان لە سەروەری و ڕەگەزپەرەستیی نەتەوەی باڵادەست دەکرد و ڕیزەکانی کۆمەڵەیان پێدەخافڵاند.
ئەگەر بە مەبەستی دۆزینەوەی داهێنانی فیکری سەرلەبەری ئارشیڤی گشت ژمارەکانی پێشڕەو بپشکنین، ڕەنگە تیۆریی "سێکوچکە"گەورەترین داهێنانی ژیانی پێشڕەو بە حیساب بێ. بەگوێرەی ئەو تیورییە بەلەوەزە لە کوردستان سێ دژبەری لە ئاشتی نەهاتوو لە ململانێدا بوون. لایەکیان بۆرژوای دەسەڵاتدار و لایەکی تریش بۆرژوای کورد و سێیەم جەمسەریشی "پرۆلتاریای ئاگا و وشیاری کورد" بوو کە پێشڕەو ئەرکی نوێنەرایەتیکردنی گرتبووە ئەستۆ! مەبەست لە پرۆلتاریای وشیاری کورد کۆمەڵە بوو؛ بۆرژوایی کوردیش نازناوی حیزبی دێموکرات بوو کە لەلایەن پێشڕەووە خەڵاتی کرابوو.
لەو ساڵانەدا بەشێك لە ژیانی پێشڕەو بۆ جێخستنی ئەو تیۆرییە لاپرەسەنیە تەرخان کرا. خەڵکانێکی زۆر لە باشترین ڕۆڵەکانی کورد بوون بە سووتەمەنیی ئاگری ئەو تیۆرییە کە پێشڕەو وەك قوتابخانەیەك کاری بۆ دەکرد و خەڵکی بۆ پێدەگەیاند.
پێشڕەو بڵاوکراوەیەکی شەڕئەنگێز بوو. وانە و عەقڵایەتی پێشڕەو لەو ساڵانەدا وانەی کوشتن و خوێنڕشتن بوو. وەك لایەنێکی بەکوشتدانی دەیان ڕۆڵەی کورد، قەد جارێك لە جاران، پێشڕەو بەخۆیدا نەچۆوە، بۆ بەکوشتدانی ئەو هەموو خەڵکە ماتەم دڵی دانەگرت و بەش بەحاڵی خۆی لە هەڵەکانی ورد نەبۆوە. لە قامووسی پێشڕەودا کوشتنی ئینسانی کورد بەدەستی یەکتر شەڕی چینەکان بوو. لە شەڕی چینەکانیشدا جێگایەك بۆ سازان و نەرمی نواندن نەیدەتوانی لە ئارادا بێ. لەو ڕووەوە دەتوانین بڵێین دانی خەسڵەتێکی شەڕەنگێزانە پڕبەپێستی پێشڕەو بوو.
جگە لەوانەش، تا دڵ دەخوازی پێشڕەو نوێنگەی دەمارگرژی بوو. پێشڕەو نووسان لایان وا بوو تەنیا ئەوان هەقیقەتی ڕەهایان لە گۆش دایە. بە دەگمەن بیری لە پلورالیزمی فیکری و سیاسی و قەبووڵی جیاوازی دەکردەوە. مەبەستی سەرەکیی پێشڕەو گەیاندنی خاوەن و دانەرەکانی بە کورسیی دەسەڵات بوو. بەڵام لەو نێوەدا ئەوەی گرینگ نەبوو، چۆنیەتیی گەیشتن بەو مەبەستە بوو. لەو چرکە ساتانەدا لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان سنووری نێوان شەڕ و ئاشتی بە موو بەند بوو. پێشڕەو وەك لایەنێکی شەڕەکە زەمینەی لەباری بۆ شەڕی کوردکوژی ئامادە کردبوو. تەنانەت لە باری فیکرییەوە حەولی‌دابوو تیۆرییەك بۆ ڕەوابوونی شەڕی کورد لەگەڵ کورد داتاشێ و وەکو شەڕێکی ڕەوا و هەر لەو کاتەدا پێویست ڕیزەکانی کۆمەڵەی بۆ خۆشە بکا. بە واتایەکی تر دەتوانین بڵێین تا ئەو جێگایەی بۆ نەخشی پێشڕەو دەگەڕێتەوە، زەمینە و تیۆریی شەڕی کوردکوژی زۆر پێشتر لە هەڵگیرسانی شەڕەکە، هەموار کردبوو و لە کاتی تەقینەوەی ناکۆکییەکانیشدا پێشڕەو پێویستیی بەوە نەبوو لە نزیکەوە لێیان وردبێتەوە و دەستنیشانی هۆکارەکانی بکا و هەڵەی خۆی و لایەنی بەرانبەری دیاری بکا. هەموو قەرار و بڕیارێك لە پێشدا بڕابۆوە.

لەو کاتانەدا، ئەو ئیمامزادەیەکی پاك و بێ خەوش بوو، لایەنی دژبەریش نوێنەری شەڕ و تاریکی. بەکورتی بڵێین، لە ئاکامی ئەو بەستەڵەکە فیکرییەدا داهێنان و گەڕان بەدوای دۆزینەوەی ڕێگای چارەسەر، جێگای خۆی دابوو بە تۆڵە ئەستاندنەوە و نیشاندانی زەبروزەنگ.

## تەبلیغات و ڕاوێژی سیاسیی پێشڕەو

گرفتێکی دیکەی پێشڕەو، زمانە سیاسییەکەی بوو. ئەو زمانە سیاسییەی پێشڕەو پێی دەدوا، زمانی ڕادەربڕین و ئاخافتن و دیالۆگ نەبوو، بەڵکو زمانی تەحەکووم و زاڵبوون بوو. ئەوەی لەو نێوەدا بیری لێ نەدەکرایەوە زمانی پێکگەیشتن لەگەڵ دەرەوەی خۆی بوو. هەربۆیە زەقکردنەوەی ناکۆکییەکانی بە بنەما دەگرت و کارکردن لەسەر خاڵە هاوبەشەکانی دنیای دەرەوەی خۆی لەبیر دەکرد. پێشڕەو لای وابوو لەو ڕێگایەوە هۆویەتێکی تاقانەی لە کەس نەچوو، بۆخۆی چێدەکا، بەلام دواتر دەرکەوت دروستکردنی هۆویەتێکی تاقانە، تەریککەوتنەوە و بەتاقکەوتنەوەی لێ دەکەوێتەوە و پەراوێزنشینیی لێ بە نەسیب دەبێ. کاتێکیش هەست دەکا بە خێرایی بەرەو تەریککەوتنەوە مل دەنێ، مەنتیقی شەڕ و پێکدادان لە قالبی تیۆریی چینەکاندا دەهۆنێتەوە و بە کەڵکوەرگرتن لە زەبری چەك خەونی هەرەسی بەرانبەرەکانی دەبینێ.

پێشڕەو ئەو شێوە کارەی ناو نابوو "تەبلیغاتی هوشیارکەرانە". تەبلیغاتی هوشیارکەرانەش لەڕاستیدا دەمامکێك بوو بۆ چاندنی تۆوی ڕق و نەفرەت و کوردکوژی. پێشڕەو نەیدەویست ئەو ڕاستییە بسەلمێنێ کە لە کەشوهەوایەکی تایبەتی و نائاساییدا کە هەردووك هێزی سیاسیی لە گژیەکتر ڕاچوو خاوەنی هێزی چەکداری تایبەت بە خۆیان بوون و بچووکترین کێشە دەیتوانی گەورەترین کارەساتی لێ بکەوێتەوە، پێویستە تەبلیغاتی سیاسییش هێندێك تێبینی لەبەرچاوبگرێ و زەمینە و ئاگری شەڕ و پێکدادان خۆش نەکا.

ڕەنگە لێرەدا بۆ کارهاسانی و بۆ کێشانی وێنەیەك لە تەبلیغاتی وشیارکەرانەی پێشڕەو بۆ خوێنەر و بەتایبەتی بۆ نەوەی تازەی کورد، باشترین کار ئەوە بێ بڵێم تەبلیغاتی پێشڕەو لە چەشنی تەبلیغاتی ئەوڕۆی گروپە شۆڤێنیستییەکەی مەنسوور حیکمەت بوو کە بە ناوی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری دژایەتیی لەگەڵ دۆزی کورد دەکا.

لەو سەردەمەشدا ئەو تەبلیغاتە بە تین و گوڕێکی وا ناکۆکییەکانی نێوان خۆی و حیزبی دێموکراتی دەهەژاند و لەژێر ناو و دەمامکی تەبلیغاتی وشیارکەرانەدا تۆوی نەفرەت و ڕەق و تۆڵەئەستاندنەوەی دەپەژاند و ڕیزەکانی کۆمەڵەی بە گیانی لە ئاشتی نەهاتوویی کێشەکانی لەتەك "بۆرژوایی کورد" هاندەدا. لەم بارەیەوە دەخوێنینەوە:

تەبلیغاتی ئێمە بە شێوەی ئاسایی لە خزمەت وشیارکردنەوەی کرێکاران و کۆمەلانی خەڵکدایە. هەر ئەمە بۆتە هۆی نارەزایەتی و هەڵەشەبوونی حیزبی دێموکرات. ئەگەر تەبلیغات لەلای حیزبی دێموکرات وەك جۆرە توجارەتێك چاوی لێ دەکرێ، لەلای ئێمە هەمیشە وەسیلەیەك بووە بۆ وشیارکردنەوەی کرێکاران و ئاگادارکردنیان لە واقیعیەتی نێو کۆمەڵ و لە وەزعیەتی سیاسی و لە ماهییەت و کارکردنی هێزە سیاسییەکانی نێو جامعە. جا ئەگەر ئەم تێکۆشانەی ئێمە لەگەڵ بەرژەوەندی حیزبی دێموکرات وەك حیزبێکی بۆرژوای سازگار نەبوو، ئەوە بە خودی ئەو حیزبە و قازانج و مەسڵەحەتی چینایەتیی خۆی مەربوتە. لە داهاتووشدا بێگومان ئێمە تەبلیغاتی وشیارکەرانەی خۆمان لەنێو کرێکاران و زەحمەتکێشانی کوردستاندا درێژە پێدەدەین و ئەگەر کەسانێك نەتوانن تەحەمولی بکەن، دەبێ فکرێك لە حاڵی خۆیان بکەنەوە".[15]

ئەگەر لێرەدا کەسێك تەنیا بە شێوەیەکی ڕواڵەتی و نامۆ بە بنەما و پرێنسیپەکانی مۆدێلی حیزبی سەرکردەی لێنینی بێ (کە پێشڕەو خۆی بە وێنەیەك لەو دەزانی) ڕەنگە چ گرفتێك لەو تێکستەی سەرەوەی پێشڕەودا بەدی نەکا و بە وێنەی پێشڕەو ئەویش لای وابێ مافی سروشتیی هەر حیزبێکی سیاسیە باس لە جیاوازییەکانی خۆی لەگەڵ دنیای دەرەوە بکا. بۆیە ئەگەر لەو گۆشەیەوە بۆ خوێندنەوەی تەبلیغاتی وشیارکەرانەی کۆمەڵە بچین، دەبێ دان بەوەدا بنێین وڵامەکەی دەربڕی ڕاستییە. چونکە کۆمەڵە ویستوویەتی لە تەبلیغاتی سیاسیی خۆیدا شوناسی خۆی لە پێوەندی لەگەڵ دەرەوەی خۆی ڕوونتر بکاتەوە. ئەزموونیش نیشانی داوە لەو جێگایەی دەنگی جیاواز دەخنکێندرێ و بەر بە فرەچەشنی دەگیرێ، توندوتیژی بەرهەم دەهێنرێ و ئاسایش و پێکەوەژیان لەگێرەژنە دەچێ.
بەڵام ئەگەر بمانەوێ بە قووڵایی ناو ڕەهەندە فیکرییەکانی حیزبی پێشڕەودا شۆڕبینەوە، یەکەم شتێ سەرنجمان ڕادەکێشێ ئەوەیە کە بنەما فیکرییەکانی ئەو جۆرە حیزبانە لەسەر سڕینەوەی جیاوازی و فرەچەشنی دامەزراوە. ئەگەر جیاوازی و فرەچەشنی ئەو ژێرخانە فیکرییە بێ کە بیرۆکەی کۆمەڵگەی مەدەنیی لا دروست دەبێ، ئەوا بنەماکانی حیزبی سەکردە و پێشڕەو بە واتای لێنینی دەقا و دەق خۆی لە نوختە بەرانبەریدا دەبینێتەوە. وتاری حیزبی سەرکردە بەگشتی و کۆمەڵە بەتایبەتی هەڵگری یەك پێناسەیە بۆ هەقیقەت. هەقیقەت یەکە و نابێ بە دوو و بە چەند. ئەو هەقیقەتە تاکەش تەنیا لای وان دەستدەکەوێ و دنیای دەرەوە دەربڕی بەشێك لە هەقیقەت نیە. واتە کۆمەڵە بە پشتبەستن بە ئایدۆلۆژییەك پێی وا بوو دوایین هەقیقەت لە پاوانی ئەودایە. لێرەوە دەکەوتە خانەی شەڕێکی ڕانەگەیەنراو بەدژی هەر چەشنە ڕێژەگەراییەك. ئەو دەیویست بە نوێنەرایەتیی چینێکەوە بەناوی هەموانەوە و لەباتی هەموان قسە بکا. لەو تێڕوانینەدا هیچ جێگایەك بۆ کۆمەڵگەی مەدەنی و قەبووڵی فرەچەشنی و ڕێککەوتنی هێزەکان لەسەر بنەمای چوارچێوەیەکی یاسایی و سیاسیی گونجاو نەیدەتوانی بەدی بکرێ. لە کۆمەڵە و پێشڕەو وا بوو تەنیا دەقە تیۆرییەکانی ئەوان دەتوانن تەعبیر لە هەموو جیاوازییەکانی کۆمەڵی کوردەواری بکەن. هەربۆیە دەکەوتنە بە ناشەرعیکردنی هەموو ڕەوت و تەیارەکانیتر و سڕینەوەی جیاوازی و فرەچەشنی لە کۆمەڵی کوردەواریدا.
پێشڕەو پێی وابوو گشت زانستە مرۆڤییەکانی سەر گۆی ئەم زەوییە لە پاوانی ئەودایە و مەکۆ و مەڵبەندی هەموو ئەقڵ و مەعریفەتی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتییە. بۆ چارەسەرکردنی گیروگرفتەکانیش نوسخەی ڕزگاری تەنیا لای ئەو دەستدەکەوێ. لە پێهەڵداگوتن و پەسنبێژیی خۆیدا حاتەمی تاییش تۆزی نەدەشکاند. ئەم میراتە ئێستاش بە بۆقەتە ملی ڕێبەرانی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانەوە نووساوە.[16]
سەدەی ڕابردوو نیشانیدا چ لە ئاستی جیهانیدا و چ لە کوردستانەکەی خۆمان، ئەوانەی پێیان وابوو بنەما فیکری و سیاسییەکانیان دەربڕی دوایین هەقیقەتی سەر گۆی زەوین، نەتەنیا نەیانتوانی ئەو بەهەشتە دروست بکەن کە بەلێنیان دابوو، بەڵکو بەهۆی جەوهەری نەفیگەرانەیان گەورەترین ماڵوێرانییشیان بۆ خەڵك هێنا کایەوە. ئەگەر بنەما فیکرییەکانی پێشڕەو لە نوختە بەرانبەری چەمکی جیاوازی و فرەچەشنیدا بوون، لە هەمبەر دۆزینەوەی خاڵی هاوبەش و کاری هاوبەشیشدا کۆسپێکی گەورە بوون. لە کۆمەڵگەیەکدا کە هێشتا نەیتوانیوە سەقامگیریی سیاسیی خۆی وەدەستبێنێ و کێشەی دەسەڵاتداریی نەتەوەیی هێشتا وڵامی خۆی وەرنەگرتۆتەوە، گوتاری سیاسیی هاوبەش و هاوکاری و هاوخەباتیی هێزە سیاسییەکان بەدژی دوژمنی هاوبەش، ئەگەر لە گوتاری ڕێزدانان بۆ جیاوازی و فرەچەشنی زیاتر گرینگیی نەبێ، کەمتری نییە.
لێرەدا مەبەستمە بڵێم بۆ بزووتنەوەی کورد چەمکی جیاوازی و یەکگرتوویی ڕیزەکانی تەواوکەری یەکترن و لە نێویاندا پێوەندییەکی زیندوو و ئۆرگانێك هەیە. نەبوون و لە پەراوێزخستنی هەرکامیان

ئاكامی زیانباری لێدەكەوێتەوە. بۆوێنە ئەگەر تەنیا زەقكردنەوەی جیاوازییەكان بە بنەما بگیرێ، زیانمان بە كێشە سەرەكییەكەمان لەگەڵ دەسەڵاتی فەرمانڕەوا گەیاندووە. ئەگەر گرینگیی گووتاری هاوبەش و پاراستنی یەكێتی ڕیزەكانی گەلەكەمان ئاوا وەرگرتبێ، جیاوازی و فرەچەشنیمان پەلامارداوە. لەو میانەدا هەروەك بنەما فیكرییەكانی پێشڕەو كاری بۆ سڕینەوەی جیاوازی دەكرد و لە خاڵی بەرانبەری پلۆرالیزمی فیكری و سیاسی و دابەشكردنی دەسەڵاتدا لەنگەری دەگرت، بە هەمان شێوەیش لە هەمبەر گوتاری كاری هاوبەش و بەرەییدا كۆسپی گەورەی نابۆوە. بوونی بەرە و تێكۆشانی هاوبەشی هێزە سیاسییەكانی كوردستانی بە ناوی "پۆپۆلیزم"بە وێنەی ئەو فاكتانەی خوارەوە ڕەت دەكردەوە و لەسەر ئەو باوەڕە بوو كە: "این منطق از ورای جنبش همگانی كردستان، از ورای تئوری بافیها و فریبكاریهای تئوریك پوپولیستها و حزب بۆرژوای حاضر در كردستان كه میكوشد كارگران را قانع كند كه همەی ما خلقیم و منافع متضادی نداریم و یا فعلا جای بحث از این منافع نیست و باید شیطان بزرگ را نشانه رفت..."( ئەم لۆژیكە لە نێو جووڵانەوەی گشتی كوردستان و لە نێو تیۆری هۆنینەوە و فریوكارییە تیۆریكەكانی پۆپۆلیستەكان و حیزبی بۆرژوایی كوردستان كە هەوڵدەدا، كرێكاران بەوە قانع بكا كە ئێمە هەموو گەلین و بەرژەوەندیی ناتەبامان نییە یان جارێ كاتی باس لەم بەرژەوەندییانە نییە و دەبێ سیلە لە شەیتانی گەورە بگرین...)[17]، یا : "تنها خردە رویزیونیستهایی از قماش راە كارگر و پوپولیستهای فسیل شدەی از نوع گروە اشرف میتوانند خود و مردم را بفریبند و چشم خود را بر واقعیات اجتماعی و سیاسی روشن ببندند و بگویند: از آنجا كە انقلاب كردستان ملی- دمكراتیك است، پس رهبری باید با بۆرژوای باشد! و یا این تحلیل تعدیل شدە و آبرومندانەتر را ارائە دهند كە در انقلاب ملی كردستان بهر حال بۆرژوای هم نقش انقلابی بازی میكند و باید با آن "جبهەی متحدی را تشكیل داد"(تەنیا وردە ڕویزیۆنیست گەلێكی وەك "ڕاەگارگر" و پۆپۆلیستگەلێكی عەنتیكەی وەك گروپی "ئەشرەف" دەتوانن خۆیان و خەڵك فریو بدەن و چاوی خۆیان لە حاند واقعییەتە كۆمەڵایەتی و سیاسییە ڕۆشنەكان ببەستن و بڵێن: لەو ڕووەوە كە شۆڕشی كوردستان میللی- دیمۆكراتیكە، كە وایە ڕێبەرایەتییەكەی دەبێ لە دەست بۆرژوازی دابێ. یان لێكدانەوەیەكی هەمواركراو و ئابڕومەندانەتر پێشكەش بكەن كە لە شۆڕشی نەتەوەیی كوردستاندا بە هەر حاڵ "بورژوایش" دەورێكی شۆڕشگێڕانەی هەیە و دەبێ "بەرەی یەكگرتووی" لەگەڵ پێكبهێنرێ".[18]

ئەگەر لە وڵاتانی دیكە سیاسەت ئامرازێكە بۆ دۆزینەوەی چارەسەری گیروگرفتەكان و كردنەوەی گرێ كوێرەكان، لە وڵاتی ئێمە و لەو ساڵانەدا، سیاسەت بۆخۆی ببوە كۆسپێكی گەورە و بە بنبەست گەیشتبوو. لە كوێی دنیا دیتراوە نەتەوەیەك كە چواردەوری بە دەوڵەتانی داگیركەر تەنراوە و هەڕەشەی نەمانی لەسەر بێ، نوخبە سیاسییەكەی بوونی بەرە و هاوكاریی هێزە سیاسییەكانی بە ئارگومێنتی سازشی چینایەتی و پۆپۆلیزم بەرپەرچ بداتەوە. كازێوەی بەیانێكی كوردی لە كوێ دەیتوانی لەژێر سێبەری خیتابێكی وەهادا بێتە هەڵاتن؟ كێ دەتوانێ تۆسقاڵێك واقعبینی و هەست بە بەرپرسایەتی كردن لەو وتارەدا بەدی بكا؟ كەی زێهنییەتێكی لەو جۆرە دەتوانێ بە تەنگ گیروگرفتەكانی ناو ماڵی كوردەوە بێ و ڕێكی بخا؟

## ڕادەی ڕاستگۆیی لە تەبلیغاتی پێشڕەودا

كاتێك پێشڕەو وەك لایەنێكی شەڕی نێوخۆیی ڕۆژهەڵاتی كوردستان، شۆڕشی كوردی لە شەڕێكی خوێناوییەوە گلاندبوو، لە جێگای ئەوەی هەوڵ بدا هۆكارەكانی ئەو شەڕە ڕاستگۆیانە بێنێتە بەرباس و وەك شەڕی دوو هێزی سیاسیی چەكدار نیشانی بدا كە لە هەر شوێنێك بستۆكەیەك ناوچەی ڕزگاركراو شك ببەن ناتوانن یەكتر تەحەمول بكەن و لەسەر هەیمەنەی ئێستا و دەسەڵاتی دوارۆژ دەكەونە شەڕ و

پێکدادانەوە، بەپێچەوانەوە لە هۆکارگەلێك دەدوا کە تەنانەت نووسەرانی پێشڕەو بۆخۆشیان لە تەنیایی و خەڵوەتی خۆیاندا نەیاندەتوانی بڕوا یان پێ بکەن.
خوێنەر دەتوانێ نموونەی ئەو چەواشەکارییە لەو فاکتانەی خوارەوەدا بەدی بکا و بەگوێرەی خۆی لە ڕادەی ڕاستگۆیی پێشڕەو بۆ دەسنیشانکردنی هۆکارەکانی شەڕی نێوان حیزبی دێموکرات و کۆمەڵە سەرپشك بێ: "حیزبی دێموکرات دەیەوێ نیشان بدا کە مایلە و دەتوانێ کوردستانی شۆڕشگێڕ بە لەبەرچاوگرتنی جێگا و شۆنێکی تایبەت کە وەك جەریانێکی سیاسی کورد هەیەتی بەرەو وەزعییەتێك بەرێ کە بۆ بۆرژوای و ئیمپریالیزم موساعید بێ. حیزبی دێموکرات تێدەگا کە ئیمپریالیزم بەلاڕێدابردن و بە شکستکیشانی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستان و دامەزراندنی نەزمی دژ بە شۆڕش لە کوردستانی دەوێ و هەوڵدەدا خۆی بکا بە وەسیلەی وەدیهێنانی ئەو نیاز و ویستە بۆرژوا ئیمپریالیستییە. حیزبی دێموکرات تێدەگا کە هەر حکومەتێکی بۆرژوایی داهاتووی ئێران پێویستی بە سەرکوتکردنی کۆمۆنیزم، سەرکوتکردنی بزووتنەوەی کرێکاری و شۆڕشگێڕانە و بزووتنەوەی چەکداری لە کوردستان هەیە و هەر لە ئێستاوە بە مەرجی سیاسەتەکانی و یەك لەوانە شەڕخوازی لە دژی سازمانی کۆمۆنیست لە کوردستان خەریکە خۆی وەك هاودەستێکی لەبار بۆ کات و وەختێکی وا خۆی هەڵدەخا... بەڵام ڕەچاوکردنی ئەم ئامانجە دژ بە شۆڕشانە لەلایەن حیزبی دێموکراتەوە شتێکە و وەدیهاتنی شتێکی دیکەیە. مەگەر هەموو جناح و دەستە و گروپەکانی بۆرژوای ئێران، لە خودی جمهوری ئیسلامییەوە بگرە، هەتا جناحەکانی نێوخۆیی و هەتا بەشە جۆراوجۆرەکانی ئۆپۆزیسیۆنی بۆرژوایی ئەم ڕێژیمە، هەموویان چاویان نەبڕیوەتە ئەوە کە لەلای ئمپریالیستەکان مەقبووڵییەتێك پەیدا بکەن؟ مەگەر هەموویان سەقامگیربوون و جێگیر بوونی خۆیان هەر لە گرەوی ئەمەدا نابینن؟ مەگەر هەموویان دژی کۆمۆنیزم و دژی دیموکراتیزمیان نەکردۆتە ئاڵای ئەم هەوڵ و تەقالایەی خۆیان؟ حیزبی دێموکراتیش وەك بەشێکی دیاریکراو و تایبەت لە ئوپۆزیسیونی بۆرژوایی ڕێژیمی ئیسلامی ئێران، ڕێك هەر ئەم خەسڵەت و شێوە و ڕێبازانە لە خۆی نیشاندەدا و لەم ڕێگایەدا شەڕ لەگەڵ کۆمەڵە بۆ نیشاندانی خۆشخزمەتی خۆی، بە شاهید دەگرێ.
ڕەچاوکردنی ئەو سیاسەتە بۆرژوا ئەمپریالیستییە نەك هەر بۆ حیزبی دێموکرات و بۆ دەرکێشانی ئەو حیزبە لە تەنگانە و گیروگرفتەکانی موعجیزەی لە دەست نایە، بەڵکو ئەوەندەی تر ڕیسوای دەکا، بە تاقی دەکاتەوە و بێ بەرگەی دەکا. جیاواز لەوە کە حیزبی دێموکراتیش وەك هەموو جەریانە بۆرژواییەکان ناتوانێ کارایی و توانایی واقیعی جەماوەر بەراورد بکا و یەکی چاو لێ دەکات و سات و سەودا و مامەڵە لەگەڵ "سەرەوە" بە دیاریکردنی چارەنووسی میللەتەکان، سیاسەتەکان و بزووتنەوەکان دەزانێ... حیزبی دێموکرات خۆی بە شۆڕشی کوردستانەوە هەڵدەواسێ، هەتا بتوانێ لەو هەڵوێستە مەتڵووبییەتی تایبەتیی خۆی بۆ ئەمپریالیستەکان و بۆرژوایی حاکم ئیسبات بکا، بەڵام هەرچی لەم سیاسەتەی ئێستادا بەرەوپێش بچێ خەڵك و شۆڕش لەدەست ئەدا تەریك بەو هیوایە کە بتوانێ لە داهاتوودا پاداش و دەسخۆشانەی ئەم خۆشخزمەتییانەی لە بۆرژوای و ئەمپریالیزم وەربگرێ. حیزبی دێموکرات بەبێ ئەوەی هیچی بە نەسیب بووبێ، خۆی لە زەلکلاوی سیاسەتی دژ بە شۆڕش و لە گەنکاری و ڕیسوایی و تەنگانەی سیاسی و تەشکیلاتی هاویشتووە... ئێمە لە دەورەی ئێستادا لەچاو ڕابردوو لە وەزعییەتێکی زۆر لەبارتردایین بۆ بەرەنگار بوونەوەی شەڕخوازییەکانی حیزبی دێموکرات، و بێگومان جگە لە ڕیسوایی و ناکامی و شکستێکی قورس هیچ شتێکی دیکە چاوەڕوانی ئەم قوڵە نۆکەرانەی سەرمایەداری ناکات".[19]
"قسەی تێدا نییە کە بەینی ئێمە و حیزبی دێموکرات ناکۆکییەکی ئایدۆلۆژیکی بناخەیی و ڕیشەیی هەیە کە ئەم ناکۆکییە ئایدۆلۆژیکییە ئێمە وەك نوێنەرانی دوو چین لە بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی

گەلی کورددا لێك جیادەکاتەوە. ئەم ناکۆکییە هی ئەوەیە کە ئێمە و حیزبی دێموکرات نوێنەری دوو چینی جیاوازی کۆمەڵایەتیین: یانی پرۆلتاریا و بۆرژوای. هەر بۆیە هەبوونی ناکۆکی لە سیاسەتەکانی ئێمە و حیزبی دێموکراتدا هەمیشە مەسەلەیەکی تەبیعییە. ئەم ناکۆکییانە ڕیشەی سیاسی-چینایەتییان هەیە و سیاسەتەکانمان لە سەردەمی جۆربەجۆری شۆڕشی کوردستاندا جیاوازییان بووە".[20]
بەگوێرەی پێناسە و خوێندنەوەی پێشڕەو بۆ چینی بۆرژوای، ئەم چینە چینێکی دژ بە شوڕش و کۆنەپەرست بوو. لەم بارەیەوە لە بەرنامەی کۆمەڵە بۆ خودموختاریی کوردستاندا هاتووە: "لە سەردەمی ئیمپریالیزمدا کە سەرمایەداری گەیشتۆتە قۆناغی گەندەڵ بوونی خۆی، بۆرژوای لە سەرتاسەری جیهاندا لایەنگری زەبروزەنگ و کۆنەپەرەستییە". "ما مدتهاست جواب خود را به این شرط دادەایم: حزب دمکرات انقلابی نیست و مسلما از جانب ما نیز نمیتواند اینطور خوانده شود"(ئێمە لە مێژە وەلامی خۆمان بەم مەرجە داوەتەوە. حیزبی دیمۆکرات شۆڕشگێڕ نییە و بێگومان لە لایان ئێمەوە بەمجۆرە پیناسە ناکرێ).[21]
"منشا اصلی اختلافات سیاسی کومله و حزب دمکرات منشا دیدگاههای متفاوت آنان نسبت به جنبش کردستان نیست. در طول این چند سال همین بوده و هست. کومله در انطباق با منافع و آرمان کارگران و زحمتکشان مدام در تلاش بوده است تا جنبش کردستان را تعمیق کند و گسترش دهد، تلاش کرده است مطالبات دمکراتیك و انقلابی آن را شفافتر سازد، در تلاش بوده است تا در بطن همین جنبش تغییر و تحولات اجتماعی در زندگی تودەهای مردم ایجاد کند. کوشیده است با تکیه بر صف مستقل کارگران آگاه و پیشرو، با تکیه بر نیروی کارگران و زحمتکشان و تودەهای ستمدیده تمام توان و ظرفیت جنبش را به کار اندازد، کوشیده است افق پیروزی این جنبش و طریق پیروزی آن را به روشنی معین کند، آنرا توضیح دهد و به همه نشان دهد. حزب دمکرات برعکس برطبق منافع سیاسی بۆرژوای تلاش کردەاست اهداف و مطالبات جنبش خلق کرد را تنزل بدهد، جنبش را از محتوای انقلابی و دمکراتیك خود تهی کند، به نام مردم کردستان و به حساب جنبش کردستان در بالا و با این یا آن جناح بۆرژوای در پی سازش و معامله باشد. بله! اینها همگی واقعیت دارند. این اختلافات سیاسی و طبقاتی، این تمایز تمایز عقیده و در نتیجه تقابل میان کومله و حزب دمکرات تا کنون ادامه داشته و تداوم خواهد داشت. اما مساله اینجاست که کدامیك از طرفین این تقابل را از عرصەی سیاسی به عرصەی نظامی کشانده است"(سەرچاوەی ئەسڵی ناکۆکییە سیاسییەکانی کۆمەڵە و حیزبی دیمۆکرات، سەرچاوەی بۆچوونە جیاوازەکانی ئەوان لە مەڕ جووڵانەوەی کوردستان نییە، لە ماوەی ئەم چەند ساڵەدا ئەوە بووە و دەبێ. کۆمەڵە لە پێناو بەرژەوەندیی و ئامانجی کرێکاران و زەحمەتکێشاندا بەردەوام لە هەوڵدا بووە کە جووڵانەوەی کوردستان قووڵتر و بەربلاوتر بکا، تێکۆشاوە داخوازە دیمۆکراتی و شۆڕشگێڕییەکان روونتر بکاتەوە، لە هەوڵدا بووە کە لە هەناوی ئەم جولانەوەیە گۆڕان و ئاڵۆگۆڕی کۆمەڵایەتی لە ژیانی کۆمەلانی ستەمدیدە پێکبێنێ، تێکۆشاوە، بە پشت بەستن بە ریزی سەربەخۆیی کرێکارانی ئاکار پێشڕەوە بە پشت بەستن بە هێزی کرێکاران و زەحمەتکێشان و کۆمەلانی زۆرلێکراو. تەواوی وزە و توانای جووڵانەوە وەگەڕ بخا، هەولی داوە، ئاسۆی سەرکەوتنی ئەم جووڵانەوەیە و ریگای سەرکەوتنی بە روونی دیاری بکا، شیی بکاتەوە و پیشانی هەمووانی بدا. حیزبی دیمۆکرات بە پێچەوانەوە بە پێی بەرژەوەندییەکانی بورژوازی هەولی داوە ئامانج و داخوازەکانی جووڵانەوەی گەلی کورد بێنتە خوارێ، جولانەوە لە نێوەرۆکی شۆڕشگێڕانە و دیمۆکراتی خۆی بەتاڵ بکا، بە ناوی خەڵکی کوردستان لە سەر حیساب جووڵانەوەی کوردستان، لە سەرەوە لەگەڵ ئەم قۆڵ و ئەو باڵ بۆرژوازی سات و سەودا بکا. بەڵێ! ئەمانە هەموویان واقعیەتیان هەس. ئەم ناکۆکییە چینایەتی و سیاسییانە، ئەم جیاوازییە

ئایدئۆلۆژییە و لە ئاکامدا بەربەرەکانێ نێوان کۆمەڵە و حیزبی دیمۆکرات تا ئێستا درێژەی هەبووە و درێژەی دەبێ. بەڵام پرسیار ئەوەیە کام لە لایەنەکانی ئەم بەربەرەکانێیە، ململانێکان لە بەستینی سیاسییەوە بەرەو بەستینی نیزامیی گوێزاوەتەوە).[22]

ئەگەر بمانەوێ شیکردنەوەی ئەم بەشە لە فاکتەکان بە دوایین ڕستەی کۆمەڵە دەستپێبکەین کە دەپرسێ لە حیزبی دێموکرات و کۆمەڵە کامیان ناکۆکیی نێوان ئەو دوو پارتەی لە مەیدانی سیاسییەوە کێشایە مەیدانی نیزامی، دەتوانین بڵێین کۆمەڵە! ئەگەر لێرەدا کەڵك لەو پێناسەیە وەربگرین کە دەڵێ شەڕ درێژەی سیاسەتە، ئەوا دەشتوانین بڵێین شەڕی نێوخۆیی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئاکامی ئەو سیاسەتە چەوتە بوو کە کۆمەڵە لە ڕێگای هەوڵدان بۆ بەناشەرعیکردنی حیزبی دێموکرات زەمینەی لەباری بۆ ڕەخساند. کاتێك کۆمەڵە هیچ ڕەسالەتێکی مێژوویی بۆ ئەو حیزبە قایل نەبوو، بە کۆسپی سەر ڕێگای شۆڕشی کوردستانی دەزانی و وەك هێزێکی بۆرژوای دەیخستە خانەی هێزێکی دژی شۆڕشەوە، شتێکی سروشتییە ئەو سیاسەتە شەڕ و تێکهەڵچوونی چەکدارانەی لێ بکەوێتەوە. ئەگەر ناکۆکییەکانی نێوان حیزبی دێموکرات و کۆمەڵە بە وتەی کۆمەڵە بەڕاستی ناکۆکیی دوو جیهانبینی و دوو ئایدۆلۆژیی سەر بە دوو چینی دژەبەر و لە ئاشتی نەهاتووی کۆمەڵی کوردەواری بوو، ئاساییش بوو ئەم ناکۆکییانە لە کردەوەشدا خۆ نیشان بدەن و پێکدادان و شەڕ و توندوتیژییان لێ بکەوێتەوە. قەرار نییە شەڕی چینەکان بەگوێرەی فەلسەفەی کۆمەڵە بە وێنەی چەند ڕستەی جوان و ڕازاوە هەر بە تەنیا لەسەر کاغەز بمێنێتەوە. ئەگەر کۆمەڵە بەڕاستی پێی وابوو ناکۆکیی نێوان خۆی و حیزبی دێموکرات ناکۆکییەکی چینایەتییە، دەبێ هەڵگیرسانی ئەو شەڕە نێوخۆییەش بە ئاکامی مەنێقی و ڕەنگدانەوەی ئەو ناکۆکییانە بزانێ. بۆیە ئەوەی کە کۆمەڵە ئیدعای دەکرد بزانین کێ ناکۆکییە سیاسییەکان بۆ شەڕی چەکداری دەگوێزێتەوە پرسیارێکی بێ مانا بوو. خۆدزینەوەیەك بوو بۆ پاساوی هەڵوێستە چەوتەکانی و ڕاکردنێك بوو لە قەبووڵی هەر چەشنە بەرپرسایەتییەك. بۆ حیزبێکی سیاسی لەنێوان فیکر و پراکتیکی سیاسیدا دیواری چین دانانرێ. ئەگەر دیوارێکیش هەبێ یەکەم کاری دەبێ ڕووخاندنی ئەو دیوارە بێ. گۆڕەپان و بەستێنی کاری حیزبێکی سیاسی لەگەڵ وانەگوتنەوەی مامۆستایەك لە قوتابخانە زەوی تا ئاسمان جیاوازیی هەیە. حیزبی سیاسی، ئەویش تازە لە چەشنی چینایەتییەکەی، یەکەم هەوڵی ئەوەیە ڕوانگە و سیاسەتەکانی لەنێو کۆمەڵدا بکا بە هێزێکی ماددی و نایەوێ بنەما فیکرییەکانی تەنیا لە سنووری قسە و دروشمدا بمێنێتەوە. ئەم دیاردەیەش، درەنگ یا زوو، لە هەورامان بێ یا لە موکریان، دەتوانێ یەك ئاکامی چاوەروانکراوی لێ بکەوێتەوە: ئەویش شەڕ و پێکدادانی چەکدارانە! لە لێکدانەوەی بەرپرسیارێتیی ئەو شەڕەشدا ئەوە گرینگ نییە کێ لەپێشدا یەکەم گوللەی تەقاند، چەند کەس لە کام لا گیانیان لەدەستدا. ئەوەی گرینگە ئەوەیە کە ئایا کام سیاسەت هەڵایسێنەری ئەو شەڕە بووە؟ شەڕەکە لە ئاکامی خوێندنەوەی چ ڕوانگە و سیاسەتێك زەمینەی هەڵگیرسانی بۆ خۆش کراوە. ئەویش بەتایبەتی لە کاتێکدا کە هەردووك حیزبی سیاسی (کە بە وتەی کۆمەڵە یەکیان سەر بە پرۆلتاریا و ئەوی دی سەر بە بۆرژوای بوو) خاوەنی هێزی چەکداری تایبەت بە خۆیان بوون تا کەی دەیانتوانی درێژە بە پێکەوەژیانی هێمنانە بدەن؟

ئەم بەشە لە باسەکە لایەنێکی هەستیار و ناسك لەخۆدەگرێ. من نامەوێ لێکدانەوەکەم بە لایەنگریی لایەك و مەحکوومکردنی لایەکەی دیکە وەربگیردرێ. لەگەڵ ئەوەی لەسەر ئەو باوەڕەم خوێندنەوەی سەقەت و دوگمی کۆمەڵە لە کوردستان بە هۆکارێکی سەرەکیی شەڕی نێوخۆیی دادەنێم، بەو حاڵەش لەسەر ئەو باوەڕەم بۆ هەڵسەنگاندنی هۆکارەکانی ئەو شەڕە، هەڵەیەکی گەورەیە کە تەنیا پشت بە فاکتۆرێك هەرچەند گرینگیش بێ ببەسترێ. گەڕان بەدوای هۆکارەکانی ئەو شەڕەدا پانتاییەکی بەربڵاوتری پێویستە و تەنیا بە تاقە هۆکارێك شی ناکرێتەوە. ئەو کارە لێکۆڵینەوەیەکی

زانستییانە و هەمەلایەنەی گەرەکە. هەر لە شیکردنەوەی قووڵی کۆمەڵگەی کوردەواری لە ڕووی کولتورییەوە هەتا ئاوڕدانەوە لە مێژووی دروست بوون و سەرهەڵدانی حیزب و ڕێکخراوی سیاسی لە کوردستان و هەڵسەنگاندن و بەراوردکردنی ڕێبازی فیکری و سیاسی و تەنانەت لێکۆڵینەوەی لایەنی کەسایەتیی ڕێبەرانی ئەو حیزبانە لەڕووی سایکۆلۆژی و مۆڕال و ڕەفتاری کۆمەڵایەتی و چۆنیەتیی ژیان و پێگەیشتنیان پێویستە. هەموو ئەوانەش مەرج نییە لە یەك لێکۆڵینەوە و بەرهەمی کاری تاکەکەسێکدا ڕەنگ بداتەوە. بەڵکو ئەمە کارێکی بەکۆمەڵی گەرەکە. لەوانەش گرینگتر من ویستوومە بڵێم لە کۆمەڵگەیەکی داگیرکراوی وەك کوردستاندا حیزبی پێشڕەو و سەرکردەش کلیلی ئەو بەهەشتەی لا نەبوو کە کۆمەڵگەی ئێمە لە داخراوییەوە بەرەو کراوەیی و ڕێزدانانی لایەنی بەرامبەر و دەسەڵاتی چەند حیزبی بەرێ. تەنگ و چەڵەمەکانی حیزبی پێشڕەو بۆخۆیان تەگەرەیەکی گەورە لەو نێوەدا بوون. لە کوردستان نەقدی ئەو ڕەوتە یەکەم هەنگاوە بۆ باس لە تێگەیشتنێکی تر بۆ سیاسەت و بۆ چەمکی دەسەڵات. سیاسەت و دەسەڵاتێك کە چەندڕەنگی و فرەچەشنیی پێوە دیار بێ.

## پێشڕەو و مێژووی بزووتنەوە نەتەوایەتییەکانی کورد

مێژووی کورد و باس لە ڕاپەڕینەکانی کورد ئاڵقەیەکی ونبوو لە تەواوی تۆماری پێشڕەودایە. لە ڕوانگەی پێشڕەوەوە، بزووتنەوەکانی کورد لە ڕابردوودا نەتەنیا شیاوی ڕێز و جێگای ئیلهام لێوەرگرتن نین، بەڵکو پێشڕەو خەتێکی ڕەشی بەسەر هەموو ئەو مێژووەدا کێشاوە. لەو نێوەشدا ئەگەر بە هەڵکەوت و بە دەگمەن باسی لەو ڕاپەڕینانە کردبێ، بە شێوەیەکی وا دێتە پێ و شوێنی باس لێکردنیان کە خوێنەر تەنیا دیمەنێکی دزێو و قیناوییان لێ دەبینێ و بەس.

بۆوێنە کاتێك لە کۆماری کوردستان و پێکهاتەی کۆمار دەدوێ، کار بە دەستانی تەنیا بە ڕستە گەلێکی وەك بۆرژوا- فیۆدال و دەرەبەگ، خەڵات دەکرێن و ڕێزیان لێ دەگیرێ! ئەو بڕگەیەی خوارەوە وێنەیەك لەو ڕاستییەیە: "بر طبق آمار منتشر شده در آن زمان اکثریت شرکت کنندگان در اولین کنگره حزب دمکرات را تاجران و ثروتمندان شهر مهاباد و فئودالها و عشایر منطقـەی شمال کردستان تشکیل میدادند. این مجموعه بورژوا فئودال که رهبران و گردانندگان حزب دموکرات و جنبش ملی آن زمان بودند، به امید سود جستن از اوضاع سیاسی ایران و منطقه، و به امید پشتیبانی و حمایت دولت شوروی تصمیم گرفتند تا حکومت خودمختار کردستان را به وجود آورند".(بە پێی ئاماری ڕاگەیەندراو، لەو دەمدا، زۆربەی بەشدارانی یەکەمین کۆنگرەی حیزبی دیمۆکرات، لە تاجر و دەوڵەمەندەکانی شاری مهاباد و دەرەبەگ و عەشیرەتەکانی باکووری کوردستان بوون. ئەم بورژوا- فیودالانە کە ڕێبەران و کارگێڕانی حیزبی دیمۆکرات و جووڵانەوەی نەتەوەیی ئەم دەم بوون، بە هیوای کەڵك وەرگرتن لە بارودۆخی سیاسی ئێران و ناوچەکە، بە هیوای پشتیوانی و لاگیریی دەوڵەتی سۆڤیەت، بڕیاریاندا حکومەتی خودموختاری کوردستان پێکبێنن.[23]

"میللەتی کورد لە کوردستانی ئێران گەلێ جار لە دژی ئەم ستەمکارییە نەتەوایەتییە و لەپێناوی بەدەستهێنانی مافی دیاریکردنی چارەنووسدا دەستی داوەتە خەبات و ڕاپەڕین. ئەم خەبات و ڕاپەڕینە کە ڕاستەوخۆ دژ بە حکومەتی دیکتاتۆریی مەرکەزیی ئێران بەرپا بووە، لە ڕابردوودا لەلایەن سەرۆك عەشیرەکان، شێخەکان و دەربەگەکان، و لەم دەیانەی دواییشدا لەلایەن هێزە بۆرژواییەکانەوە ڕابەری کراوە. ئەم هێزانە سەبارەت بە ڕابەریی خەباتی نەتەوایەتی ناپەیگیر بوون و بڕێکیشیان بە خەیانەتکار دەرچوون. لە نێوخۆی کوردستانیشدا بەرژەوەندی زەحمەتکێشانیان پێشل دەکرد و دەیانخستنە ژێر زوڵم و زۆر".[24]

پێشڕەو لە ژیانی خۆیدا زەبری گورچوبڕی لە بزووتنەوەی کورداوە. لە دڵی ئەو گوشارەدا سەدان ڕۆڵەی کورد بە بیری شۆڤێنیستیی نەتەوەی فەرمانڕەوا فرچکیان گرت. دڕکی دژایەتی لەگەڵ دۆزی ڕەوای

کورد لە ناخی دڵی پێشڕەودا چەقەرەی کرد. بەرهەمی کاری پێشڕەو دیار و ئاشکرایە. پێشڕەو بۆ کورد "حوسێن مرادبەگیی" دروست کرد کە بڵێ کورد نەتەوە نییە، نەتەوە و نەتەوایەتی دیاردەیەکی کونەپەرستانەیە.
فاتحی شێخیش هەر بە هەمان شێوە بەو شیرە فەرچەکی گرت و سووکایەتیکردن بە ڕەهبەرانی کوردی وەك ئەرکی نامبارەکی خۆی گرتۆتەبەر. کاتێك نەواری قسە و باسی فاتیح بۆ یەکەمجار لە سایتی بروسکە بڵاوکرایەوە، فاتیح لە زۆر لاوە وەڵامی شیاوی خۆی وەرگرتەوە، بەڵام بەشێکی زۆری نووسینەکان تەنیا دەچوونە خانەی وڵامدانەوەیەکی شەخسییەوە و کەس ئەو پرسیارەی نەوروژاند کە ئایا بۆ لە ڕیزی ڕێکخراوێکی وەك کۆمەڵەدا فاتیحەکان سەیان هەڵداوە؟
شوێنەواری ژیانی پێشڕەو تەنیا لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان قەتیس نەماوە و باشووری ئەنفالکراویشی تێوەگلا. پێشڕەو لە باشووریش ڕێبوار ئەحمەد و تاهیر حەسەنی بۆ بزووتنەوەی کورد پێگەیاند بۆ ئەوەی دژایەتی لەگەڵ دۆزی کورد لەوێش بێ خاوەن نەمێنێتەوە. پێشڕەو ڕووی لە هەر لایەک کرد، درك و داڵی لێ ڕووا و سەری بەهەر کەلێن و قوژبنێکی ئەو کوردستانەدا کرد، بیری دژایەتی لەگەڵ کیانێکی کوردی لێ بەجێما.
لە هەناوی پێشڕەودا دەرزەن دەرزەن، تەغار تەغار، ئینسانی دژ بە کورد لەدایکبوون. ئێستا لە هەموو سووچ و کەناران، لە نزیك و لە دوورەوە، سەرەوژێر و سەرەوژوور وەك مێرووڵە ڕێچکەیان بەستووە لەسەر دژایەتیی دۆزی ڕەوای کورد و نۆبەبڕی لەتەك یەکتردا دەکەن. لەم کێبەرکێیەدا کێ لە هەموان پتر خرکەبەرد لە نیشتمان و وڵات و نەتەوەی کورد بگرێ، ئەو لە هەموان "حیکمەتی"ترە.
هەر دڵێکی لە سووچێکەوە برۆکەیەك تروسکەی کوردایەتیی وێکەوتبێ، بیر لەو مەتەڵۆکە دەکاتەوە و بە خێرایی لێکی دەداتەوە و لە خۆی دەپرسێ ئەو کەسانە بەرهەمی کام دەزگای فیکری و بە کام تیغەڵە نێوکیان برا و بۆ یەکەمجار لە کوێ بانگیان بە گوێدا خوێندرا؟

## بۆ ئەوەی مێژوو بە چەواشەیی نەنووسرێ

لە ناخی پێشڕەودا تەیار و ڕەوتی جۆراوجۆر سەریانهەڵدا. لە ئاکامی سیاسەتی چەوت و ڕاستئاژۆیانەی پێشڕەو دەرحەق بە دۆزی کورد ژمارەیەك لە کادر و ئەندامانی بوون بە حیکمەتیست و سەریان لە شۆڤێنیستی ترین حیزبی ئێرانی دەرهێنا کە ئەم ڕەوتە لە باری سیاسی و تەشکیلاتییەوە لە کوردستاندا ناتوانێ هیچ ئاسۆیەکی هەبێ. لە ئاکامی شکست و ناکامیی بنچینە فیکرییەکانی پێشڕەودا ڕەوتێکی تریش بە ناوی "پرۆژەی ساغکردنەوەی کۆمەڵە" پێشڕەوی بەجێهێشت. ئەم جەریانە لەگەڵ ئەوەی قەوارەی حیزبێکی بەناو سەرانسەریی وەك حیزبی کومونیستی ئێرانی بەجێهێشتووە، بەڵام تا ئێستا نەیتوانیوە هۆویەتێکی سیاسیی ڕوون و دیاریکراو بۆ خۆی وەدەستبێنێ. لەوەش زیاتر لە هێندێك بواردا میراتگر و درێژەدەری سیاسەتەکانی ڕابردوویە و ژمارەیەک لە ڕێبەرانی ئەم پرۆژەیە، پێشڕەو نووسانی جارانن.
گەورەترین گرفتی ئەم ڕەوتە دەمارگرژی و پاوانخوازییە. ئەم ڕەوتە لەجیاتی وەڕێخستنی پرۆسەیەکی جیددی ڕەخنەلەخۆگرتن و پێداچوونەوە بە هەڵەکانی ڕابردوودا، ستراتیژیی دروستکردنی مێژوویەکی بێخەوش و ساختە و قۆرغکردنی کۆمەڵێك هەڵوێست و بەها و پرنسیپی سیاسی لە کوردستان بە ناوی داهێنانی کۆمەڵەیی گرتۆتە پێش. وێنەی هەرە بەرچاوی ئەو هەوڵە، خوێنەر دەتوانێ لە وتارەکەی سکرتێری گشتیی کۆمەڵە بە ناوی "کۆمەڵە و بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی گەلی کورد و ئاڵای کوردستان"

بەدیی بکا. سکرتێری کۆمەڵە لەو وتارەیدا هەوڵێکی زۆری داوە بەشێکی زۆری ئەو مێژووە و شکستی سیاسەتەکانی کۆمەڵە لە کوردستان بە پێچەوانەوە نیشان بدا.

ئاڵا سەمبولی نەتەوە و مێژووەکەی نیشان دەدا کە خاك و نیشتمان و ئابووری و زمان و کولتور و هۆوییەتی تایبەتیی خۆی لە چوارچێوەی سنوورێکی دیاریکراو دەپارێزێ. نیشانەی بە ڕەسمی ناسینی دەوڵەتانە. کۆمەڵە بە قەبوڵکردنی ئاڵای نەتەوەیی کورد، دەبێ مێژووی نەتەوەی کورد بە ڕەسمی ناسیبێ و هەر بەو پێیەش دان بە دەسکەوت و تێکشکانەکانی نەتەوەییدا دانابێ. کۆماری کوردستان ئەو ئاڵایەی وەکو ڕەمزی هەبوون و لەدایکبوونی دەوڵەتی نەتەوەیی کورد هەڵکرد. کۆمەڵەش بە هاتنەژێر ئەو ئاڵایەوە ڕیزی خۆی لە قەوارەی دوێنێی خۆی جیا کردەوە. پێشینە و مێژووی گەلەکەی خۆی کە تا دوێنێ بۆ پێخۆشبوونی شۆڤێنیستەکانی ئێران حاشای لێ دەکرد و لاسارانە و زارۆکانە و بێ دەلیل بەربەرەکانیی ئەو کۆمارە و پێشەوا نەمرەکەی دەکرد، دەبێ لە خۆشییان سەریان بۆ بلەقێنێ.

ئاڵا نیشانەی کوردستانی گەورەیە، کۆمەڵە دەبێ ئەو مەسەلەیە لەگەڵ کرێکارانی ئێران چارەسەر بکا. قەبووڵکردنی ئاڵا بە مانای قەبووڵکردنی مافی نەتەوایەتی بۆ کورد و ناسینی کۆماری کوردستانە. قەبووڵکردنی ئاڵا بە مانای وەرگرتنەوەی هەموو بوختان و ناسپاسییەکانی کۆمەڵەیە دەرحەق بە پێشەوا قازی و کۆمار و ئەندامانی کۆماری کوردستان. قەبووڵکردنی ئاڵا بە مانای ددانان بە نەقش و دەوری ئیجابیی حیزبی دیمۆکراتە لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی ئێستای کورددا.

هەروەها قەبووڵکردنی ئاڵای کوردستان بە مانای ڕەتکردنەوەی تیۆرییە زارۆکیانەکەی سێکوچکەی پرۆلیتاریا(کۆمەڵە بورژوازی کورد) - حیزبی دیمۆکرات، بورژوازی حاکم (کۆماری ئیسلامی) و هەروەها کۆتاییهاتنی تیۆریی دوو قوتبی بوونی کوردستانە. ئێستا لەسەر کۆمەڵە ماڵە کە لەبری پشکنینی قاڵبی لێنینی بۆ دۆزی کورد ئاوڕ بداتەوە سەر خوێندنەوەی مێژووی نەتەوەی کورد و بە ڕۆحێکی نەتەوەیی ئەندامانی خۆی پەروەردە بکا و هزر و مێشکیان بە پرسیارگەلێکی وەك "ئەو ئاڵایە لە کوێوە هاتووە؟ مێژووەکەی چییە؟ بۆ فەلسەفە و هەبوونی ئاڵا پێویستە؟" ئامادە بکا. کۆمەڵە لە جێگای هەوڵدان بۆ دروستکردنی مێژوویەکی چەواشەکارانە و پێهەڵاگوتنێکی دوور لە ڕاستی، ڕەنگە باشتر ئەوە بێ بە چاوێکی ڕەخنەگرانە سەیری ڕابردووی سیاسی خۆی بکا.

## کۆبەند

لە هەر ڕوویەکەوە لە کار و تێکۆشانی پێشڕەو لە ماوەی ئەو 200 ژمارەیەدا بڕوانین، شکست و ناکامیی پێوە دەبینین. پێشڕەو ئەمڕۆ لە هەموو کاتێك زیاتر پێویستیی بە بەخۆداچوونەوە هەیە. پێداچوونەوەیەك کە بتوانێ خوێندنەوەیەکی واقیعبینانەی بۆ دۆزی کورد هەبێ و خۆی لە گۆشەگیری و بە تاق کەوتوویی ئێستای قوتار بکا. لە کوردستان ئەزموون و تاقیکردنەوەی تا ئێستا نیشانی داوە کە پێداگرتن لەسەر تێڕوانینە بەسەرچووەکان و مانەوە لەنێو بەستەڵەکی فیکریدا ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ لە سەنگ و قەوارەی ئەو هێزە کەم دەکاتەوە. گەورەترین بایەخی مێژوو خوێندنەوەی وردی ڕووداوەکان و کەڵکوەرگرتن لە ئەزموون و تاقیکردنەوەکان و نەهێشتنی کەموکوڕییەکان و ڕێگرتن لە دووپاتبوونەوەی هەڵەکانە. خوێندنەوەی چەمکی مێژوو بەم ڕەهەند و پێوانەیە دەرفەتی قۆناغێکی نوێ و ئاسۆیەکی گەش لەبەردەم هەر هەنگاوێکی نوێدا ئاوەڵا دەکا.

## پەراوێزەکان

[1] بڕوانە بڕیارنامەکانی کۆنگرەی دووەمی کۆمەڵە.

[2] پێشڕەو، ئۆرگانی تیۆریك - سیاسیی کۆمەڵە، ژمارە 5.

[3] هێما بە وتەیەکی مەنسووری حیکمەت، لە نامیلکەی "ئاسۆی تێکۆشانی حیزب لە کوردستان"دا.
[4] بڕوانە وتاری "هراس حزب دمکرات از رشد مبارزه طبقاتی"، پیام، نشریەی صدای انقلاب ایران. سال دوم، شماره 37.
[5] بڕوانە "سالنامەی آماری کشور"، سال 1378، آمارگیری از ویژگیهای اشتغال و بیکاری خانوار، مرداد 1380، انتشارات مرکزی ایران.
[6] مبارزەی طبقاتی در فرانسه، ترجمەی فارسی، صفحه 13.
[7] بەرنامەی کۆمەڵە بۆ خودموختاریی کوردستان، پەسندکراوی کۆنگرەی سێیەمی کۆمەڵە، گوڵانی 1361ی هەتاوی.
[8] کورش مدرسی، "کوردستان و داهاتووی خەباتەکەی"، گەلاوێژی ساڵی 1369ی هەتاوی، ئینتیشاراتی مەرکەزیی کۆمەڵە.
[9] جمعبندی فعالیت تا کنونی کومەلە- موقعیت فعلی و دورنمایەی آینده، ابراهیم علیزاده، 1371.
[10] جمعبندی فعالیت تاکنونی کومەلە... ابراهیم علیزاده.
[11] کۆمۆنیستی ژماره 44 ، وتاری "راه کارگر و انشعاب در حزب دمکرات"، عبدالله مهتدی. مهرماه 1367.
[12] فاروق بابامیری، " 1357، اسناد تاریخی "جلد اول، "بحران خلیج و رویدادهای کردستان عراق"، ص. 134-135.
[13] هەمان سەرچاوە، لاپەڕە 128.
[14] هەمان سەرچاوە، لاپەڕە 125.
[15] بڕوانە پێشڕەوی ژماره 29، ساڵی شەشەم، دەوری دووەم، وتاری "بیانووی کۆن لە زمانی حیزبی دیمۆکراتی تازەوە" ، فاتح شیخ الاسلامی.
[16] بڕوانە وتاری "بۆچی حیزبی دیمۆکرات سیاسەتی شەڕ لە دژی کۆمەڵە درێژە دەدا؟"، عبدالله مهتدی، 20ی گەلاوێژی 66، وەرگێڕ: ناسری حیسامی، وەرگیردراو لە گۆڤاری کۆمۆنیست، ژماره 39ی پێشڕەو، ژماره 29ی ساڵی چوارەم، دەوری دووەم، گەلاوێژ و خەرمانانی 1373.
[17] پێشڕەوی ژماره 7، وتاری "در بارەی بنکەی زحمتکشان".
[18] پێشڕەوی ژماره 7، وتاری "تداوم جنگ داخلی در کردستان و سیاست ما"، عبدالله مهتدی.
[19] بڕوانە وتاری "بۆچی حیزبی دیمۆکرات سیاسەتی شەڕ لە دژی کۆمەڵە درێژە دەدا؟"، عبدالله مهتدی، 20ی گەلاوێژی 66، وەرگێڕ: ناسری حیسامی، وەرگیردراو لە گۆڤاری کۆمۆنیست، ژماره 39ی پێشڕەو، ژماره 29ی ساڵی چوارەم، دەوری دووەم، گەلاوێژ و خەرمانانی 1373.
[20] پێشڕەو، ئۆرگانی ناوەندیی سازمانی کوردستانی حیزبی کومونیستی ئێران، ژماره 4، دەوری دووەم، 30ی بەفرانباری 1362ی هەتاوی، وتووێژ لەگەڵ ئیبراهیم عەلیزادە.
[21] وتاری "آیا صلح در کردستان ممکن است؟"، عبدالله مهتدی، کۆمۆنیست، ساڵی سێیەم، خەزەڵوەری 1364ی هەتاوی.
[22] بڕوانە "بررسی جنگ ارتجاعی حزب دمکرات علیه کومله. سلسه گفتاری از صدای انقلاب ایران"، شهریور ماه 1364.
[23] بڕوانە وتاری "بمناسبت دوم بهمن روز تشکیل جمهوری مهاباد"، پیام، نشریەی صدای انقلاب ایران، سال دوم، شماره 34، نیمەی اول بهمن 1367.
[24] بڕوانە بەرنامەی کۆمەڵە بۆ خودموختاریی کوردستان، پەسندکراوی کۆنگرەی سێیەمی کۆمەڵە، گوڵانی 1361ی هەتاوی.

## کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران و

## بزووتنەوەی نەتەوەیی شارەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان

یەکێک لە ڕووداوەکانی چەند سال لەمەوبەری ڕۆژهەڵاتی کوردستان هاتنە ئارای پرۆژەی ساخکەرەوەی کۆمەڵە بۆ جیا بوونەوە لە حیزبی کۆمۆنیستی ئێران بوو. لە بیروڕای گشتی کورددا گرینگی سەرهەڵدانی ئەم ڕەوتە تەنیا ئەوە نەبوو کە جیا بوونەوەیەک لە حیزبی کۆمۆنیستی ئێراندا پێکهاتووە و لە ئاکامدا ڕیزەکانی ئەو حیزبە تووشی لێکترازان و کەرت کەرتبوون هاتووە. وەلانانی قەوارە و مودیلی حیزبێکی سەرانسەری لە کوردستان وێڕای هەر گرینگیەکی کە هەیەتی، نەیدەتوانی بەتەنیایی تا ئەو ڕادەیە بیرو سەرنجی گشتی لە کوردستان بۆ لای خۆی ڕابکێشێ. گرینگی دەسپێکی ئەم ڕەوتە بۆ بیروڕای گشتی کورد بە مانای کرانەوەی دەلاقەو سەرەتایەکی نوێ بوو بۆ پێدا چوونەوە بە کۆمەڵێک بنەمای فیکری دوگم و چەقبەستوو و خوێندنەوەیەکی واقعبینانە لە هەناوی کۆمەڵەدا بۆ دۆزی کورد.
هەر لەو سۆنگەیەوە لە کوردستان هەنگاوەکانی پرۆژەی ساخکەروەی کۆمەڵە بۆ ماڵاوایی لە سیاسەتەکانی ڕابردووی کە هەموو دۆزی کوردی لە ڕوانگەی هەڵسووکەوتی بزوتنەوەی کرێکاری ناوەندەوە دەنرخاند، بە هێندگیرا. کە چی بە پێچەوانەی ئەو چاوەڕوانییە پرۆژەی ساخکەرەوەی کۆمەڵە هەر لە کاتی دەسپێکی گەشەو سەرهەڵدانەوە هۆکاری شکست وناکامیی سیاسیی خۆی، تەنیا لە نەبوونی پێگەی کرێکاریی حیزبی کۆمۆنیستی ئێراندا بینیەوە و ڕەخنەی ڕادیکاڵی فکری و سیاسی ئاراستەی بنەماو ڕەهەندە فکرییەکانی دیکەی ئەو حیزبە نەکرد. هەر بۆیە بە کردەوە لەم بوارە گرینگەدا دوورە پەرێزی گرتەبەر و بەتایبەتی لە پێوەندی لە گەڵ مەسەلەی کورددا نەیوانی چ باسێکی تیۆریکی لە نەقدی ڕابردوو لە بوارگەلێکی وەک "تیۆری شەڕی چینەکان لە کوردستان"، قۆناغی ئێستای خەباتی کورد، مەسەلەی چەمکی نەتەوە و دەوڵەتی نەتەوەیی و داگیرکراوی کوردستان تێکەڵاوی دیسکۆرسی نوێی سیاسی ئێستای خۆی بکا.
لەو کاتەدا تەفسیر و پاساوی جۆراوجۆر بۆ ئەو خۆ دزینەوەیە دەبیسرا. یەکێک لەو پاساوانە ئەوە بووکە ئەو گرفتە لای ڕێبەریی کۆمەڵە نییە، بەڵکوو ئەوە ڕیزەکانی کۆمەڵەن کۆسپی سەر ڕێگای هێنانە ئارای ڕخنەیەکی ڕادیکاڵ لە ڕابردوون، نەک ڕێبەریی کۆمەڵە. لەونێوەشدا ئاماژەیان بە هۆکارێکی ڕاستەقینە دەکرد و دەیان گوت: ڕیزەکانی کۆمەڵە بە ساڵانێکی دوور و درێژ بە بیر و فەلسەفەی شۆڤینیستی تیۆریسێنەکانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران فرچکیان گرتووە و بەرهەمی قوتابخانە و فێرگەی "ڕەفیق حیکمەت" و "ڕەفیق ئازەرین" بوون و لە ڕێگای وانەکانی ئەوانەوە لە چەمکی نەتەوە و نەتەوایەتی دەڕوانن و هەر بۆیە داوای کات و پشوو درێژییان لە لایەنی بەرامبەر دەکرد بۆ ئەوی ڕێبەریی کۆمەڵە بتوانێ بەرە بەرە کارتێکەرییەکانی بۆمبارانی فیکریی ئەو سەردەمە لە مێشک وبیریاندا بشواتەوە.
بەڵام ڕاگەیەندراوی ئەم ڕۆژانەی دەفتەری سیاسی کۆمەڵە سەبارەت بە بزووتنەوەی ئێستای شارەکانی کوردستان نیشانیدا ئەم پاساوەی باسی لێوە کرا چەندە هەڵە و دوور لە ڕاستی بوو. لە ڕاستیدا دەبێ بڵێم پاساوەکە بە پێچەوانەوە بوو. بە خوێندنەوەی ئەم ڕاگەیەندراوە دەردەکەوێ ئەوەی تا ئێستا نەیتوانیوە دۆزی کورد و جێگای خۆی بناسێ، ڕێبەریی کۆمەڵەیە و کلیلی گرفتەکە لە باخەڵی ئەودایە.
هەروەک دەزانین ئێستا ئەوە مانگێکە شارەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان یەک لە دوای یەک بوونەتە مەکۆی بەگژدا چوونەوەی ڕووبەڕوو لە گەڵ هێزە داگیرکەرانی کۆماری ئیسلامی. خەڵکی ڕاپەڕیو هەر ڕۆژێک لە شارێکەوە خۆ بە و دەسپێکە نوویێیەوە گرێدەدا. لە ئاکامی دەسڕێژی هێزەکانی ڕێژیمیش

ژمارەیەک گیانی خۆیان لە دەسداوە. لە هەمبەر ئەو بزاڤە نوێیە کە لە پاش داگیرکردنەوەی کوردستان لە لایەن کۆماری ئیسلامی‌یەوە تا ئێستا دەتوانم بڵێم دیاردەیەکی بێوێنەیە، ئەرکی حیزبێکی سیاسی ئەوەیە بە وردی و بە دوور لە خەون و خەیاڵ و ئارەزووی رێکخراوەیی خۆی، لە هۆکارەکانی ئەم پرۆسە نوێیە بکۆڵێتەوە و پاشان لە بەر رۆشنایی هۆکارەکانی، پێشنیار و رێگا چارەسەری خۆی بهێنێتە گۆڕێ. بۆ ئەوەی لە زمان بەیاننامەی دەفتەری سیاسی کۆمەڵەوە بزانین بۆچی ئیستا شارەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان بوونەتە شانۆی بەرەنگار بوونەوەی ئاشکرا و ئەو هۆکارەانە چین بوونەتە هاندەری کورد بۆ ئەوەی بێتە مەیدان و بە دەستی بەتاڵ لە بەرامبەر ماشێنی سەرکوت و داپڵۆسینی رێژیمدا رابوەستن، پێویستە سەرنجێک لە دەقی بەیاننامەکە بدەین.

سەردێڕی بەیاننامەکە بەم جۆرە دەست پێدەکا:(( گەلی کورد لە خەبات بۆ دیمۆکراسی، لە دژی سەرە رۆیی)). دواتر دێمە سەر ئەوەی کە کۆمەڵە بە چ مەبەستێک ئەو سەردێڕە لێل و تەماوییەی بە دانستە هەڵبژاردوە و تیشک خستنە سەری بۆ دواتر هەڵدەگرم. دوای ئەو سەردێڕە لە راگەیەندراوەکەدا هاتووە:" نارەزایی و رێپێوانی جەماوەریی لە زۆرێک لە شارەکانی کوردستان بۆ پشتیوانی لە خەڵکی شاری مهاباد و داخوازییەکانیان جارێکیتر کوردستانی وەک پەیکەرێکی پتەو، یەکگرتوو، خۆڕاگر و ئازادیخواز بەرەورووی کۆنە پەرەستی و دواکەوتوویی ئیسلامی کردۆەتەوە. بێشک خەباتی سیاسیی ئێستای کوردستان، دەسپێکی قۆناغێکی نوێیە لە خەباتی ئازادیخوازانەی خەڵکی کوردستان و ئێراندا. رووداوەکانی چەند رۆژی رابردوو سەلماندیی کە وشیاری سیاسی، هاوپشتی بەرین و قوولی جەماوەری، عەداڵەت خوازی، بوێری و شەهامەت بۆ بەرەنگار بوونەوە و بڕیاری گۆڕان، لە بەرانبەر دۆخی ترساندن و تۆقاندنی دیکتاتۆریی ئیسلامی نە تەنیا دانەمرکاونەوە، بەڵکوو پتەوتر بووە، بەتایبەت لە دوو حەوتووی رابردوودا، نارەزایی و خەباتی جەماوەری زۆر بە روونی نیشانی‌دا کوردستان هێشتا پێشەنگ و سەنگەری دیمۆکراسی‌یە لە بەرامبەر زۆروێژی و سەرەرۆیی ئاییندا."

خوێنەر لە دوای خوێندنەوەی ئەم رستانەی راگەیەندراوی دەفتەری سیاسی کۆمەڵە، بۆی هەیە بپرسێ پرۆژەی ساخکەرەوەی کۆمەڵە چ شتێکی گۆڕیوە. ئەدەبیاتی سیاسی؟ خوێندنەوەی بۆ دۆزی کورد؟ ماڵاوایی لە سەردەمی تێنەگەیشتویی لە راستییەکانی کوردستان؟ کامانەیان؟ ئەوەی دەیبینین هەمان زێهنیەتی کۆنی رابردووە. قەوانەکە هەمان قەوانی میراتی سەردەمی بەسەر چووە. ئەوەی گۆڕاوە تەنیا توێکڵ و قاوەغەکەیە. جاران لە قاڵب و کەوڵی حیزبێکی فەشەلی فرچک گرتوو بە بیری شۆڤینیزمی نەتەوەی فەرمانرەوا بانگ وسەڵای بۆ دەدا و ئێستا چووەتە نێو جلوبەرگێکی خۆماڵییەوە. ژێرخان وبنەما فکرییەکان بە دەست لێ نەدراوی هەر وەک خۆیان ماونەتەوە و کۆمەڵە بە تەمایە، بە ناوێکی دیکەوە بێتەوە ناو شانۆی سیاسی ئەمرۆی کوردستان. لە رابردوودا بە هۆی سەروەری دیسکۆرسی چین و تەبەقە دەیهەویست دۆزی نەتەوەیی کورد کپ بکا و ئێستاش بە هۆی کەڵک وەرگرتن لە هێندێ دەستەواژەی وەک "دیکتاتۆری ئیسلامی"، "سیکۆلاریزم" و "پێشەنگیی دیمۆکراسی" حاشا لە هۆکاری تەقینەوەی نەتەوەیی ئەمرۆژانەی رۆژهەڵاتی کوردستان بکا. بەڵام راستییەکەی ئەوەیە بە کەڵک وەرگرتن لەو دەستە واژانە کۆمەڵە ناتوانێ بزووتنەوەی ئەمرۆی شارەکانی کوردستانی بندەستی ئێران پێناسە بکا. ئەوەی لێرەدا دیتمان چەواشەکاری، یا خۆ راستترە بڵێم گەندەڵکارییەکە تا سەر ئێسقان ئاوێتەی وشەبەوشە و دێربە دێری راگەیەندراوی دەفتەر سیاسی کۆمەڵە بووە. بۆ کەسانێک تۆزۆکەیەک شارەزاییان لە سەر مێژووی رابردووی ئەو رێکخراوە هەبێ بە خوێندنەوەی ئەو دێڕانە، بڕیارنامەکانی کۆنگرەی دووهەمی کۆمەڵەیان دێتەوە بیر. لەو سەردەمەشدا کۆمەڵە نەیدەویست دان بە وە دابنێ بزووتنەوەی کورد بزوتنەوەیەکی رزگاریخوازانە و نەتەوەییە کە دەیەوێ ماڵێکی سیاسی بۆ کورد چێ بکا، بۆیە لە پێشدا ناوێکی نامۆ و نا قۆڵای بە نێوی "جونبشی مقاومەتی خەڵکی کورد"ی

لە سەر دانا بوو. پاشان لە کاتی پێناسەکردندا دەیگوت: "جونبشی مقاومەت بزووتنەوەیەکە کە بە دژی دیکتاتۆری عوریانی بورژوازی هاتۆتە مەیدان"، ( بڕوانە بڕیارنامەکانی کۆنگرەی دووهەمی کۆمەڵە). لە راگەیەندراوی دەفتەری سیاسی ئێستای کۆمەڵە شدا بە دانستە و بە ئەنقەست، بۆ هۆکار و بزوێنەری خۆپیشاندانەکانی خەڵکی شارەکانی کوردستان کەڵک لەم میتۆدە وەر دەگیرێ و بەناوی " پەیکەری پتەو و خۆراگر"،" ئازادیخواز بەرەو رووی کۆنەپەرستی"، " دواکەوتووی ئیسلامی"، "عەداڵەتخوازی و بوێری وشەهامەت وبەرنگار بوون لەبەرامبەر دیکتاتۆری ئیسلامی"، هەول دەدا، نێوەڕۆکی نەتەوەیی ئەو بزاوتە نوێیە حاشاو نکۆڵی لێ بکا. کۆمەڵە پاشان لە درێژەی گرتنە پێشی سیاسەتی بەراوەژو نیشاندانی هۆکارەکانی ئەم بزاوتە، روو لە هێزە سیاسیەکانی ئێران دەکا و دەنووسێ: "ئێمە داوا لە هەموو هێزە سیاسییە دیمۆکرات و ئازادیخوازەکان و هەڵسووڕاوانی کۆمەڵایەتی و سیاسیی لە سەرانسەری ئێران دەکەین، خەباتی ئێستای جەماوەری کوردستان بە دژی کۆماری ئیسلامی، بە خەباتێکی جەماوەری، مەدەنی و پێشکەوتن خوازانەی دژی دواکەوتوویی، بە سەفی دیمۆکراسی و ئازادیخوازی دژی سەرە رۆیی، بە بەرەی سکۆلاریزم لە بەرانبەر ئیسلامی ویلایەتی فەقیی و خەبات بۆ وەدیهێنانی مافی ئینسانی و شارومەندی لە بەرانبەر تالانکەری و زۆر وێژی، بزانن و بێ هیچ شک و گۆمانێک پشتیوانی بکەن لە بزوتنەوەی سیاسی و جەماورەیی کوردستان..... کۆمەڵە بە هەموو هێز و توانایەوە بۆ پتەوتر کردنی بزووتنەوەی سیاسی و نارەزایی جەماوەری و بەروە پێش بردنی تێدەکۆشی و پەرەدان بە دیمۆکراسی و عەداڵەت خوازی و سکولاریزم بە ئەرکی خۆی دەزانێ و جەخت دەکاتەوە سەر هاوچارە نووسی سیاسی خەڵکی کوردستان لەگەڵ خەڵکی ئێران."

ئەم فاکتانە بەسن بۆ ئەوەی مرۆڤ لەو ڕاستیە بگا کە کۆمەڵە لە گەڵ چ قەیرانێکی قووڵی فکری و سیاسی بەرەو رووە کە نە دەتوانێ خۆی پێناسە بکاو نەجولانەوەی رزگاریخوازانەی کورد. بۆ وێنە لە لایەک لە هەنگاوێکیدا ئالای نەتەوەیی کورد بە "رەسمیەت" دەناسێ ( کە ئەوەش خۆی باسێکی جیاواز هەڵدەگرێ) کە چی لە لایەکتریشەوە، فارۆق بابامیری، ئەندامی دەفتەری سیاسیی کۆمەڵە، لە وتارەکەیدا هەوڵدەدا، خەونی لە مێژینەی کیانێکی کوردی بڕەوێنێتەوە و "جیاوازی خوازی " بە تاوانێکی دزێو ناو زەد بکا. بەڵام ئەم کێشەیە لە ناو کۆمەڵە دا شتێکی تازە و نوێ نییە. هەر لە دوای رووخانی رێژیمی شاوە کە کۆمەڵە بە کردەوە وەک رێکخراوێکی سیاسی پێنایە مەیدان، هەتا رۆژگاری ئێستا نەیوانیوە ئەو جۆرەی کە پێویستە کێشەکانی کۆمەڵی کوردەواری بە شێوەیەکی واقعبینانە هەڵسەنگێنێ. مێژووی ئەو وڵاتە، خسوسیات و تایبەتمدییەکانی بە دایم ئاڵقەیەکی ونبووی ناو گوتاری سیاسی ئەم رێکخراوە بووە. تا ئەو کاتەی مارکسیزم وەک ئیدۆلۆژییەکی باوی سەردەم لە کوردستان زەمینەی هەبوو، لە هەوڵی ئەوەدا بوو هەموو کێشەکانی ئەوکۆمەڵگایە بەگەزو ربەی فاکتۆری ئابوورییەوە پێناسە بکا. لە رۆژگاری ئێستاشدا کە دیسکۆرسی سەروەریی تیۆری چینایەتی گرینگی جارانی خۆی لە دەسداوە، لە هەوڵی ئەوەدایە بە هێنانە گۆڕی چەمکگەلێکی وەک "سکۆلاریزم" و "دیمۆکراسی"، پاشەکشەیەکی بێهەست و خوست بە دۆزی نەتەوەیی کورد بکا و لە سەر حیسابی کپکردنی دیسکۆرسێکی تر زیان بە تواناکانی سیاسی نەتەوەیی کورد بگەیەنێ. بەڵام هەروەک چۆن لە رابردوودا کێشەی سەرەکیی کورد، کێشەی شەڕی چینەکان نەبوو، ئێستاش بە هەمان شێوە مەسەلەی سکۆلاریزم، تەنیا گرفتی کورد نییە. تورکیەی کەماڵیزم دەیان ساڵە سێکولارە بەڵام داخوا کورد توانیویەتی تەنانەت بۆ یەک رۆژیش هەناسەیەکی راحەت لە ژێر سێبەری ئەو حکومەتە سێکولارەدا بکێشێ؟

رێبەرانی کۆمەڵە، تووشی قیاس بە نەفسێکی گەورە هاتوون. ئەوان چونکە خۆیان بە ساڵانێکی دوور و درێژ لە دەزگای فیکری و سیاسی "حیکمەت" و "ئازەرین"دا چاوترسێن کراون، هەستی خۆ بەکەم زانین،

تێکەڵاوی کاراکتێری سیاسیان بووە؛ لایان وایە کورد و نەسڵی تازە پێگەیشتووی ئێستای کوردیش تووشی ئەو کارەساتە بوون کە نەوێرن باس لە بوونی نەتەوەیی خۆیان بکەن!

بە پێچەوانەی روانگەی راگەیەندراوی کۆمەڵە، هۆکارەکانی ئەم بزووتنەوەیە بە پلەی یەکەم رەگ و ریشەی مێژووییان لە کۆمەڵی کوردەواریدایە و لە ئاکامی بارودۆخی ژێر دەستەیی و زۆرداریی نەتەوەیی کوردەوە سەرچاوەیان گرتووە. بزوێنەری ئەم بزووتنەوەیە دیاردەیەکی سەر بەخۆ لە کەشو هەوای ئەمڕۆی ئێرانە، بزووتنەوەیەکی خۆرسک و بزاڤێکی تایبەتی کوردستانییە. هاوکات لە گەڵ ئەوەیش لەماوەی چەند ساڵی رابردوو دەسکەوت و سەرکەوتنەکانی باشووری کوردستانیش هۆکارێکی پاڵنەری دیکە بوون بۆ ئەوەی رادەی ویست و داخوازەکانی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان خۆی لە ئاستێکی بەرزتردا ببینێتەوە و پلەی هۆشیاری نەتەوەیی بەو شوێنە بگا کە ئێتر قایل بەوە نەبێ ئەحمەدی نژاد، رەفسەنجانی و خاتەمی حوکمی بە سەردابکەن. لێرەدا بە تەمای ئەوە نیم نکۆڵی لە بوونی خاڵ و ویستی هاوبەش لە نێوان کۆمەڵی کوردەواری لە رۆژهەڵاتی کوردستان و کۆمەڵی ئێران بکەم. راستە هێندێک پرسی هاوبەش لە نێوانیاندا هەیە، بەڵام ئەم دوو کۆمەڵگایە لە دوو قۆناغی سیاسی جیاوازدان. کورد تەنیا گرفتی مەسەلەی دیمۆکراسی و سێکولاریزم نییە. لە پلەی یەکەمدا گرفتی نەتەوەییە، گرفتی ئاڵا، خاک و زمان و سنور و پێناسەیە؛ گرفتی سەروەری و دەسەڵاتدارەتی نەتەوەییە؛ ویستی لەڤکردنی سەرداریەتی نەتەوەی باندەستە؛ گرفتی بوون و هەواڵدان بۆ مانەوەیە.

لە راستیدا ئەوەی لە چەند رۆژی رابردوودا بوون بە هاندەرێک بۆ ئەوەی جەماوەری کورد بڕژینە سەر شەقامەکانی کوردستان هەر ئەو فاکتۆرانە بوون کە بە کورتی باسیان لێوەکرێ. ئەمڕۆ کورد لە کوردستانی بندەستی ئێران، لە کەمترین حاڵەتدا خوازیاری گۆڕینی ستروکتور و پێناسە و قەوارەی حاکمیەتی میللی لە ئێران و تێکشکاندنی دەسەڵاتی گرد و کۆی ناوەند و دانانی سنوورێک بۆ دەسەڵاتدارێتی نەتەوەیی ویەکێتی ئارەزومەندانەیە. کۆمەڵە لە جیاتی ئەوەی ئەو راستیانە لە راگەیەندراوەکەی دا بە بنەما بگرێ و هەوڵبدا ئەو تایبەتمەندییانەی مەسەلەی کورد بە گوێی ئۆپۆزیسیونی ئێرانی بگەیەنێ، راست بە پێچەوانەوە جوڵاوەتەوە و لە پێناوی رازی کردنی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانیدا نکۆڵی لە راستیەکانی گرتووەتە پێش. کورد چ بکا و سووچی چیە کاتێ بەشی هەرە زۆری ئۆپۆزیسونی ئێرانی هێشتا نەیتوانیوە بە جۆرێکی ئەقڵانی لە تەک دۆزی نەتەوەکانی دانیشتووی ئێران بە خۆیدا بچێتەوە و خۆی لە مێژووی سەرەڕۆیی و کولتووری دەیان ساڵەی ئینکار و نکولّی کردنی نەتەوەکان رزگار بکا؟ رێبەرانی کۆمەڵە لە جێگای ئەوەی هەوڵ بدەن کولتووری ئینکار کردن و حاشا لێکردن بدەنە بەر رخنەی سیاسی و لەقاودان، لە راگەیاندراوەکەیاندا کێشەکانی دۆزی کوردیان بەرەو ئاقارێ ئاراستە کردووە کە ئۆپۆزیسیونی ئێرانی تووشی سڵەمینەوەنەکا.

ئەم چەواشەگەرییە بە رادەیەک لە راگەیەندراوەکە دا بنجی داکوتاوە کە ئەگەر بێتوو ناو و ئارمی کۆمەڵە لە سەر راگەیەندراوەکە بۆ ساتێک وەلا بنێی پێتوایە دەسپوخت و ئەدەبیاتی سیاسی رەوتێکی سەربە قۆڵێکی دووی جۆزەردانیی وەک حەمید رەزای جەلایی پوور لەمەڕ ناسیونالیزمی مەدەنی دەخوێنییەوە، نەک هی حیزبێکی کوردی! ئەوە پەیڤی حیزبێکی کوردی نییە. دەنگی حیزبێکی کوردی لە کات و ساتێکی وادا بەرز کردنەوەی ئیدیعانامەیەکی نەتەوییە، کە تایبەتمەندی و خسووسیاتی بزووتنەوەی کورد بە ئاشکراو بە بێ هیچ ترس و لەرزێکی سیاسی لە خۆیدا نیشان بدا و بە بێ زمانگرتن لە گەل دۆزی نەتەوەیی خۆی ڕێ ببڕی و دەربڕی ژان و کێشەکانی نەتەوەیی نەتەوەکەی بێ.

رێبەرانی کۆمەڵە هەروەک چۆن لە حیزبی کۆمۆنیستی ئێراندا نەیانتوانی سەرەڕای ئەو هەموو نفرەت پژێنییەی کە بە هۆی پراکتیک و نووسینەکانیانەوە لە سەر ناسیونالیزم بە درێژایی چەندین ساڵ بەرهەمیان هێنا بوو، دڵی ئازەرین وحیکمەت و موقەدەم و تەقوایی بە دەست بێنن، هەر بە هەمان

شێوەش لە قۆناغی ئێستا دا لە ڕێگای بە کارهێنانی وشەگەڵێکی وەک "سێکولاریزم" و "بزووتنەوەی مەدەنی" ناتوانن سەرنجی ئۆپۆزوسیونی ئێرانی بۆ لای خۆیان رابکێشن. بە پێچەوانەی وتارەکەی ئەم دواییانەی فارۆقی بابامیریش ( وتاری هاوڕیان لە کوێن؟) ناسیونالیزم لە کوردستان دیاردیەکی واقعی و حاشاهەڵنەگرە و پێویست بە شاردنەوە ناکا. لە بیروڕای گشتی کورد دا خۆف وترس بۆ دەربڕینی خیتاب و گوتاری ناسیونالیستی سەردەمی بەسەر چووە. ئۆپۆزیسیونی ئێرانیش بە راست و چەپ و بە میللی و سێکولارییەوە زۆر باش ئەوە دەزانن و لە ئاکامی هەست پێکردن بەو راستییەیە لە حاند بزووتنەوەی شارەکانی کوردستان بێ دەنگی و قڕوقەپێکی ئاگاهانەیان گرتووەتە بەر. ئەوان زۆر باش دەزانن و لەو راستیە گەیشتوون بزووتنەوەی کورد لەم سەردەمەدا سیلای لە تەواویەتیی ئەرزی و سەرداریەتی نەتەوەیی ئەوان گرتووە و نەتەنیا لە تێزی دەستێوەردانی مرۆڤی و پشتیوانی کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی ناپرینگێتەوە، بەڵکوو بە تەواوی حازرە باوەشی بۆ ئاواڵە بکاتەوە. کورد لەو نێوەدا چیی هەیە لە کیسی بدا؟

بە وردبوونەوە لە ئەدەبیاتی سیاسی بەکار هاتوو لە راگەیەندراوی دەفتەری سیاسی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران ئەو راستییە دەر دەکەوێ، کە هێشتا کۆمەڵە و رێبەرایەتیەکەی ماڵاوایی یەکجارەکیان لە گەڵ رابردووی سیاسی خۆیان نەکردووە و سەرلێشێواو و بێشوناسن. هێشتا نەهاتونەتە سەر ئەو باوەڕە کە کەڵک وەرگرتن لە چەمکگەلێی وەک "خەبات بۆ دیمۆکراسی وبە دژی سەرەرۆیی" پڕ بە پێستی دۆزی کورد و خۆپیشاندانەکانی ئێستای شارەکانی کوردستان نین. بۆ دۆزی کورد واتاکانی دیمۆکراسی و سەرەڕۆیی واتاگەلێکی لێل و شێواو و بێ هەستن، ناتوانن دەربڕی خسڵەت و نێوەڕۆکی بزووتنەوەی رزگاریخوازانەی کورد بە مانای راستەقینەی وشە بن. بۆ وێنە ئەگەر لە چەمکی دیمۆکراسی بڕوانین لە دونیای ئەمڕۆدا هەرکەس بە شێوەیەک باسی دەکا. ئەگەر ئەمڕۆ لە شێعەیەکی عێراقی مانای دیمۆکراسی بپرسین دیمۆکراسی بە مانای زۆرایەتی دەناسێنێ. چوونکە ئەمڕۆ بۆ خۆی زۆرینەیە. ئەگەر لە سەڵتەنەت تەڵەب یا کەسێکی وەکوو "بابەکی ئەمیر خوسرەوەی" بپرسی، سیستەمی دیمۆکراسی لە هەڵبژێران و هەڵبژاردندا خولاسە دەکاتەوە. ئەگەر لە لایەنگرێکی ناسیونالیزمی مەدەنیش هەر هەمان پرسیار بێنیتە گۆڕێ، پێشنیارت پێدەکا لە پێشدا مەسەلەی خۆت لە چەمکی ئیتنیستیە جوێ بکەیەوە و وەک نەتەوە باسی دەسەڵات و ماف نەکەی. ئەگەریش لە نەتەوەیەکی بێ دەوڵەتی وەکوو کورد ئەو پرسیارە بکەی دیمۆکراسی لە وڵاتێکی فرەنەتەوەدا بە پلەی یەکەم لە دابەشکردنی دەسەڵاتی سیاسیو ئابووریو یەکێتیەکی ئارەزوومەندانە دا پێناسە دەکا.

لەو نێوەدا تۆ بڵێی سووچبار زمانی کوردی بێ و ئەو زمانە ئەوەندە هەژار بێ و ئەوەندەی لە باراندا نەبێ تا کوو یارمەتیدەری رێبەرانی کۆمەڵە بێ بۆ دەر بڕینی دەستە واژەی روون و راشکاوانەتر؟ تۆ بڵێی ئەو زمانەی خانی پێی نووسیوە و بیری سەربەستی لە رێگای وشەکانییەوە بە گوێی مرۆڤی کورد گەیاندووە بەشی ئەوە نەکا رێبەرانی کۆمەڵە ئیلهامی لێ وەرگرن و ئەدەبیاتی سیاسیی خۆیانی پێ دەوڵەمەند بکەن؟ ئەی حاجی قادری کۆیی و هەژار و هێمن موکریانی و عەبدوڵڵا پەشێوچی؟ کە هەر کام بۆ خۆیان قوتابخانەو فێرگەیەکن. بەڵام راستییەکەی ئەوەیە گرفتەکە پێوەندی بە زمان و دەوڵەمەندی و هەژاری زمانی کوردییەوە نییە. خۆ ئەگەر وابای، زاناو بلیمەتێکی وەک بێشکچی تاقەدێڕێکیشی بۆ نەدەنووسرا. بەڵام وەک دەزانین خامە رەنگیەنەکەی گەورە ترین بەرهەمی زانستیی بۆ دۆزی کورد خوڵقاندوە. جیاوازی نێوان بێشکچی و کۆمەڵە لەوەدایە یەکەمیان بە تورکی دەنووسێ بەڵام بە کوردی بیردەکاتەوە. کەچی دووهەمیان لە گەڵ ئەوەی بە کوردیش دەنووسێ، بەڵام وەک چەپێکی نەتەوەی باندەست بیردەکاتەوە لە دۆزی نەتەوەیی کورد. کەوایە تا ئەو کاتەی گۆڕان لە بیر

وهزر پێکنەهاتووە، ئەدەبیاتی سیاسی و راوێژی نووسین و ئاخافتن و لێکدانەوەکانیش ناتوانن خۆ لە بیچمێکی نوێتردا ببیننەوە، ئەمە گرفتی کۆمەڵەیە.
کۆمەڵە دەبێ بیرێک لە نەشتەرگەرییەکی وا بکاتەوە. بۆیە لێرەدا هەڵەیە هەرکەس وا بیر بکاتەوە کە لە کاتی نووسینی ئەو راگەیەندراوەدا، کۆمەڵە بە خەیاڵ و ویستوویە تاکتیکێکی وا بەکاربێنێ بۆ ئەوەی پشتیوانیی ئۆپۆزیسۆنی ئێرانی بۆلای کورد رابکێشێ. بە پێچەوانەوە بە ورد بوونەوە لە کاکڵ و جەوهەری "راگەیەندراوی دەفتەری سیاسی" و وتاری " هاورێیان لە کوێن" مرۆڤ دەتوانێ لەو راستییە بگا کە هێشتا رێبەریی کۆمەڵە گرفتی خۆی لەگەڵ چەمکی ناسیونالیزم و دۆزی نەتەوەیی کورد بۆ سەروەری نەتەوەیی چارەسەر نەکردووە. ئەگەر کۆمەڵە پێدا چوونەوەیەک بەو هەڵوێستەی دا نەکا، ئەو خەتە فکرییە لە درێژەی خۆیدا ئەو فیدرالیزمەی کە لە ئێستاوە بۆ داهاتوو باسی لێوە دەکا، دەخاتە کەوانەی پرسیار و گومانەوە. واتە فیدرالیزمێک نابێ لە سەر بنەمای ئیتنیکی و نەتەوەیی بۆ کورد. بەڵکوو لە باشترین حاڵەت دا فیدرالیزمێک دەبێ لە سەر بنەمای " مافی شارومەندی" و پشتگوێ خستنی گرینگیی دانانی سنوورێک بۆ دەسەڵاتدارێتی نەتەوەیی لە رۆژهەڵاتی کوردستان.
2005/8/10

مەبەست لە دەستپێشخەری،
هەوڵدان بۆ دوو قوتبی کردنی کوردستانە

لە ماوەی چەند رۆژی رابردوو، لە رۆژهەڵاتی کوردستان، داخوازی پێکهێنانی بەرەی کوردستانی وەک مەسەلەیەکی زۆر گرنگ، هەتا دێ ڕوو لە پەرەگرتنە و لا کردنەوە مەسەلەیە تین و گۆرێکی بەرچاوە بە خۆیەوە گرتووە. لە جێدا مەسەلەی پێکهاتنی بەرەیەکی دیموکراتی و گشتگری کوردستانی وەڵامدانەوە بە مەسەلەیەکی گرنگی قۆناغی ئێستای خەباتی گەلی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستانە.
بۆیە ئەم دیاردەیە نابێ تەنیا رووبەروویی هێزە سیاسییەکانی کوردستان بێتەوە، بەڵکو بە پێچەوانە، پێویستە وەک پرسێک بگوێزرێتەوە بۆ ناو بیروڕای گشتی هەموو تاکێکی کورد، بە مەبەستی دیموکراتی بوونی هەرچی زیاتری بەرەوشوێندانانی لە سەر پێکهاتە و بەرنامە و کاری دوارۆژیی.
کەوایە پەشتیوانی کردن لە هەر هەنگاوێک کە ئەم دەستکەوتە لەگەڵ خۆیی بە دیاری بێنێ، ئەرکی هەموو کوردێکی نیشتیمانپەروەرە کە هەست بە قۆناغی هەستیار و چارە نووسسازی ئێستای گەلی کورد دەکات.
لەگەل ئەوەشدا نابێ لە بیرمان بچێ، هەر بەو ئەندازەیەی پێداگرتن لە سەر پێویستی پێکهێنانی بەرەی کوردستانی کارێکی پێویستە، هەر بەو رادەیەش دژایەتیکردن لە گەڵ پاوانخوازی و بیری دژی دیموکراتی لە پرۆسەی لە دایکبوونی بەرە گرینگی تایبەتی هەیە. واتە بۆ ئەوەی بەرەی کوردستانی هەر لە سەرەتای لە دایکبوونییەوە نەبێتە ئامرازێک بۆ سەرکوت و داپلۆسین لە کۆمەڵگای کورد، پێویستە هەر لە ئێستاوە ئەو بەرەیە لە سەر بنەمای کولتورێکی دیموکراتی لە دایک ببێ و رێز بۆ ماف و ئازادییەکانی کۆمەڵگایەکی فرە چەشنی و فرە حزبی دابنآ و پشت بە پاوانخوازی نەبەستێ.
لەم چەند رۆژەی دواییەدا لە سەر چۆنیەتی پێکهێنانی بەرەیەکی کوردستانی لە رۆژهەڵاتی کوردستان دوو روانگەی دژ بە یەک هاتە ئاراوە.
روانگەیەک پێی وایە (بڕوانە دوو وتاری کاک برایمی فەرشی لە سایتی رۆژهەڵات) ئەگەر قەرارە بەرەیەکی کوردستانی پێکبهێرێت، دەبێ پشت بە پرۆژەیەکی دیموکراتی ببەستێ و گشت هێزە کوردستانییەکان بە مافی بەرامبەر بگرێتە خۆیەوە. جگە لە لەوەش ئەم بەرەیە نابێ تەنیا بەرەی

حیزبەکان بێ، بەڵکو پێویستە دەرگای کراوە بێ بۆ هەموو کەسایەتی و کۆڕ و کۆمەڵە ڕووناکبیری و کۆمەڵایەتییەکانی کورد لە دەرەوە و لە ناوەوەی وەڵات.
روانگە دووهەم بە پێچەوانەی روانگەی یەکەم بیردەکاتەوە. ئەم روانگەیە لە بازنەی سیاسەتێکی داخراو دژی دیموکراتییەوە بۆ چۆنییەتی پێکهێنانی بەرە دەڕوانێ. ئەو روانگەیە لە بری ئەوەی بیر لە دیموکراتیبوونی هەرچی زیاتری بەرە کە بکاتەوە، پتر لە خەمی دەستکەوتەکانی سازمانەکەی خۆیدایە، لە خەوی ئەوەدایە ئەووەڵ جار بزانێ لەگەڵ لایەنێکی سیاسی دی چۆن دەسازێ و ئەویان چ ئیمتیازێک دەدا و ئەوی تریان چ بە دەست دێنێ!
واتە پێش ئەوەی پێویستی پێکهێنانی بەرەی کوردستانی بەلاوە گرنگ بێ، سەرقاڵی ئەوەیە بزانێ دەتوانێ لە دوا رۆژدا چ ئیمپراتوریەک بۆ حزبەکەی دادەمەزرێنێ و چۆن دەتوانێ کوردستان بە دوو کەرت بۆ دەسەڵاتدارییەتی دوو حزب دابەش بکا. بۆیە بەلای ئەم روانگەیەوە، بوونی بەرە گرێدراوە بە چۆنییەتی بەرژەوەندی ڕێکخراوەییەوە.
وێنەی هەرە بەر چاوی ئەو روانگەیە، خوێنەر دەتوانێ لە پەیامێکی کاک عەبدوڵڵای موهتەدی بە دی بکات کە لەم چەند رۆژەی دواییەدا بە ناوی (پەیامێک بۆ هەموو خوازیارانی بەرەیەکی کوردستانی لە ئێران) بڵاو کرایەوە. بەڕێز موهتەدی لە پەیامەکەیدا وەک مزگێنی بۆ هەموو خوازیارانی بەرەی کوردستانی رادەگەیەنێ: (کۆمەڵە گەڵاڵەیەکی ئامادە کردووە و بە تەمایە هەر لەو رۆژانەداوەک پرۆژەیەکی پێشنیار کراو پێشکەشی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دیموکراتی بکات، هیواداریش دەردەبڕی وەڵامی موسبەت وەربگرێتەوە).
بەڕێز موهتەدی لە بەر ئەوەی زۆر باش دەزانێ ئەم سیاسەتەی چ بیرێکی لە پشتە و بە چ مەبەستێ دەیەوێ گەڵاڵەی پێشنیارکراوی تەنیا پێشکەش بە کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دیموکرات بکات، بە بێ ئەوەی لە لایەن هیچ کەسێکەوە پرسیارێکی لێ کرابێ و بە مەبەستی شونەونکە وەڵامێکی لە پێشدا حازر کردووە و دەڵێ: ( پێشقەدەمی و دەستپێشخەری کۆمەڵە و دیموکرات لەو ئەرکەدا شتێکی زۆر بە کەڵکە و بەمانای ڕێگە گرتن لە خەڵکی دیکە نییەو نابێ ببێ، بەڵکو بە پێچەوانەوە دەبێ بە بێ مەبەستی پاوانخوازانە، وەک گارانتییەک بۆ جیبیدیبوون و سەر کەوتنی ئەو پرۆژەیە و بۆ هیواپێدان بە هەمووان کەڵکی لێ وەربگرێ.)
یەکەم پرسیارێک کە دێتە پێشێ ئەوەیکە: ئەو " خەڵکانە" کێن؟ ناویان چییە؟ ناو گرنگە و بەشێک لە ناسنامەی ڕێکخراوێکی سیاسییە، ئایا ئەگەر کەسێک لە ناو هێنانی ڕێکخراو گەلێکی سیاسی خۆ دەپارێزێ و نازناوی خەڵکانی تریان لە سەر دادەنێ، جێی خۆی نییە گومانی ئەوەی لێ بکرێ کە ئەگەر بتوانێ لە سەحنە وەلایان بنێ یا بە هۆی فشار هێنانەوە بیانکاتە پاشکۆی خۆی؟
موهتەدی بۆ ئەوەی مەبەستی خۆی بشارێتەوە، دەیەوێ وا بنوێنێ بە مەبەستی خێر خوازی و لە پێشدا دەیەوێ " خەڵکانی " تر وەلانێ و گەڵاڵەی پێشنیار کراوەکەی تەنیا بە کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دیموکرات پێشکەش بکات. باشە ئەگەر لێرەشدا مەبەستی خێر خوازی و نیاز پاکییە یا خۆ بەو جۆرەی بە خۆی دەڵێ بە مەبەستی گارانتییەکە بۆ جیبیدی بوون و سەرگرتنی پرۆژەکە، پرسیار ئەوەیە ئایا بەشدار بوونی چەند هێزی تر پتر ئەم مەبەستە دەپێکێ یا تەنیا حیزبێک؟
ئەگەر مەسەلەکە دانی دڵنیایی پترە، دەبوایە بە پێچەوانەکەی بایە. واتە کۆمەڵە گەڵاڵە پێشنیارکراوەکەی پێشکەشی " خەڵکانی" تریش کردبایە، چونکە ئەوسا لە جێگایەک حیزب، چەند حیزب و ڕێکخراو دەبوون بە پشتیوانی پرۆژەکە. بەڵام ڕاستییەکەی ئەوەیە، مەبەستی بەرپرسی کۆمەڵە هیچ کام لەوانە نیە، مەبەستی ئەو کە ناوی دەستپێشخەری لە سەر داناوە، هەوڵدان بۆ دووقوتبکردنی چەمکی حاکمییەت و دەسەڵاتدارییەتی لە کوردستانە.

بە گوێرەی دیمانەیەک کە لەم ڕۆژانەدا لەگەڵ بەڕێز سەلاحی موهتەدی کراوە و لە سایتەکان بڵاو کرایەوە: ( دوو بۆ چوونی لێکجیاواز لە نێو دیموکرات و کۆمەڵەدا هەیە، دیموکرات خۆی بە نوێنەری تێکڕای گەلی کورد دەزانێ و خۆی بێ نیاز دەزانێ بە ڕێککەوتن لەگەڵ هیچ حیزبێکی دیکە، مەگەر حیزبەکەی تر حازر بێ ڕۆڵێکی دەرەجە دووهەم ببینێ و دیموکرات بە سەرکردە پەسەند بکات. کۆمەڵەش ئەگەر سێ پێشمەرگەی لە گەڵ بمێنێ، ئامادە نییە ڕۆڵی دووهەم ببینێ، خۆی بە هاوتا و هاوشانی حیزبی دیموکرات دەزانێ، حازر نیە بە هیچ شتێکی کەمتر لەوە لە گەلی ڕێکبکەوێت. ئەم دوو بۆ چوونە لە گەل یەک ناگونجێن و دەبێ لایەنەکان بۆ نزیکبوونە لە یەک، ئیمتیاز بە یەکتر بدەن...). بڕوانە دیمانە لە گەڵ بەڕێز سەلاحی موهتەدی.

ئێستا لە بەر ڕۆشنایی ئەو چەند دێڕەی بەڕێز موهتەدی، بە باشی دەردەکەوێت مەبەستی کۆمەڵە لەدەستپێشخەری چییە و بە چ مەبەستێک هەوڵ بۆ ئەم دەستپێشخەرییە دەدا. هەر وەک پێشتر ئاماژەم پێکرد، مەبەستی کۆمەڵە لە دەستپێشخەری ئەوەیکە لە پێشدا لەگەل حیزبی دیمکوکرات لە سەر دوو جەمسەری کردنی کوردستان بە ئاکامێک بگا یا خۆ بە وتەی سەلاحی موهتەدی" بۆ نزیکبوونەوە لە یەک، ئیمتیاز بە یەکتر بدەن".

لە هەڵو مەرجی ئەوڕۆدا کە هیچ ئیمکانی ئەوە نیە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ڕێگای دەنگدانێکی گشتییەوە، ڕادەی پشتیوانی و جەماوەر بوونی ریکخراوە سیاسییەکانی ئەو رووی کوردستان دەربکەوێ، هێنانە گۆڕی بیری ڕێبەرایەتیکردنی بەرە لەلایەن تاقە حیزبێکەوە یا خود مەترحکردنی تیئۆری دوو قوتبی لە کوردستان، ناتوانێ هیچ بنەما و مەشرووعییەتێکی دیموکراتیکی هەبێ. مەسەلەی ڕێبەری، نە بە درووشمە و نە بە سابیقەی تاریخی ونە بە مەشروعییەتی ئیدۆلۆژیکی و نە بە ڕادەی شەهید و نە بەرادەی ژمارەی کادر و پێشمەرگەیە.

لەو دونیای مودیڕندا ئەوەی مەشروعییەت بە ڕێبەری هێزێکی سیاسی دەبەخشێ، دەنگ و ئیرادەی بیروڕای گشتییە، بیروڕای گشتیش شتێکی سابت و نەگۆڕنیە وهەمیشە لە گۆڕان دایە. بۆیە بە لە بەر چاو گرتنی ئەو ڕاستییانە، هینانە گۆڕی چەمکی ڕێبەری و دوو قووتبی کردنی کوردستان دەتوانێ ببێتە گرێ پوچکەیەکی ئەوتۆ کە هەموو باسێکی داهێنەرانە بۆ لێکنزیکبوونەوەی ڕێکخراوە کوردییەکان لە یەکتر بە بنبەست بەرێ.

کۆمەڵە لە جێگای ئەوەی خوازیاری وەلانانی ئەو کۆسپانە بێ و لە باتی ئەوەی خوازیاری بەشداری هەموو هێزە سیاسییەکانی ئەو ڕۆی کوردستان بە مافی بەرامبەر و وەک یەک، دێ ڕاست بە پێچەوانەی بە دیلی دوو جەمسەریکردنی کوردستان هەڵدەبژێرێ. واتە کوردستان لە باری ئیداری و حاکمییەتەوە بە دوو جوگرافیا دابەش دەکا و هەر بە شێکی بە حیزبێک دەسپێرآ.

ئولگۆی دوو جەمسەریکردنی کوردستان لە باشوری کوردستان تاقیکرایەوە و هەموومان دیتمان چ ئاکامێکی لەگەڵ خۆی بەدیاری هێنا و ڕەوا نیە ئەم تاقیکردنەوە شکست خواردووە جارێکی دیکە بۆ پارچەیەکی دیکە لە نیشتمانی کورد بگوێزرێتەوە.

گومان لەوەدا نیە سیاسەتی دوو قوتبیکردنی کوردستان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش هەر مەحکومەو شکست دەخوا، چونکە بناغەی ئەم بیرە لە سەر پاوانخوازی و دەسەڵاتدارییەتی و ئیمبراتوورییەت بۆ حیزبە، نە بۆ خەڵک. بەو هۆیە لە دوای دابەشکردنی کوردستان لە نێوان ئەو دوو حیزبە، کێشەکە هەر بەوەندە ناوەستێ، ئەوسا نۆرەی شەڕی ئەوە دەستپێدەکات، بزانن ناوچەی کام لابەرینترە، کام ناوچە بە پیت و بەرەکەترە.....

تیئۆری دووقوتبیکردنی کوردستان هیچ جیاوازییەکی لە گەل تیئۆریی سێ کوچکەکەی بەرێز عەبدوڵڵا موهتەدی لە رابردوودا نیە. بنەمای هەر دوو تیئۆریەکە شەڕە لە سەر قودرەت بە شێوەیەکی غەیرە دیموکراتی کە لە ئاکامدا هەڵگیرسانی شەڕی ناوخۆییە لە کوردستان.
کاتێک پرۆژەی ساغکردنەوەی کۆمەڵە لە حیزبی کۆمونیست هاتە مەیدان، منیش وەک زۆرێک لە خەڵکانی تر پێم وا بوو کۆمەڵە دەیەوێ خوێندنەوەیەکی بەتەواوی نوێ بە سیاسەت و روانگەکانی دا بهێنێ، بەڵام پەیامی ئەم دواییانەی عەبدوڵڵا موهتەدی نیشانیدا، هێشتا رێبەرانی کۆمەڵە لەحاڵ وهەوای سەردەمی تیئۆری سێ کوچکەی کاک عەبدوڵڵا موهتەدیدا دەژی کە تێکۆشەرانی کوردی هاندەدا سیلا لە سینکی یەک بگرن و بانگەشەی شەڕی براکوژی بۆ رۆڵەکانی گەلی کوردە دەگرت.
ئەگەر ئەو زانیارییانەی بەرێز سەلاحی موهتەدی لە سەر هەڵوێستی حیزبی دیموکرات راست بێ ( چونکە یەک ساڵ لەمەوبەر سکرتێری گشتی حیزبی دیموکرات بە ئاشکرا رایگەیاند کە ئەوان هیچ شەرتێکیان نییە بۆ هێزە سیاسییەکانی کوردستان و کەسیش حەزف ناکەن و داوای رەهبەریش ناکەن – بڕوانە کوردستان، ژمارەی 19، تایبەتی، لە دەرەوەی وڵات، 30ی رەزبەری 1381-). واتە حیزبی دیموکرات لەو هەڵوێستەی کە هێمام پێکرد، پاشگەز بووبێتەوە و هەروەها بە لەبەر چاو گرتنی نێوە رۆکی پەیامەکەی عەبدوڵڵای موهتەدی، دەکرێ قسە لە سەر دوو سیناریۆ بکرێ لە کوردستان.
سیناریۆی یەکەم ئەوەیە، هیچ بەرەیەک لە کوردستان پێک نایەت و حیزبی دیموکرات و کۆمەڵە کێشەی رێبەری بۆ دوارۆژ هەل ناگرن. ئەوا لەو حاڵەتەدا بۆ دۆزی کورد دەتوانرێ گەورەترین مەترسی لە گەل خوی بێنێ، چونکە لەگەل هەر چەشنە گۆڕانێک کە ببێتە هۆی گەڕاندنەوەی ئەم دوو هێزە بۆ کوردستان، شەڕی دەسەڵات مەیدانێکی پان و بەرینی بۆ دەکرێتەوە کە دەتوانی لە سەر بچووکترین مەسەلە خوێناویترین شەڕی نێوخۆ هەڵایسێنێ.
سیناریۆی دووهەمیش تێزی دوو قوتبی کردنی کوردستانە و لە نێوەرۆکدا ئەم سیناریۆیە چ فەرق و جیاوازییەکی دەگەل سیناریۆی یەکەم نیە، چونکە ئەوەی بایەخی پێنەدرێ بەرژەوەندی نەتەوەییە. بە پێچەوانە، بەرژەوەندی رێکخراوەیی ئەوەندە بەلایەوە گرنگە کە تەنیا "قودرەت" بە فەلسەفەی وجودی خۆی بزانێ و خۆی تەنیا بە بوونی دەسەڵات پێناسە بکات. لە تێزی دوو جەمسەری کردنی کوردستان جێگایەکی ئەوتۆ بۆ لایەن و کۆڕ و کۆمەڵی دیکە بەدی ناکرێ، رەنگە لە باشترین حاڵەتدا، رۆڵی پاشکۆیەتییان پێڕەوا ببینێ. بناغەی ئەم تێزە لە سەر ئەوە دامەزراوە، کوردستان بکات بە جێگەی رمبازێن و تراتینی دوو هێزی دەسەڵاتدار کە بەکەس کۆنترۆل نەکرێن و ئەم نەوعە دەسەڵاتە بە نۆرەی خۆی دەبێتە هۆی گەورەترین کۆسپی سەر رێگای دیموکراتیزە کردنی کۆمەڵگای کوردەواری.
لە بارەی پرسیاری ئەوەیکە چەندە تێزی دوو جەمسەریکردنی کوردستان شانسی سەرکەوتنی هەیە، بە رای من بیروڕای گشتی کورد دەتوانێ عامیلێکی گەورە بێ بۆ لەقاودان و پوچەڵکردنەوەی.
15.7.2003

## لە پێناوی پێکهێنانی بەرەیەکی کوردستانی

## لە رۆژهەڵاتی کوردستاندا

تێبینی: ئەم نووسراوە پێش ئاڵوگۆڕەکانی ئەم دوایانە و بەتایبەت لەت بوونی حیزبەسیاسییەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان نووسراوە. بۆیە لە باسی پێکهاتنی بەرەدا ناوی سێ هێز دێنێ کە ئێستا ئیتر یا لە قەوارەی ئەوکات دانین ، یا تووشی ئینشعاب و لەت بوون هاتوون. بەڵام سەرەرای ئەو ڕاستیە

تالانە، کاکڵ و ناوەرۆکی باسەکە واتا پێویستیی پێکهاتنی بەرەیەکی کوردستانی بە بەشداریی هەموو هێزە سیاسی‌یەکانی جێ متمانەی خەڵک(بێ جیاوازی) بایەخ و گرنگی خۆی لەدەس نەداوە. بۆیە بە بێ دەسکاری بڵاوی دەکەمەوە. ئەیووب ئەیووبزادە

بزووتنەوەیەکی کە ئێستا پتر لە 24 ساڵە پێشی بە سەقامگیر بوونی دەسەڵاتی داگیر کەرانی دەوڵەتی ئێران لە رۆژهەڵاتی کوردستان گرتووە، خاوەنی سروشت و نێوەرۆکی نەتەوەیی و رزگاریخوازانەیە. ئەم بزووتنەوەیە هەڵگری سروشتێکی نەتەوەیی‌یە، لە بەر ئەوەی کە گەلی کورد سەرەڕای هەموو خەبات و تێکۆشانی بآ نێوەبڕی، هێشتا نەک هەر نەیتوانیوە لە قەوارەیەکی نەتەوەیە بەهرەمەند بآ، بەڵکوو بە پێچەوانە،دەوڵەتە داگیر کەرەکانی ئێران بە دایم حاشایان لە هۆویەتی میللی و نەتەویی ئەو بەشە لە نەتەوەی کورد کردوە کە لە بواری سیاسی‌یەوە بە دەوڵەتی ئێرانەوە لکێنراوە. لە هەمان کات دا ئەم بزوتنەوە خاوەنی نێوە رۆکێکی رزگاریخوازانەیە. بەو مانەیە کە دەیهەوێ تەوقی دیلی و کۆیلەتی و داگیر کراویی لە مرۆڤ و نیشتمانی کورد بکاتەوە و یەکییەتی نەتەوەیی و سیاسی بۆ کورد دەستەبەر بکات.

زۆر سروشتییە کە لە بزاڤێکی رزگاریخوازانە و نەتەوەیی ئەوتۆدا، تا ئەو جێگایەی بۆ بارو دۆخی ئێستای کوردستان دەگەڕێتەوە، کۆمەڵە فاکتۆرێکی وەک بوونی ستراتیژێکی روون و دیاریکراوی نەتەوەیێ، هەوڵدان بۆ نێوەنەتەوەیی کردنی مەسەلەی کورد و جەماوەریی کردنی هەرچی زیاتری جووڵانەوەکە و بوونی بەرەیەکی یەکگرتووی بەرینی کوردستانی، دەتوانن لە بە ئاکام گەیاندنی ئەو خەباتە دا دەورێکی سەرەکی‌یان هەبێ.

لە گەڵ ئەوەی کە هەر کام لەو فاکتۆڕانەی لە سەرەوە ئاماژەم پێ کردن لە شوێن و جێگای خۆیان دیاردەگەلێکی گرینگن و شیاوی بایەخ پێدانن، بەڵام بە بۆچوونی من لە هەل و مەرجی ئێستای رۆژهەڵاتی کوردستان دا ئالقەی سەرەکی دەتوانێ پێکهێنانی بەرەیەکی کوردستانی بە قەوارەیەکی دیمۆکراتی، بە مەبەستی هەڵگرتنی پلاتفۆرمێکی نەتەوەیی و کۆکردنەوەی گشت هێزە سیاسی‌یەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان – وێڕای پاراستنی شەخسییەتی حقوقی و سیاسی ئەوان- بێ. بە پێکهێنانی ئەم مەبەستە و بڕینی ئەو هەنگاوە کەش و هەوای ئەوە دەرەخسێ کە پڕۆژەی ستراتیژێکی نەتەوەیی بێتە ئاراوە و خیتابێکی هاوبەشی کوردی بێتە بەرهەم. لە لایەکی تریشەوە رچە بۆ وەدەست هێنانی متمانەی جەماوەری کوردستان لە مەڕ هەوڵدان بۆ دیاری کردنی چارەنووسی سیاسی خۆیان دەشکێ. لە ئاستی نێو نەتەوەیش دا بە قورسایی خستنە سەر جم و جۆڵی دیپلۆماسی، رادەیەکی زۆر پشتیوانی و پشتگیری بۆ بزووتنەوەی ڕەوای گەلەکەمان وەدەست دەهێندرێ.

بە لەبەر چاو گرتنی ئەو راستی‌یانە، پێکهێنانی بەرەیەکی کوردستانی لە رۆژهەڵاتی کوردستان لە سەر بناغەی پلاتفۆرمێکی نەتەوەیی، وەڵام دەری یەکێک لە گرینگ ترین پێویستی یەکانی قۆناخی ئێستای خەباتی گەلەکەمانە. هەر بۆیە هەوڵ دان بۆ پێکهێنانی بەرەیەکی کوردستانی دیاردەیەکی بابەتی‌یە ولە هەمو کات و ساتێک دا، بە لە بەر چاو گرتنی تایبەتمەندی‌یەکانی پرسی کورد ئەرکێکی پێویستە و لە بنەڕەت را نابێ بە هیچ کەش و هەوایەکی سیاسی تایبەتی ببەسترێتەوە. مەبەست لێرەدا ئەوەیە کە بۆ کێشەی گەلی ئێمە کە لە قۆناغێکی رزگاری خوازانە دایە، بوونی خیتابێکی هاوبەشی سیاسی و لێک کۆبوونەوەی هێزە سیاسی‌یەکانی کورد لە دەرەوەی پرۆژەیەکی نەتەوەیی دیاردەیەکی کاتی و کورت و کورت خایەن نی‌یە. هەتا ئەو کاتەی بزاڤی رزگاری خوازانەی کورد نەیتوانیوە بە ئاکامی سەرکەوتوانەی خۆی بگات، بوونی بەرەی کوردستانی پێویستیەکی حاشاهەڵنەگرە و وەڵامدەری پێویستی یەکی گرینگ و دەستەبەری سەرکەوتنە. بەڵام لە گەلڕ هەمووی ئەوانە دا، گۆڕانکاری‌یەکانی ئەم دوایییانە کە لە ئاستی جیهانی و ناوچەیی دا هاتوونەتە گۆڕێ،

پێویستی پێکهێنانی بەخێرایی بەرەیەکی کوردستانی زیاتر دەردەخا. ئەم گۆڕانکاری‌یانە هەتا ئەو جێگایە کە پێوەندی بە نێوە رۆکی ئەو وتارەوە هەیە، دەکرێ لە چەند رووی دیکەوە هێمای پێ بکرێ.

ئاستی سیاسەتی نێونەتەویی

هەر وەک دەزانین رمانی یەکییەتی سۆڤیەت، بوو بە هۆی کۆتایی شەڕی سارد و هەڵوەشاندنەوەی دونیای دووجەمسەری. بە نەمانی شەڕی سارد و هەڵوەشانەوەی لایەنێک لە دونیای دووجەمسەری، پێویستی "دوکتور ینێکی" جیاوازی خۆی فەرز دەکات. "دوکتورینێک" کە لە زۆر بواردا لە گەڵ پرەنسیپەکانی سەردەمی شەڕی سارد دا جیاوازی هەیە. لە چوارچێوەی شەڕی سارد دا پیرۆزیی سەروەری دەوڵەت بە لووتکەی هەرە بەرزی خۆی گەیشت و هەر بەو پێی‌یەش پاراستنی سنوورەکانی وەک ئەسڵێکی بێ ئەم لاو ئەولا سەیر دەکرا کە گۆڕین لە نەخشەی جیهان دا بە دەگمەن جیی تێدا بێتەوە.

بە کۆتایی هاتنی شەڕی سارد لە سیاسەتی نەتەوەیی دا ئەم چەمکانە گۆڕانکاری گەورەیان بە خۆوە بینی. ئیتر رژیمە دیکتاتۆرەکان لە زۆر شوێنی دونیا دا نەیانتوانی سیاسیەتی" ئەنفال و ژنۆساید" و قڕ کردنی گەلانی زۆر لێکراوی بەڕێوە بەرن و لە ژێر ناوی" مەسەلەی ناوخۆیی" دا رووما و ناوە رۆکی جینایەتکارانەی خۆیان حەشار بدەن و لەم لاشەوە هەڵپەرستانە خۆیان بخەنە ژێر باڵی یەکێک لە جەمسەری‌کانەوە.

مەبەستی من لێرەدا بە هیچ لەونێک ئەوە نیە کە لە نەزمی نوێی جیهانی دا مرۆڤایەتی بەرەو دوورگەی بەختیاری ملدەنێ و ئاسەوارێک لە کێشە کۆمەڵایەتی‌یەکان و ناکۆکی‌یە چینایەتی یەکان لە ئارادا نامێنێ، بەڵکوو مەبەستم ئەوەیە کە لە "نەزمی نوێی جیهانی دا لانی کەم تێزی پیرۆز بوونی "سنۆرەکان" و " پیرۆز بوونی چەمکی دەوڵەت " قەڵەشتی تێکەوتووە و چەمکی" دەستێوەردانی ئینسانی" هاتۆتە گۆڕێ. ئەوە راستە کە هێشتا بنەماکان و ستروکتۆری نەزمی نوێی جیهانی بە تەواوی روون و ئاشکرا نییە و فۆرمێکی دیاری کراوی بەرامبەر بە گەلانی بێ دەوڵەت بە خۆوە نەگرتووە. بەڵام هەر نەبێ هەتا ئێستا لە زۆر شوێنی جیهان دا گەلانی بێ دەوڵەت لایان لێ کراوەتەوە و لە هەڕشەی لە ناو چوون پارێزراون و بە بەشێک لە مافەکانی خۆیان گەیشتوون.

ئازاد کردنی دورگەی تیمور لە ئەندونیزی، باشووری کوردستان لە عێراق،پارچە پارچە بوونی یوگوسلاوی بە چەند دەوڵەتی نەتەوەیی و ...ئەم راستییە دەردەخەن کە بنەمای " پیرۆز بوونی دەسەڵاتدارییەتی " لە یاسایی نێو دەوڵەتی دا گۆڕانکاری بە سەر داهاتووە و بێگومان ئەمەش خۆی ئەنجامێکی باشی لە سەر ژیان و چارە نووس و داهاتووی گەلانی بێ دەوڵت دادەنێ و هەلی لە باریان بۆ دەرەخسێنێ.

## رووخانی حیزبی بەعس و شوێنەوارەکانی

بە رووخانی دەوڵەتی عێراق، کێشەی کورد و چۆنیەتی جوغرافیایی ناوچەکە پێ دەنێتە قۆناخێکی نوێوە. نەمانی دەوڵەتی عێراق دەتوانێ بۆ نەتەوەی ئێمە سەرەتای وەرچەرخانێکی گەورە بێ. وەرچەرخانێک کە هیوای ئەوەی لێ دەکرێ کە ببێتە سەرەتایەک بۆ کۆتایی هاتن بە ژان و ئازارەکانی گەلی کورد و گەیشتن بە دامەرزانی قەوارەیەک کە لە ژێر سێبەری ئەو دا گەلی کورد بحەسێتەوە. لە ناو چوونی رژیمی بەعس بۆ نەتەوەی ئێمە لە زۆر لایەنەوە شیاوی سەرنج و لێ ورد بوونەوەیە. ئەوەش نەک بەو هۆیەوە کە کۆتایی بە دەسەڵاتدارییەتی رژیمێک هات کە ئەنفال و تواندنەوەی کورد لە چوارچێوەی پلان و سیاسەتی رەسمی و هەرە بەرزی خۆی دانابوو، یا خۆد ئەوە کە گەلی کورد لە باشوور توانی دوای خەباتێکی دوور و درێژ، زۆربەی شار وناوچەکانی کوردستان ئازاد بکات و بیخاتە ژێر دەسەڵات و حوکمرانی خۆیەوە، بەڵکوو لە گەڵ گرینگی هەموو ئەوانە، توانی مەسەلەی کورد وەک

کێشەی نەتەوەیەکی بێ دەوڵەت بخاتە ڕۆژەوەیی سیاسەتی نێونەتەوەیی و ئەمەش مەسەلەی کورد لە هەموو پارچەکانی تری کوردستان، تووشی هەژاندن دەکات.

### مەسەلەی کوردیەک مەسەلەیە

داگیر کەرانی کوردستان باشتر لە ئێمەی کورد لەو ڕاستییە گەیشتبن کە مەسەلەی کورد یەک مەسەلەیە. واتە بە چارەسەری کێشەی پارچەیەک لە کوردستان، دۆزی کورد لە بەشەکانی تر پتر ڕەوتی گەشە و بەرە و پێش چوونی خۆیان دەپێون. ڕەنگە بە زاری ئەوانەی وە دوای کڵاوی بابردووە و تئۆری Integre کردنی کوردەوەن، زۆر تاڵ و تفت بێ کە بڵێم، لە کێشەی کورد دا کە لە نێوان چوار دەوڵەتی داگیر کەر دابەش کراوە، ئەوەندەی ڕووداوە دەرەکەیەکان لە چارەسەر کردنی مەسەلەی کورد دەور دەبینن، هیچ کات نیو هێندە ئاڵ و گۆڕەکانی نێو خۆیی ئەو وڵاتانەی کە کوردیان پێوە لکێنراوە، کاریگەرییان لە سەر نابێ. مەبەستم ئەوەیە کە دابەشکراویی و داگیر کراویی کورد و نیشتمانەکەی لە نێوان چوار دەوڵەتی داگیر کەر دا، خسلەت و سرووشتێکی جیهانی یا لانی کەم ناوچەیی(ڕۆژهەڵاتی ناوەراست) بە مەسەلەکە داوە. بەو مانایە کە کاتێک مەسەلەی کورد هەل و دەر فەتی مێژوویی بۆ هەڵدەکەوێ و دەچێتە خانەی بەرژەوەندی سیاسەتی زل هێزەکانی جیهانەوە، ڕەوتی چارەسەر کردنیشی گەلێک خێراتر و مسۆگەر تر دەبێ.

ئەمەش پێوەندی بە گەوهەری کێشەی کوردەوە هەیە و بەرهەمی واقعی دابەشکردنی کوردستانە. بۆیە چیدیکە دەوڵەتە داگیرکەرەکانی تری کوردستان ناتوانن واقعیی مەسەلەی کورد لە وڵاتەکانیان دا پش گوێ بخەن.

### ئێران لە بەر دەم گۆڕانکاری گەورەدا

بۆ هەمووان روونە کە دەوڵەتی ئێران لە هەموو کاتێک زیاتر بەرەو مەترسی قەیران و لێکترازانی شیرازەی دەسەڵاتەکەی مل پێوەدەنێ. لە ئاستی نێو خۆیی دا تەقینەوەکانی کۆمەڵایەتی ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ زیاتر بەرەو پەرەگرتن و شەپۆلی نارەزایەتی خەڵک هەردەم پتر لە کڵپە سەندنە. لە لایەکی دیکەشەوە پرۆژە و بناخەکانی فیکری و سیاسی کۆماری ئیسلامی کە خۆی لە خانەی بونیاتگەرایی ئیسلامی دا دەبێنێتەوە، لە هەموو کاتێک زیاتر لە گەڵ بن بەست و بەرهەڵست ڕووبەروو بووە. بە جۆرێک کە دەتواندرێ بگوترێ، سەرهەڵدان و هاتنە ئارای باڵە جۆراو جۆرەکانی ڕژێم، ڕەنگدانەوەیەکە لە شکستی پرۆژەی ئیسلامی و هەر لەهەمان کاتدا چەشنە هەوڵدانێک بۆ دەرباز کردنی ڕژیم لەو بن بەستەیە کە تێی کەوتووە.

لە ماوەی چەند ساڵی رابردوو دا باڵێک لە دەسەڵاتی فەرمانڕەوا لە هەوڵی ئەوەدابوو بە هۆی خوێندنەوە و تەفسیرێکیتر بۆ بنەماکانی شیعەگەریی، حکوومەتی ئیسلامی لە گەڵ نۆرمەکانی دونیای ئەمرۆ پێکەو ئاشتی بدات. بەڵام سەرجەمی هەوڵ و تەقەلاکانی قۆڵی ڕێفۆرم خواز لە گەڵ بن بەست وناکامی و ڕووبوروو بوو. هەتا ئەو کاتەی بناخەی ڕژێمی کۆماری ئیسلامی لە سەر "ویلایەتی فەقیە" دامەزرابێ، هیچ پرۆژەیەک و ئاڵ و گۆڕێک ناتوانێ ڕەوتی پێشەوە چوونی خۆی بپێوێ.

ئەم بارو دۆخە کۆماری ئیسلامی ئێرانی لە دوو جەمسەرەوە خستۆتە بەر مەترسی. لەلایەک لە ئاستی نێو خۆیی دا ناتوانێ هیچ گۆڕانکاریی‌یەک لە ژیانی خەڵک دا پێک بهێنێ و مل بۆ ئازادی و حاکمییەتی خەڵک رابکێشێ. لە لایەکی دیکەشەوە، هەر بەدوای کۆتایی هاتنی شەڕی سارد و بەتایبەتی ڕووداوی یازدەی سپتامبر، بونیاد گەرایی ئیسلامی ناتوانێ جێگای پەسەند و ڕەزامەندی جیهانی یەک جەمسەری بێ. بایەخ و گرینگی بونیاد گەرایی ئیسلامی لە سەردەمی ئێستا دا بە سەر چووە و کەوتۆتە خانەی دژایەتی لە گەڵ نەزمی نوێی جیهانیی‌یەوە.

بە هەڵکەوت نییە کە زەخت و فشاری دەوڵەتی ئەمریکا بۆ سەر ئێران هەر دەم لە پەرەستاندن دایە و بە کردەوە ئەورۆ ئێران لە چەند لاوە بە هۆی وڵاتانی دراوسێییەوە کەوتۆتە بەر گەمارۆی فشاری ئەمریکا. گومانی تێدا نییە کە ئەم پارسەنگەی ئێستا ناتوانێ لە دوارۆژ دا بەردەوام بێ و گۆڕانکاری گەورە بەڕێوەیە.

تا ئەو جێگایەی بۆ وەزعییەتی کوردستانیش دەگەڕێتەوە، دەبێ بگوترێ، لە ماوەی چەند ساڵی رابوردوو دا بە شێوەیەکی بێوێنە بیری نەتەوەیی لە رۆژهەڵاتی کوردستان لە بووژانەوە و بە خۆدا چوونەوە دا بووە. هاوکات لە گەل ئەوە بزاوێکی رۆشنبیری و کولتووری کە خۆی لە دەرکردنی دەیان بڵاوکراوە، پەرتووک و کۆنگرە و سمینار دا نیشان دەدا، بەرینترین توێژی رۆناکبیر و خوێندەواری کۆمەڵی کوردەواری هێناوەتە هەژاندن.

هێزە بزوێنەری ئەو بژاوە رۆناکبیری و کولتوورییە، پرسی ناسنامەی نەتەوەیی و هەوڵ دان بۆ خۆناسین و ئاوڕدانەوە لە خۆیە و هەر لەو کاتەدا دژ کردەوەیەک لە بەرامبەر سیاسەتی نکۆڵی کردنی رژیم بەرامبەر بە ناسنامەی نەتەوەیی و ئازادییەکانی خەڵکی کوردستانە. بە گشتی بزووتنەوەی جەماوەری گەلی کورد لە هەموو بەشەکانی دا سەردەمی ترس و خۆفی بە جێ هێشتووە وبە شێوەی جۆراوجۆر لە حالی پاشە کشە کردن بە رژیم دایە.

## بە یەکەوە هەموو شتێکین، بە بێیەک چ نین!

هەموو ئەو فاکتۆر و گۆڕانکارییانەی لێیان دواین، تەنیا ئەو کات دەتوانرآکەڵکی لێ وەربگیرێ کە بزووتنەوەی سیاسی کورد بتوانێ ریزەکانی خۆی رێک بخا و هێزە سیاسییەکانی توانیبێتیان لە بەرەیەکی یەکگرتووی بەرینی کوردستانی دا کۆ بووینەوە. گشت دیاردەکان لەوە دەدوێن کە ئەگەر هێزە سیاسیەکانی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان بتوانن، وێڕای پاراستنی سەربەخۆیی رێکخراوەیی و سازمانی خۆیان، لە بەرەیەکی کوردستانی دا کۆ ببنەوە، زەمینە و دەرفەتی گرینگی بۆ ڕەخساوە و دەتوانێ هەم لە ئاستی کوردستان دا هەژاندنێکی مەزن چێ بکات و هەم لە ئاستی نێونەتەوەیش دا پشتیوانییەکی بەرین بۆ دۆزی رەوای کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان وە دەست بێنێ و زەمینەیەکی لە بار بۆ گەشە کردنی، چاوەڕوان دەکرێ.

ئێستا لێرەدا لە بەر رۆشنایی ئەو لێکدانەوەیە دا کە هەم ویستم پێویستی بوونی بەرەیەکی کوردستانی دەست نیشان بکەم و هەم زەمینە و هەلی رەخساو و لە باری ئێستا بۆ بەهێز بوونی ئەو بەرەیە وەبیر بخەینەوە.

لێرەدا سێ مەسەلەی گرینگ دەبێ ئامازەی پێ بکردرێ:

یەکەم: مەسەلەی پلاتفۆرمی بەرە

دووهەم: پێک هاتەی بەرە

سێهەم ئەرکەکانی بەرە

## پلاتفۆرم و بەرنامەی بەرە

بوونی بەرنامەیەکی هاوبەش بۆ چارە سەر کردنی مەسەلەی کورد، بەردی بناخەی بەرەی یەکگرتووی کوردستان پێک دێنێ. لە راستی دا بە بێ بوونی بەنامەیەکی هاوبەش، بەرەیەکیش ناتوانێ لە عالەمی واقیع دا لە دایک بآ و ئەو بەرنامەیە دەبآ بە لە بەر چاو گرتنی خاڵە هاوبەشەکانی هێزە سیاسییەکانی ئیستای رۆژهەڵاتی کوردستان داڕێژرابێ.

گەلۆ، ئێستا ئەو پۆسیاری دێتە پێشێ، کە ئایا ئەوەندە خاڵی هاوبەش لە نێوان هێزە سیاسییەکانی کورد بەدی دەکرآ کە ببێتە بنەمایەکی هاوبەش بۆ نووسین و گەڵاڵە کردنی بەرەیەکی کوردستانی؟ ئەگەر وەڵامی ئەو پرسە ئەرێ بێ، دەبێ ئەو بنەما هاوبەشە خۆی لە چ فۆڕم و ناوەڕۆکێک دا

ببینێتەوەکە هەم هێزە سیاسی‌یەکانی کورد لێک کۆ بکاتەوە و هەم چارەسەرێکیش بێ بۆ مەسەلەی کورد! وەڵامی ئەو پرسیارانە، چۆنییەتی پێک هاتنی بەرە دیاری دەکات. واتە تەرکیبی ئەو هێزانەی دەبنە هێزی پێکهێنەری بەرەی کوردستانی، وەڵامی ئەم پرسە دەتوانآ بداتەوە.

### هێزەکانی بەرە

جگە لە کەسایەتی‌یەکانی کورد، سێ هێزی سیاسی ئەورۆ لە کوردستاندا بە دی دەکرێن کە دەتوانن لە دەوری پرۆژەیەکی نەتەوەیی، ببنە هێزی سەرەکی بەرەی کوردستانی. ئەم سێ هێزە بریتین لە : حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران، کۆمەڵەی شۆڕشکێڕی زەحمەتکێشانی ئێران و یەکییەتی شۆڕشگێڕانی گەلی کوردستان. بوونی حیزبی کومۆنیستی ئێران لە بەرەیەکی کوردستانی‌دا بێ‌مانایە، ئەوەش بەو هۆیە کە ئەو بەرەیە بەرەیەکی کوردستانییە، واتە ئەو هێزانە لە خۆ دەگرێ کە کوردستانین. بەواتایەکی تر بەرەیەکی کوردستانی تەنیا دەتوانێ لەو هێزانە پێک بێ کە قەوارە و پێناسەیەکی کوردی‌یان هەبێ. حێزبی کومۆنیست لەم بارەوەیەوە نەتەنیا خۆی وەک هێزێکی کوردستانی پێناسە ناکات، بەڵکوو بە توندی بە گژ ئەو بیرەدا دەچێتەوە و کوردستانی بوون بە مانای "محەللی بوون" دەزانێ. کەوایە حیزبی کومۆنیست بە پێی ئیدیعا و سیاسەتەکانی، خۆی دەخاتە خانەی حیزبێکی سەرانسەری‌یەوە و حیزبێکی سەرانسەریش بە پێی بەرنامەو پرۆگرام کێشەی کورد بە لایەوە کێشەیەکی سێنتراڵ نییە. بۆیە بوونی حیزبی کومۆنیست لە قەوارەی بەرەیەکی کوردستانی دا کارێکی بێمانایە.جگە لەوانەش، حیزبی کومۆنیست مافی سیاسی میللەتی کورد تا ئاستی"مافی شارۆەندی" دادەبەزێنێ و لە ناو بەرەیەکی کوردستانی ناتوانێ حاوانەوەی بۆ بکرێ. ئەو حیزبە هەر لە ئێستاوە خەونی ئەوە دەبینێ، ئەگەر رۆژێک کۆماری ئیسلامی نەمێنێ، چۆن بتوانێ تەنگ بە بورژوازی کورد هەڵچنێ و ڕێزەکانی بزووتنەوەی کورد لە گێرژەنە بەرێ. بۆیە بە باوەڕی من بوونی حیزبێکی سەرانسەری( هەر چەند هەر بە ناویش سەرانسەری بێ) دووپات کردنەوەی هەمان هەڵەی سەردەمی دەستەی نوینەرایەتی گەلی کورد(لە ساڵەکانی سەرەتای هاتنە سەرکاری حکوومەتی ئیسلامی) دەبێ، کە رێگە درا سازمانی فیدایی ببێتە یەکێک لە ئەندامانی دەستەی نوێنەرایەتی گەلی کورد!!

بەڵام ورد بوونەوە لە هەڵوێست و سیاسەتەکانی هەر کام لەو سێ هێزە مزگێنی ئەوەمان بە گوێدا دەسرگێنێ، هیوای گەیشتن بە بنەمایەکی هاوبەش تەنیا"ئوتۆپیک" نییە، بەڵکو بە لەبەر چاو گرتنی هەڵوێست و سیاسەتەکانی هەر کام لەو سێ هێزە لە مەڕ دۆزینەوەی چارەسەرێک بۆ مەسەلەی کورد، دەتوانێ گەلێک واقعی بێ.

### - حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران

تا ئەو جێگایەی ئەم باسە بۆ حیزبی دیمۆکرات دەگەڕێتەوە، ئەم حیزبە بەڕابووردوویەکی دوور و درێژی خەباتکارانەی هەڵگری درووشمی ئۆتۆنۆمی‌یە. بەڵام لە ئەدەبیاتی سیاسی ئەو حیزبە دا بە دایم ئەوەش دووپات کراوەتەوە کە بایەخ بە شێوەکانی تری چارەسەر کردنی مەسەلەی کور، وەک فیدێرالیزم، و...دەدات.

با بۆ مێژوو بگوترێ، حیزبی دیمۆکرات یەکەم حیزبی سیاسی بوو، کە زۆر پێش ئێستا واتە لە بەفرانباری ساڵی 1365ی هەتاوی لە ژمارەی 122ی رۆژنامەی کوردستان، لە مەسەلەی فیدێرالیزم وەک ریگا چارەیە بۆ مەسەلەی میللی دواوە و رەزامەندی خۆی لە تەک حکومەتێکی فیدێراتیو هێناوەتە گۆڕێ.

### -کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران

بۆ دۆزی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان، هاتنە مەیدانی بەڕێوەبەرانی پرۆژەی ساخکردنەوەی کۆمەڵە لە قەوارەی حیزبی کومۆنیست، هەنگاوێکی گەلێک گرینگ بوو. هیواداریی ئەوە دەکرێ ئەو هەنگاوە

تەنیا هەر بەوەندە کۆتایی پێ نەیە کە هێزێکی سیاسی ریزەکانی خۆی لە حیزبێکی سەرانسەری جیا کردۆتەوە، بەڵکوو ئەو هەنگاوە کۆمەڵێک هەل و دەرفەتی نوآش لەگەلڕ خۆی بەدیاری بێنێ، بۆ ئەوەی بتواندرآ هێزەسیاسی‌یەکانی کوردستان ئاسانتر لە دەوری پرۆژەیەکی نەتەویی کۆ ببنەوە.
کۆمەڵە لە دوای هاتنە دەری لە حیزبی کومۆنیستی ئێران، بە مەبەستی وەڵام دانەوە بە مەسەلەی نەتەوەیی، فیدێرالیزم بەرێگاچارەسەرێک بۆ چارەسەر کردنی مەسەلەی کوردی دەزانێ .
- یەکیەتی شورشگێڕانی کوردستان
لە دایک بوونی یەکیەتی شۆرشگێرانی کوردستان دەگەرێتەوە بۆ جەنگەی ڕاپەرینە مەزنەکەی ساڵی 1991 لە باشووری کوردستان. لە راستی دا دەتوانین بڵێین، بۆ یەکەم جار بوو کە لە مێژووی سیاسی هاوچەرخی کورد لە رۆژهەلاتی کوردستان، ژمارەیەک لە رووناکبیرانی کورد بە کۆمەڵ قاوغی حیزبێکی سەرانسەری تووڕهەڵدەن و خوێندنەوەیەکی بە تەاوی دیکە بۆ چالاکی خۆیان و بۆ دۆزی کورد بێننە گۆرێ. ئەوان توانیان لە ماوەیەکی کورت دا بە رابوردووی کار و تێکۆشانی خۆیان دابچنەوە. وەک هێزێکی کوردستانی خۆیان پێناسە بکەن و بڵێن: " ئێمە دەمانەوێ ئەو سامە بشکێنین و بە راشکاوی بڵێن کوردین و خەڵکی وڵاتی داگیر کراوی کوردستانین و هەڵوێستیشمان لە سەر ئەو ئەساسە دیاری دەکەین، بە بێ ترس و لەرزی سیاسی لەوەی کە پێمان بڵێین تەجزییەتەڵەب" (بروانە نامیلکەی وت وێژ لە گەڵ شەهید سەعید یەزدانپەناه)
ئەگەر لە روانگەکانی هەر کام لەو سێ هێزەی کورد بنوارین. دەبینین مەسەلەی کورد و هەوڵ دان بۆ دۆزینەوەی چارەسەرێکی نەتەوەیی، خەمی سەرەکی هەرسێکیان پێک دێنێ. لەو نێوەدا پەسند کردنی ئەسڵی مافی دیاری کردنی چارە نووس بۆ ئەو بەرەیە، رەنگە بتوانێ بنەمایەک بۆ پێکەوە ژیانی ئازادانەیان لە چوارچێوەی بەرەیەکی کوردستانی دا بێ.
لە رابوردوو، واتە لە سەردەمی شەڕی سارد دا، پرەنسیپی بڕیاری چارەی خۆنووسین هەڵگری واتایەکی دوولایەنیی ناکۆکی هەبوو. لە لایەک پارێزگاری لە پاراستنی پیرۆزیی سنووری دەوڵەتەکان وەک ئەسڵێک سەیر دەکرا و لە لایەکی تریشەوە ئەو مافەی بۆ نەتەوەکان دەسەلماند کە چارە نووسی سیاسی و دوارۆژی خۆیان دیاری بکەن.
لە دونیای یەک جەمسەری دا و لە نەزمی نوێی جیهانی دا ئیتر پیرۆزی سنوورەکان ئەو گرینگی‌یەی جارانی نەماوە و لە ئاستی سیاسەتی نێونەتەوەیی دا پتر لای لێ دەکرێتەوە و زیاتر ئاوڕی لێ دەدرێتەوە. جگە لەوەش هەڵگرتنی ئەو دروشمە رێگا دەستی بەرەی کوردستانیئاواڵە دێڵێ بۆ ئەوەی بە لە بەر چاو گرتنی پارسەنگی هێز و چۆنیەتیی هەل و مەرجی سیاسی، یەکێک لە شێوەکانی مافی دیاری کردنی چارە نووس (ئۆتۆنۆمی، فیدرالی و....) وەک رێگا چارەیەک بۆ دۆزی کورد لەو دۆخە دیاری کراوەدا بەرز بکاتەوە.
ئەرکەکانی بەرە
ئەرکەکانی بەرەی کوردستانی گەلێک لەوە زیاترن کە من بتوانم لە هەموو لایەنەکانی بدوێم. بۆیە لێرەدا هەوڵ دەدەم بە کورتی گرینگ ترینی ئەو ئەرکانە بە شێوەی خوارەوە فۆرمۆڵە بکەم.
یەکەم: هەر لە ئێستاوە هەوڵ بدرێ هێزی پێشمەرگەی کوردستان بخرێتە ژێر دەسەلاتی فەرماندەییەکی هاوبەشی هێزەکانی بەشدار لە بەرە دا.
دووهەم: لە ئاستی نێونەتەوەیی دا مەسەلەی کورد لە رۆژهەلاتی کوردستان نوێنەرایەتی بکات و بە ناوی بەرەوە دیپلۆماسی و چالاکی‌یەکانی سازمان بدا و هەر بە ناوی بەرەی کوردستانی‌یەوە لە ناو کۆڕ و کۆمەڵە نێو نەتەوەیی‌یەکاندا بدوی و پشتگری بۆ دۆزی کورد وەدەست بێنێ.

سێهەم: بەرەی کوردستانی بیر لە دامەزراندنی مێدیایەکی کوردی بکاتەوە. بۆ ئەوەی چ لە ناو خۆ و چ لە دەرەوە باشتر خۆی و دۆزی کورد بە دونیا بناسێنێ.
چوارەم: بوونی بەرنامەیەکی روون و دیاری کراو بۆ قۆناغی ئێدارەی وڵات، یەکێکی دیکە لە ئەرکەکانی بەرەی کوردستانی‌یە کە پێویستە هەر لە ئێستاوە لە سەر بناخەیەکی دیموکراتی بەرنامەی‌بۆ دابندرێ.
پێنجەم: بەرەی کوردستانی هەوڵ بدا پێوەندەیەکی توندوتۆڵ لەگەل ڕێکخراوەکانی سەر بە نەتەوەکانی دیکەی ئێران پێک بێنێ. بەداخەوە هەتا ئێستا بزووتنەوەی کورد پتر هەوڵی داوە هاوپەیمانی حیزبە سەرانسەریەکانی ئێران بێ، نەک ئەو ڕێکخراوانەی کە نوێنەرایەتی نەتەوەیکی تایبەتی دەگرنە ئەستۆ. ئەزموونی رابوردوو نیشانی داوە کە مودێلی حیزبی سەرانسەری( بە هۆی قەوارەی حیزبەکەی و بەرنامەکەی) ناتوانێ دژایەتی لەگەل کۆ کردنەوە دەسەڵات لە ژێر چەپۆکی دەوڵەتی ناوەندی دا بکات و هەتا سەر هاوپەیمانی گەلانی زۆرلێکراو بمێنێتەوە.
کەندوکۆسپەکانی سەر ڕێگای پێک هێنانی بەرەی کوردستانی
ئاوڕێک لە رابوردوو. بە داخەوە هەتا ئێستا لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لایەنە سیاسی‌یەکانی ناو بزووتنەوەی کورد نەیان توانیوە وڵامێک بەم پێویستی‌یە بدەنەوە، بەڵکوو بە پێچەوانەوە، گرژیی و ئاڵۆزی و ناتەبایی و لە قۆناخێک دا شەڕی براکووژی، جیگای هاوکاری و هاوپەیمانی ئەوانی گرتووە.
یەکەم هاوپەیمانیتی هێزە سیاسەیەکانی کورد، ئەو کاتە بوو کە دەستەی نوێنەرایەتی گەلی کورد بۆ وت و وێژ لە گەل رژیمی تازە بە دەسەڵات گەیشتووی ئێران لە ساڵی 1359ی هەتاوی دا پێک هات. بەڵام ئەو هاوپەیمانی‌یە نەیتوانی ببێتە ئەزموونێکی سەرکەوتوو. لە کاتێکدا بەشی هەرە زۆری شار و ناوچەکانی کوردستان لە ژێر دەسەڵاتی هێزی پێشمەرگەی کوردستان دا بوو، ناکۆکی‌یەکانی دەستەی نوێنەرایەتی گەلی کورد نەیهێشت بە پشت بەستن بە پرۆژەیەکی نەتەوەیی، ئیدارەیەکی نەتەوەیی بوونیات بندرێ. حیزبی دیمۆکرات بە پشت بەستن بە رابردووی دوور و درێژی خەباتکارانەی، لە هاوکاری و پێکەوە کارکەرن دەپرینگاوە. کۆمەڵەش بە هۆی کاڵ و کرچی سیاسی، نە خۆی دەناسی و نە دۆزی کورد.
هەر بۆیە تەمەنی دەستەی نوێنەرانی گەلی کورد زۆر کورت بوو و بە هۆی ناکۆکی‌یەکانی ناو خۆیی نەیتوانی رۆڵی شیاوی خۆی ببینێ. بە کۆتایی هاتنی تەمەنی دەستەی نوێنەرایەتی گەلی کورد، پێوەندییەکانی نێوان کۆمەڵ و حیزبی دیمۆکرات پێی نایە قۆناغێکی گرژ و ئاڵۆزەوە. ئەگەر لە سەرەدەمی نوێنەرایەتی متمانەیی و ئاڵۆزی باڵی بە سەر پێوەندییەکانی حیزبی دیمۆکرات و کۆمەڵە دا دەکێشا، هێندەی نەخایاند لە ئاکامی پشت گوێ خستنی ناکۆکی‌یەکان و هەوڵ نەدان بۆ چارەسەر کردنیان"، شەڕی سارد " جێگای خۆی دا بە" شەڕی گەرم". کێشە لە سەر چەمکی " دەسەڵات" و "هێژموونی" هەوێنی سەرەکی ئەو شەڕە بوو کە لە ئاکامی ئەو دا زیانێکی گەورە لە بزووتنەوەی گەلی کورد کەوت.
لایەنێکی شەڕە کە بۆی گران بوو قەبووڵی ئەو راستی‌یە بکا، هێزێکی دووهەم پێی ناوەتە گۆڕەپانی سیاسی کوردستانەوە و خاوەنی پێگەی تایبەتی بە خۆیەتی و دەب، لە ئیدارەی وڵات دا بەشداری بکرێ. لایەنەکەی تریش بە پشت بەستن بە حەقانییەتی ئیدئۆلۆژی‌یەکەی کە خۆی تێدا بەند کردبوو، نەتەنیا بە دابەشکردنی دەسەڵات قایل نەبوو. بەڵکوو لە سیاسەت و لە بەرنامە و پراکتیکیدا، نکۆڵی لە نەخشی بەرینی لایەنەکەی تر دەکرد و بە کۆسپی سەر ڕێگای بزووتنەوەی کوردی لە قەڵەم دەدا و بوونی خۆی لە نەبوونی ئەوەی تردا دەبینی.
ئەم ناکۆکی‌یانە لەکاتێک دا هەر دولا خاوەنی هێزی چەکداری تایبەتی بە خۆیان بوون، نەیدەتوانی بەلووتکەی تەقینەوە و پێکدادانی چەکدارانە نەگات. باشترین ساڵەکانی تێکۆشانی کۆمەڵەو حیزبی

دیمۆکرات  که دەیتوانی بەرهەمی گەورەی لێ بەدی بێ، بە شەڕ لەگەل یەکتر تێپەڕ بوو. لەو شەڕەدا هیچ لایەک سەرکەوتو نەبوو. بەلام هەر دولایان و تێکڕای بزووتنەوەی رزگاری خوازانەی کوردستان خەساری گەورەی قەربوو نەکراوی لێ کەوت.
بەروە کولتوورێکی نوێ. ئاوڕدانەوە و تیشک خستنە سەر ئەو قۆناخە لە مێژووی بزووتنەوەی کورد، بە مەبەستی کولانەوەی برینەکانی رابوردوو، لە رۆژگاری ئەوڕۆ دا نییە. بەڵکوو بە مانای هەوڵ دانێکە بۆ لە دایک بوونی کولتورێکی نوێ و بۆ پێکەوە ژیانی بە ئاشتی. کولتورێکی شارستانی کە لەودا فرە چەشنی و فرە حیزبی لە خۆیدا جێ بکاتەوە و رێز لە جیاوازییەکان بگرێ. لەوانەش گرینگتر، بۆ ئەوەی ئەزموونی تاڵی رابوردوو بە شێوەیەکیتر دووپات نەبێتەوە، پێویستە بە تێڕوانینێکی نوێ و هاوچەرخانەوە بە چەمکی "دەسەلات"دا بچنەوە و مەشرووعییەتی دەسەلاتداریەتی خۆیان لە دەنگ دانی گەلەوە وەربگرن.
چاوی مێژوو. لە رۆژگاری  ئەمڕۆدا کۆمەڵی کوردەوەاری و بزوتنەوەکەی خۆی لە چرکەساتێکی جیاوازتر لە جاران دەبینێتەوە. ئێمە دەبێ تێگەشتنێکی تازەمان بۆ " سیاسەت" و " دەسەلات" هەبێ. بەو مانایە کە حیزبەکان بە جێگای ئەوە کە لە بیری بونیات نانی ئیمپراتووریەت بۆ خۆیان بن، هەوڵی ئەوە بدەن قەوارەیەک بۆ کورد پێک بێنن.
یەک ساڵ لەمەوبەر سکرتێری گشتی حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران لە هەڵوێستێکی بوێرانەی سیاسیدا رایگەیاند.
" ئێمە هیچ شەرتێکمان نییە بۆ هێزە سیاسییەکانی کوردستان. هیچ کەسیش حەزف ناکەین، داوای رەهبەریش ناکەین. رەهبەریش خەڵک هەڵی دەبژێرێ. تەنیا شەرتمان ئەوەیە کە هەموومان بە حوکمی خەڵک رازی بین. لە ئەوەڵین فورسەت دا ئێمە موراجیعە بە ئەفکاری خەڵکی بکەین. خەڵک چی ویست ئیتاعەتی لێ بکەین. "( بڕوانە کوردستان، ئورگانی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران، ژمارەی15 تایبەتی دوەرەوەی ولات. 30 رەزبەری 1381)
ئەم هەڵوێستە خۆی هەنگاوێکی دڵ خۆشکەرانەیە و جێگای خۆیەتی هێزەکانی تریش بەروونی هەڵوێستی خۆیان لەم بورانەدا روون بکەنەوە، بۆ ئەوەی بەرژەوەندی حیزبی باڵ بە سەر بەرژەوەندیی گشتی دا نەکێشێ و نەبێتە کۆسپ لە سەر رێگای پێک هێنانی بەرەیەکی کوردستانی. بە کورتی بڵێم: هێزە سیاسییەکانی کورد لە رۆژهەلاتی کوردستان  لە بەر دەم تاقی کردنەوەیەکی دژوار دان. ئێستا تەواوی چاوەکان لەوان دەنواڕێ.... هەروەها چاوەی مێژووش.

هەینی 2003/5/9

بلاو کراوە لە سایتی پێشمەرگەکان